

# بەشێک لە وتارو نووسراوەکانی

## هاوڕێ تاهیر قاسمی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پیرست:


١- وەفایەک بۆ وەفاداریّ ........................................................................ ٣

٢- ئەوکاتەی کوڕێژگەیەک بە گۆرانی خەونەکانی داگیرکەر پووچەڵ دەکاتەوە........................................ ٦

٣- محەممەدی مەولوودی کورد........................................................................ ٩

٤-"کۆمار"ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی "ژینا"........................................................................ ١٤

٥- شوکولاتێک بە تامی ژەقنەمووت........................................................................ ٢٠

٦- ژن - ژیان - ئازادی لە بەرنامە و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا........................................ ٢٤

٧- ئەو جۆرەی گەل دەیهەویّ........................................................................ ٣١

٨- لە پەراوێزی پەیامی هاوخەمی بۆ عاشوورای حوسێنی........................................................................ ٣٤

٩- چەمەریی شەهیدانی بۆکان ........................................................................ ٣٧

١٠- سەرەتای کۆتایی هێژمۆنیی ئێران لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست........................................................................ ٤٤

١١- جامانە سەروێنی یەکسانی و بەرابەریخوازی........................................................................ ٤٦

١٢- حیزب وەک سەنتەر، ستراتژیی حیزب وەک سەنتێز........................................................................ ٤٩

١٣ - کۆماری نەورۆزی مەشخەلانی کوردستان........................................................................ ٥٢

١٤- ژنانی کورد شێلگیر لە خۆسەلماندندا........................................................................ ٥٦

١٥- ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد........................................................................ ٥٩


١٦- چەخماخەی بزووتنەوەیەک، لە ئایچیی سەقزەوە هەتا ئەوپەڕی دنیا........................................ ٦٢

١٧- ئاتەش (بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند کاک برایمی قادری)........................................ ٧٠




سەرچاوە
Serchawe

## وەفایەک بۆ وەفاداری



کاری ئامادەکردنی بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی کوردستان گەیشتبووە کۆتایی کە خەبەر گەیشت بە داخەوە شەوی ٢٨ی خاکەلێوە، هونەرمەندی بواری موزیک و گۆرانی کاک قادر سەیاحی لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە شاری خۆی کۆچی دوایی کردوە. کاک قادر لەو هونەرمەندانە بوو کە ئەگەرچی ڕادەی گۆرانییەکانیان زۆر لە ژمارەی پەنجەکانی دەست زیاتر نین بەڵام هەرمانن. بەشی هەرە زۆری گۆرانییەکانیشی ئەو کاسێتە بوو کە ساڵی ١٣٥١ لە رادیۆ مەهاباد بە هاوکاریی ئۆرکێسترای موزیکی ئەو ڕادیۆیە تۆماری کرد. ئەو گۆرانییانەش کە بە گۆرانی هەرەتی لاوەتیی هونەرمەند دێنە ئەژمار، بەرهەمی کوڵ و کۆی دەروون و ئاگری ئەوین بە کیژێکی کورد بوو. ئەوینێک کە بە ئاکام نەگەیشت. ئەو گۆرانییانە بەرهەمی ئەو ئەوینە ناکامە و گۆرانیی دڵی هونەرمەندن و وەک دەڵێن ئەوەی لە دڵەوە بێ لە دڵیش دەنیشێ.

دوای ئەوە قۆناغی دووهەم لە ژیانی هونەریی هونەرمەند دەست پێ دەکا. قۆناغێک کە لەودا ئۆگرانی دەنگی ئەو هونەرمەندە زۆر گۆرانی لێ نابیستن. دەکرێ بڵێین غەیبەتێکی درێژماوە لە گۆرانیگوتنی هونەرمەند دێتە ئاراوە. لەوە بە دوا ئەو زیاتر وەک ژەنیاری کلارنێت، وەک ئاوازدانەر یان دابەشکاری موزیک لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەدا جێ پەنجەی دیارە. لەوانە هاوکاری لەگەڵ کاک عەزیز شارۆخ بۆ وێنە لە خوڵقاندنی مەقامی "تۆ دەریامی" یان دابەشکاریی موسیقای بەشێکی بەرچاو لە گۆرانیەکانی شەهید جەماڵی مفتی کاری نەمر قادر سەیاحین. هەر لەو قۆناغەدا بە بەشداریی لە بۆنە و کۆبوونەوە سیاسی و حیزبیەکانی دوای شۆرشی ٥٧ و ئەو دۆخە ئازادەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە ئاراوە، هونەرەکەی بۆ خزمەت بە ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەی بە کار هێنا.

کاک سەعید بەگزادە کە ئەو سەردەم یەک لە کادر دیارەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی مەهاباد بوو، بۆی گێڕامەوە کە؛ "پاش ئینشعابی کۆنگرەی چوار، ئێمە هەوڵمان دا زیاتر بە کاری هونەری خەڵک لە دەوری لاوان و حیزب کۆ بکەینەوە. کاک قادر خۆی و دەنگی و کلارنێتەکەی هەمیشە دەگەلمان بوو. لە شاری مەهاباد، بۆکان، دێهاتەکانی مەنگوڕایەتی چ کاری هونەریمان بووبێ (شانۆ) چ سوخەنرانی، کاک قادر لە بەرنامەکاندا دەگەڵمان بەشدار بوو".



کاک قادر سەیاحی کە دوای ئینقلابی ١٣٥٧ پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتبوو، و وەک پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا خەباتی دەکرد، ساڵی ١٣٥٩ بە هۆی ئاستەمتربوونی خەبات و پێشمەرگایەتی گەڕایەوە مەهاباد. ئەوەش ئەو سەردەمە بوو کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان و سەرکوتی خەباتەکەی تەرخان کرد. لەم قۆناغەدا تا ساڵی ١٣٦٦ جموجۆڵێکی هونەریی زۆر لە هونەرمەند قادر سەیاحی نابیندرێ. بەڵام لەو ساڵەدا کارەساتی شیمیابارانی هەڵەبجە هەم لە بەر قورسیی کارەساتەکە و قووڵی ئەو برینە لە جەستەی خەڵکی کورددا و هەمیش دوژمنایەتیی دوو داگیرکەری ئێران و عێراق لەگەڵ یەکتر، تا ڕادەیەک بواری بۆ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش خوڵقاند تا هونەرەکەیان بکەن بە زمانی هاواری نەتەوە زۆر لێکراوەکەیان. قۆناغی سێهەمی تێکۆشانی هونەریی نەمر قادری سەیاحی لەو سەردەمەدا هاتە ئاراوە. ئەو جار ئەو وەک مامۆستایەکی موزیکی کوردی گەڕایەوە نێو گۆڕەپانی هونەر. وەک ئەندامی کارای کۆڕی موسیقای سروە، بە گوتنی گۆرانی و ژەنینی ئامێری کلارنێت لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کۆنسێرتی بۆ لە قاودانی کارەساتی هەڵەبجە و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی ئەو شارە شیمیایی لێدراوە بەڕێوە برد. هەر لەگەڵ ئۆرکێسترای سروە کاری ئاوازدانان و دابەشکردنی مۆسیقای بۆ گۆرانیی کۆمەڵێک لە گۆرانیبێژان لەوانە عەلی زەندی و ئەحمەد لاوە کرد. ترۆپکی تێکۆشانی هونەریی هونەرمەند قادری سەیاحی لەو قۆناغەدا خوێندنی گۆرانی و سازکردنی بەشێک لە موزیکی فیلمی بووکی هەڵەبجە بوو.

ساڵی ١٣٧٨ بە کەلکوەرگرتن لەو دۆخە ئازادەی لە باشووری کوردستان هاتە ئاراوە، هونەرمەند قادر سەیاحی سەردانی

شاری هەولێری کرد و لە بەرنامەی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنیدا بەشداری کرد و گۆرانیی گوت. هەر لەو دەرفەتەشدا جارێکی




دیکە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی سەردەمی پێشمەرگایەتی دیداری نوێ کردەوە و وەفاداریی خۆی بۆ حیزبەکەی دووپات کردەوە. کاک مستەفا مەولوودی کە لەو دیدارەدا بەشدار بوو، گێڕایەوە کە لەو دانیشتنەدا "باسی پێشمەرگایەتیی خۆی، حیزبایەتی و ئۆگریی زۆری خۆی بە حیزبی دێموکرات و بە تێکۆشانی حیزبی دەربڕی و سۆز و خۆشەویستیی زۆری بۆ حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە".

تەرمی پیرۆزی ئەمر قادری سیاحی لەنێو ئاپۆرای ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هونەردۆستانی کورد، لە گردی شاعیرانی شاری مەهاباد تەسلیم بە خاکی پیرۆزی کوردستان کرا و ئۆگرانی بە گوتنەوەی گۆرانیی "هەر ئەمنم ئەو کەسەی ژینی بۆ تۆ ماوە" وەفا و خۆشەویستییان بۆ ئەو هونەرمەندە ئەمرە دووپات کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢

# ئەوکاتەی کوڕێژگەیەک بە گۆرانی خەونەکانی داگیرکەر پووچەڵ دەکاتەوە



لە هەفتەکانی ڕابردوودا، دەرکەوتن و سەرکەوتنی کوڕێژگەیەکی کورد لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی کێبەرکێی تەلەڤیزیۆنی، سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو بە دەنگی خۆش و چڕینی گۆرانیی هونەرمەندانی بە ناوبانگی کوردستان، توانی پلەکانی کێبەرکێ بەرەو قۆناغی کۆتایی ببڕێ. نێوەرۆکی گۆرانییەکانی هەڵگری پەیامی خۆشەویستیی نیشتمان، هاوار لەدەست زوڵمی زاڵم و سکاڵا لە دەست ئاوارەیی و دەربەدەری بوون. بڵاوبوونەوەی ئەو گۆرانییانە کە لە تەلەڤیزیۆنی سەرانسەریی ئێرانەوە بۆ بینەران و بیسەرانی سەرنجڕاکێش بوو، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشوازییەکی کەموێنەی لێکرا و بە جۆرێک کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕاچڵەکاند. بەڵام هۆکاری ڕاچڵەکاندنەکە بەتەنیا دەنگە خۆشەکەی، نێوەرۆکی گۆرانیەکانی یان بڵاوبوونەوەی لە تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامی نەبوو.

عەلی تووڵاوی یان تووڵابی کە وێدەچێ ناسناوەکەی لە گوندی تووڵاوی* سەر بە شارۆچکەی سەیوان لە پارێزگای ئیلام و لە باپیرانیەوە بۆ مابێتەوە، لە دایکبووی شاری کۆیەشتی سەر بە پارێزگای لوڕستانە. شارێکی کوردستان کە دانیشتووانەکەی بە زاراوەی لەکی دەئاخڤن. زاراوەیەک کە بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی ئاخێوەرانی، تا بەر لە پەرەگرتنی مێدیا و تۆڕی ئینترنێت، زۆر بە گوێی کوردانی دیکەی کوردستان ئاشنا نەبوو. زاراوەی جیاواز، هەڵکەوتی جوغرافیایی و شیعەبوونی ئایینی خەڵکەکە بەشێک لەو هۆکارانە بوون کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە سەدەی ڕابردوودا نەتوانێ بە شێوەی پێویست ئاوڕ لەو ناوچانە بداتەوە. هەر ئەوانەش تەماحی وەبەر داگیرکەر نا تا هەوڵ بدا زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دابڕێ و زیاتر هەوڵی ئاسیمیلەکردنی دانیشتووانەکەی بدا. بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتی ئەتۆمیزەکردنی شوناس بۆ ئەو ناوچەیەی گرتەبەر. ئاستەکردنی زاراوەی لەکی وەک زمانی سەربەخۆ

یان خستنە سەر زارانی وشەی «لەکستان» لە درێژەی سیاسەتی «ستان سازی» کە بە داخەوە جاروبار هێندێک لایەنی کوردییش ناشارەزا یان مەبەستدار لەو چەواشەکارییەدا پێ لە جێ پێی داگیرکەر دادەنێن، بەشێک لە هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ ئاسیمیلەکردنی ئەو ناوچەیە بوون. سیاسەتێک کە گەرەکیەتی دانیشتووانی ئەو ناوچانە تووشی سەرلێشێواویی شوناس و هۆویەت بکا و شوناسی کوردبوون و کوردایەتیان لێ بستێنێتەوە. بەڵام دەرکەوتنی عەلی وەک مێرمنداڵێکی کورد لە کۆهدەشتی لۆڕستانەوە، خەونەکانی ئەو سەد ساڵەی ڕابردووی دەسەڵاتەکانی ئیسلامی و پاشایەتی بۆ ئاسیمیلاسیۆنی ئەو ناوچانەی پووچەڵ کردەوە.

عەلی کوڕێژگەیەکی تەمەن سێزدە ساڵانە. ئەو تەمەنەش جارێ زۆر زووە تا وەک مرۆڤێکی سیاسی یان نەتەوەیی هەژمار بکرێ. هە بۆیەش بەشداریی ئەو بە دوو گۆرانی لە دوو هونەرمەندی تێکۆشەری کورد و هەڵبژاردنی ئەو گۆرانییانەی کە کەم و زۆر ئاوێتەی ژان و ئازارەکانی نەتەوەی کوردن، نیشانەی حزووری هەستی نەتەوەیی لە ناخی ئەو کۆمەڵگە پەراوێزخراو و تەماحلێکراوەی کوردستانە کە عەلی لێی لە دایک بووە و تێیدا گەورە بووە. ئەو هەر دوو جار بە داوەرانی کێبەرکێی نیشان دا کە لە گوتنەوەی گۆرانیی فارسیشدا شارەزاییەکی زۆری هەیە و گۆرانی گوتنی ئەو بە کوردی لە ڕووی ناچارییەوە نییە. بەڵام داوای ئەوانی ڕەد کردەوە کە بە گۆرانیی فارسی لە کێبەرکێدا بەشداری بکا و نەیشاردەوە کە زمانەکەی و هەڵکەوتی جوغرافیایی شار و ناوچەکەی لێی دەخوازێ گۆرانیی کوردی و لوڕی بچڕێ. بەم جۆرە پردێکی دیکەشی لە نێوان کورد و لوڕدا هەڵبەست. ئەو دوو ئامۆزا زاگرۆس‌نشینەی کە گەلێک هاوبەشی و هاوپێوەندیی مێژوویی، نەتەوەیی، زمانی و فەرهەنگییان لە نێواندا هەیە و بەرچاوترینشیان بێبەشیی نەتەوەیی بە درێژایی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێرانە. تەنانەت ئەو گۆرانییەش کە عەلی بۆ لوڕ و لوڕستانی گوت، هەر گۆرانیی بەرگری بوو.

بابەتێکی دیکە کە شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە، گرینگیی هونەر و ئەو پەیامەیە کە هونەرمەند لە ڕێی هونەرەکەیەوە بە بەردەنگی دەگەیەنێ. لێرەدا باس لە ئەرکی نەتەوەیی هونەرمەندی سەر بە نەتەوەی ژێردەست و کاریگەریی هونەری بەرگری نەتەوەییە. نەتەوەیەک کە لەلایەک لەوپەڕی بێ مافیدا ڕاگیراوە و لەلایەکی دیکە ڕۆژانە لە ماڵەوە، لە قوتابخانە، لە شەقام و هەموو جێیەک بۆردومانی فەرهەنگی دەکرێ تا خۆی لە بیر بچێتەوە و لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی باڵادەستدا بتوێتەوە. نێوەرۆکی ئەو گۆرانییانەی عەلی بەئانقەست یان بە هەڵکەوت هەڵی‌بژاردن، مۆری بە جێگەیاندنی ئەرکی نەتەوەیی هونەرمەندی سەر بە نەتەوەی بندەستیان پێوەیە. شێعری شاعیری نەتەوەیی کورد مامۆستا هێمن لە هەردووی ئەو گۆرانییانەدا حزووری هەیە. هەروەها هەردوو هونەرمەند عەزیزی شاڕوخ و ناسری ڕەزازی کە خاوەنانی هەر کام لەو گۆرانییانەن، بە هونەرمەندانی نەتەوەیی کورد دێنە ئەژمار و بەشێکی بەرچاو لە کارەکانیان دەکەوێتە خانەی هونەری بەرگریی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە. ئەم شێعر و گۆرانییانە پەیامێکیان بە عەلی تووڵاوی و هاوتەمەنەکانی لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندوە کە ڕەنگبێ بە دەیان وتار و بابەتی سیاسی نەدەگەیەندرا.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیەشە کە گەلی کورد شانازیی بەو هونەرمەندانەی خۆی دەکا و ئەوانیش حەقیانە بە کاریگەریی هونەرەکەیان لە سەر ئەو وەچەیە دڵخۆش و سەربەرز بن کە لە ژێر تەوژمی ڕەشەبای ئاسیمیلاسیۆندا وەک نەمامێکی بە هێز و خۆڕاگر خەریکن گەشە دەکەن و دەشنێنەوە.

***

* تووڵاو لە دوو بەشی توول یان توولە لەگەڵ ئاو چێ بووە. وەک توولەڕێ. بە واتای جۆگەلە ئاوی باریک و درێژ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## محەممەدی مەولوودی کورد.




ماوەیەکە وەک جاران لە خوێندنەوەدا بە بڕشت نیم و کار و گرفتی ڕۆژانەش ئەوەندە کاتت بە دەستەوە ناهێڵێ بەڵام "کوردبوون"ی کاپیتان حەمەدی مەولووده چرچم یەکبین خوێندەوە.

کەمتر وا هەبووە کتێبێک دوو جار بخوێنمەوە بەڵام "کوردبوون"م جارێکی دیکەش خوێندەوە. هەڵدەگرێ جاری دیکەش بیخوێنمەوە. ئەوەندەی کار لە سەر کردم کە ڕەنگە بۆ ماوەیەک نەتوانم بگەڕێمەوە سەر خوێندنەوە و نووسینی ئەو بابەتانەی لە بەر دەستم دان. جاری وایە کە هەستێک دامدەگرێ، تەنیا بە نووسین دەتوانم خۆمی لێ دەرباز بکەم. ئەم بابەتەش بۆیە دەنووسم تا تەمی کارەساتەکانی "کوردبوون" لە سەرم بڕەوێ و بتوانم بگەڕێمەوە سەر کارەکانی خۆم نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت بۆ ناوچەی موکریان و شاری مەهاباد، سەردەمێکی پڕ لە ڕووداو و کارەسات بوو. ناوچەیەک کە ببوو بە گۆڕەپانێک بۆ ململانێی سیاسی و چەکداریی دەسەڵاتە ناوچەیی و جیهانییەکان. بە تایبەت ململانێی نێوان دوو زلهێزی عوسمانی و ڕووس. ئیعدامی چەندان کەس لە ڕێبەرانی سیاسی و ئایینیی ناوچەکە، کوژرانی سەرکۆنسوولی ڕووس، کۆمەڵکوژ کردنی خەڵکی سابڵاغ لە لایەن سپای ڕووس، قاتی و قڕبوونی خەڵکی ناوچەکە لە برسان، سەرهەڵدانی نەخۆشیی گشتگیری تاعوون، شۆرشی سمکۆ و هاتنی بۆ ناو شاری مەهاباد، قەدەغە کردنی جلوبەرگی کوردی لە لایەن دەسەڵاتی ڕەزاشا، دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، دامەزرانی حیزبی دێموکرات،

کۆماری کوردستان و سەرەنجام ڕووخانی کۆمار و ئاوارە بوونی تێکۆشەران لە ڕووداوە زۆر گرینگەکانی ئەو سەردەمەن. حەمەی مەلوودە چرچ پێ بە پێی ئەو ڕووداوانە خڕەکە بووە، گەورە بووە، بوو بە لاو، بوو بە پیاو و سەرەنجام وەکوو باهۆی چەک بە دەستی ژێکاف و دواتر وەک کاپیتان و فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە لە حکومەتی کۆماری کوردستاندا تێکۆشا. ئەو لە کوردبووندا پێ بە پێی گەورە بوونی خۆی، لەو ڕووداو و پێشهاتانەشمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی خوێنەری کورد پێشتریش لە زمان کەسانی دیکەوە کەم و زۆر لە گەڵ گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە ئاشنایە بەڵام ئەوەی کوردبوون لە زۆربەی گێڕانەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاواز، ئازایەتی لە گێڕانەوەدا و ژیانی نووسەر لە گەڵ ڕووداوەکانە.

کاپیتان ئەوەندەی چەرمەسەری لە ژیاندا دیتووە و ئەوەندە لە ناو چەقی کارەسات و ڕووداوەکاندا ژیاوە، پێی حەیفە نەیانگێڕێتەوە، پێی حەیفە ئەوەی دیتوویەتی نەنووسرێتەوە و ئەوەی بە سەری هاتووە لە گەڵ خۆی بچنە ژێر گڵ. بۆخۆی خوێندەوار نییە. وەک دەڵێ کەچە سەوادێکی لە زینداندا پەیدا کردووە بەڵام تێیرانابینێ دەرەقەتی نووسینەوەی ئەو هەموو کارەساتانە بێ. هەر دەست بە قەڵەمێکی دیتبێ، پرێسکەی دڵی خۆی بۆ کردۆتەوە تا بەڵکو ئەو دیکۆمێنتە مێژوویییانەی کە ئەو لە سینگی خۆیدا هەڵیگرتوون، لە فەوتان ڕزگار بکا. بەرپێژەکانی بە تەواوی هەست بەو گرینگییە ناکەن. یان لانیکەم کاپیتان پێی وا بووە ئەوان گرینگی بە داواکەی نادەن. ناچار بۆخۆی دەست دەداتە قەڵەم و بە کوێرەکوێر و دەستەکوتە دەیاننووسێتەوە. بەڵام وا دیارە ئەمجار دۆستان و ناسیاوانی، ئەو بە شایانی نووسینەوەی ئەو بیرەوەریانە نازانن. یان ڕەنگە پێیان وابووبێ شتێک دەنووسێتەوە کە "زیانی بۆ پەز هەبێ." چەند جار دەسنووسەکانیان لێ وەرگرتووە و لێیان دە قۆلە هاویشتووە. ئاخر جاریش ترساندوویانە و ناچاریان کردووە بیانسووتێنێ و بیانبەتڵێنێ. بە خۆشییەوە خۆشەویستیی کچانەی یای ڕووناک بۆ باوکی و بە پێچەوانە، دە فریای ئەو دەسنووسە خواروخێچ بەڵام پڕ بەهایانە کەوتووە. ئەوەی ماوەتەوە بە هەوڵ و پێداگریی ئەو تاقە یادگارەی غەریبایەتیی کاپیتان، لە سەر کڵی ئاگر گەڕاوەتەوە و لە سووتان و فەوتان ڕزگار کراوە. دوای ڕزگار کردنیان لە سووتان، بێ ئەوەی بزانێ چیان تێدا نووسراوە، بۆ ماوەی چەند دەیە لە سندووقە یادگاریەکەی باوکیدا وەک گلێنەی چاوەکانی دەیانپارێزێ. دوا جاریش کاک وریای مامێ نەوەی کاپیتان، کە هەست بە بوونی ئەو دەسنووسانە دەکا، سۆراغیان دەگرێ، وەریاندەگرێ، کاریان لە سەر دەکا، ساغیان دەکاتەوە، بەڵگەمەندیان دەکا و لە توێی کتێبێکدا پەڕاوێز و پاشکۆی بۆ دەنووسێ، وتە و لێدوانی ئاگادارانی بۆ وەردەگرێ و ئەوانەی پێشتر لە بارەیەوە نووسراون یەک بە یەک کۆیان دەکاتەوە و وەک گەنجینەیەک لە مێژووی زارەکیی کورد بە دەست خوێنەری تامەزرۆی دەگەیەنێ.

حەمەی مەولوودە چرچ سەر بە چینی هەرە هەژاری کۆمەڵگای ئەو سەردەمی کوردستانە. سەرەڕای هەژاری، گەورە بوون لە بن دەستی زڕدایکێکی هار و باوکێکی پێمل بە قسە و بڕیاری زڕدایک، ژیانی ئەویان هێندەی دیکە سەخت و ئاستەم کردووە.



سەرچاوە Serchawe

بەڵام حەمە لە کوردبووندا وێڕای گێڕانەوەی بەدبەختیەکانی ژیانی خۆی، لە ڕووداوەکانی دەوروبەری غافڵ نییە. سەرەڕای دەربڕینی ناخی خۆی، کۆمەڵگاکەیشیمان کەم و زۆر پێ دەناسێنێ. ئازایەتی، پاکی و ڕاستگۆیی لە گێڕانەوەدا وا دەکا کە ڕووداوەکانمان زۆر بە ڕوونی پێشان بدا و هۆ و ماکەی زۆر ڕووداو و کارەساتیشمان بۆ ڕوونتر بکاتەوە. بۆ وێنە کاتێ کۆمەڵکوژ کردنی خەڵکی سابڵاغ لە لایەن لەشکری ڕووسانمان بۆ دەگێڕێتەوە و تەنانەت دیمەنی پەڕاندنی سەر خەڵکەکەمان وەک فیلمێک پێشان دەدا، پێشتر بۆمانی ڕوون کردۆتەوە کە ئەو خەڵکە چۆن بە دین فریو درابوون و شێخ و مەلا و قازی و خەلیفە چۆن دەستیان دە دەستی دەسەڵاتی تورک نابوو تا لەو خەڵکە هەژارە هێزی شەڕکەر بۆ سپای عوسمانی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا کۆ بکەنەوە:

**"(لەشکری تورکان) ڕۆژی جومعان بۆ نوێژی جومعە بە مەشقی سەربازی دەهاتنە مزگەوتی سوور. عالەمی ئەو شارە وەک پەنجەی دەستان دەهاتن بۆ زیارەتی ئەو تورکانە. زۆر کەسی وا بوو زەیارەتی دەستگیر نەدەبوو بە هەناسەساردی دەڕۆیشتەوە ماڵ وەک بڵێی دونیا کۆتایی پێهاتبێت."**

**یان؛**

**"(تورکەکان) لەشکرێکی زۆریان لە خەڵکی سابڵاغ کۆ کردەوە کە بەشی هەرە زۆریان خۆبەخش بوون. خۆشییان دە دڵیدا دەگەڕا کە دەچن بۆ خەزایە. پێیان وا بوو بێتوو بکوژرێن ئەوە شەهیدن و نەشکوژرێن، ئەوە بەشداری خەزایان کردووە و فەرزی ئیسلامیان بە جێ گەیاندووە."**

دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و دواتر کۆماری کوردستان، وێستگەیەکی زۆر گرینگ لە ناوەڕۆکی کوردبوونە. لەو بەشەدا خوێنەر لە زمان کرێکارێکی نەخوێندەوار و سەر بە چینی هەژاری کۆمەڵگای ئەو سەردەمی مەهاباد جموجۆڵەکانی کۆمەڵە، کێشە ناوخۆییەکانی، هەڵکرانی ئاڵای کوردستان و دامەزرانی کۆمار، کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و کاربەدەستانی دیکەی کۆمار دەخوێنێتەوە. لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگای کوردستان لە حاند کۆماری کوردستان و دەسەڵاتی ناوەندیی تاران حاڵی دەبێ. هەر لە ئەوانەوە کە ڕاستەوخۆ دژی کۆمار بوون و هێندێکیان بڕیاری کوشتنیان درابوو تا ئەوانەی لە سەرەوە لە گەڵ کۆمار و لە بنەوە لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەند بوون و ئەوانەش کە دەست بە گۆچان لە گەڵ کۆمار دەڕۆیشتن و نەیاندەویست پردی دواڕۆژی خۆیان بڕووخێنن. خوێنەر ئەو زانیاریانە لە هزر و ڕوانینی کەسێکەوە وەردەگرێ کە بۆخۆی نە سەر بە چینی دەسەڵاتداری شێخ و ئاغا بوو، نە فەقێ و مەلای ناو حوجرە و مزگەوتان و نە لە خوێندەوارانی سەر بە چینی وردە بورژوای شار کە سەرجەم کورسیەکانی بەڕێوەبەریی کۆماریان پڕ کردبۆوە. ئەو پێشمەرگەیەکی نەخوێندەواری تا سەر ئێسقان کورد بوو. لەوانەی دواتر بە هەراوی تێکەڵ بە



سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان بوون و لە پێناو سەرخستنی خەباتی نەتەوەکەیاندا، دەریایەک خوێنیان دا بێ ئەوەی چاوەڕوانی نان و ناوێک لە خەباتەکەیان بکەن. کاپیتان محەممەدی مەولوودی لەو کەسانە بوو کە بەو پەڕی سەداقەت و لە خۆبوردوییەوە لە خزمەت کۆماردا، دژ بە دوژمن "دواڕۆژ و مواڕۆژی تێدا نەهێشتەوە". لەوانەی کە تا ئێستا کەمتر خزمەتەکانیان دیتراوە و لە دواڕۆژی خەباتدا کەمتر خوێندراونەتەوە.

بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکانی کاپیتان، بۆ سەردەمی ڕووخان و دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئاوارە بوونی ئەو و تێکۆشەرانی دیکە دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە ژان و ئازارەکانی هەڵاتن و ئاوارەیی بگەڕێین، فیداکاری و لەخۆبوردوویی خەڵکی باشووری کوردستان بۆ ڕزگار کردن و داڵدەدانی تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان لە زمان نووسەرەوە مچوڕک بە لەشی خوێنەردا دێنێ و شانازیی کوردبوون بە خوێنەری کورد دەبەخشێ. تەنانەت شێخەکان کە پێشتر حەمە لە دیوی کوێستان بە دەستیانەوە دەیناڵاند، لە دیوی گەرمێن بۆی دەبن بە پشت و پەنا و ئامادەن لە سەر ئەو ململانێ لە گەڵ دەسەڵاتە داگیرکەرەکان بکەن و مریدان و نیزیکانی خۆیانی بۆ فیدا بکەن.

کوردبوون خاوەنی چەندان تایبەتمەندییە کە ئەگەر کاک وریا نێوەنێوە خەتە خوار و خێچەکەی کاپیتانی دانەنابا و بەردەوام وەبیری نەهێنابا‌وە، خوێنەر هەستی نەدەکرد نووسینی کەسێکی کەم خوێندەوار و کەم ئەزموون لە نووسیندا دەخوێنێتەوە. بە خوێندنەوەی کوردبوون گەلێک وشەی کەمتر لە بیر ماوی وەک زنج، قارەوانە، جامین، بادەوە، هۆمەن، گرژاڵ و... وەبیر هێنراونەتەوە و زیندوو کراونەوە. ناوی زۆر شوێنی وەک باغی حەسەنخان، مێشەی کوردان، باغی ساوا (پەڕاوێز)و.. کە لە گۆرانیاندا تۆمار کراون و لە یاداندا نەماون لە کوردبووندا تۆمار کراونەتەوە و وەبیر هێنراونەتەوە. تەنانەت لە گێڕانەوەشدا تووشی شێوازێکی شیرین و کەمتر دەکارهاتوو دەبین. زۆر جار زەمانی گێڕانەوەی ڕووداو دە ناو ڕووداودا بۆ زەمانی حاڵ دەگۆڕێ. ئەو شێوە گێڕانەوەیە ئەگەرچی لە زمان بە ساڵاچووانی ناوچەکەوە دەبیسترێ بەڵام لە نووسیندا کەمتر باو بووە؛ "... (زڕدایکم) وەسەر پلیکانان دەکەوێ و منیش بە دووی دا. بۆ چما هەر دوو مەنجەڵان لەو حەوایەی ڕا بە سەرمدا نادا! لەو سەرەی ڕا خوللۆر دەبمەوە خوارێ و دەمرم و گیانم دەبەردا نامێنێ.." سەرەتا کە دەستم بە خوێندنەوە کرد و تووشی ئەو حاڵەتە هاتم، هەستم بە قۆرتێک لە خوێندنەوەدا کرد. لە دڵی خۆمدا گلەییم لە بەڕێز وریا ماملێ کرد کە بۆچی ئەو شێوە گێڕانەوەیەی نەگۆڕیوە و نووسینەکەی ڕەوان نەکردووە بەڵام کە زیاتر دەنێوە چووم و لێی ڕاهاتم، هەستم کرد ئەو شێوەیە چێژێکی زۆر خۆش و تایبەتی بە گێڕانەوەکان داوە.

سەرجەم بەشەکانی کوردبوون و یەک بە یەکی بەسەرهات و ڕووداوەکان لە زمان کاپیتانەوە بۆ ئەوە دەبن هەڵوێستەیان لە سەر بکرێ و لە سەریان بنووسرێ. ژیانی کاپیتان پڕاوپڕە لە خەبات و ئازایەتی. ئەگەر لەوە زیاتر خوێندەوار با یان دەست بە قەڵەمێکی بە توانا و دڵسۆزی وەک یاشار کەمالی بە دەورەوە با، بەسەرهاتی حەمەدی مەولوودی زۆر لە هی

حەمەدۆک ئەستووتر و سەرنجڕاکێشتر دەبوو. سەرەڕای فەوتانی بەشێکی گرینگ و بەرچاوی دەسنووسەکان، کتێبەکە پڕە لە گێڕانەوەی ڕووداوی سەرنجڕاکێش و زیاتریش تراژیک و خەمهێنەر. بەڵام تراژێدیترین بەشی کوردبوون ئەو بەیانییەیە کە دەسەڵاتی پاشایەتی لە تاران ڕووخاوە، کوردستان کەوتۆتەوە دەست هێزی پێشمەرگە، کاپیتان بلیتی فڕۆکەی بڕیوە، بۆینباخی بەستووە و لە خۆشی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە چاوەڕوانیی هاتنی کچەکەیدا کە قەرارە بە دوایدا بێ و بیبا بۆ فڕۆکەخانە، لە سەر مۆبلەکەی دڵی تۆقیوە. لەوێ، خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەو هەموو کارەسات و بەسەرهاتە لە پێناو کوردبووندا، هەست بە لە دەستدانی یەک لە شەیداترینەکانی کوردستان دەکا و داخ و مخابن بۆ گۆڕغەریب بوونی ئەو خەباتکارە لە هەناویدا پنگ دەخواتەوە. خەباتکارێکی دڵسۆز کە شایانی ئەوەیە لە گۆڕەپانێکی شارەکەیدا پەیکەری بۆ بڕازێندرێتەوە تا لە گوێن نووسراوی سەر کێلەکەی، ناوی "محەممەدی مەولوودی کورد" بۆ هەتاهەتایە لە یاد و هزری شارەکەی و وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی جووڵای ٢٠٢٢

---

# "کۆمار"ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی "ژینا"



لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی دوای مەرگی ژینا، بابەتێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەو لاوە بەشدارانەی کە دینامۆی سەرەکیی ئەو خۆپێشاندانانەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەستی دەکرد. بابەتەکە ناوی کەسی بە سەرەوە نەبوو بەڵام خۆی وەک باوکی لاوێکی هاوتەمەنی ئەو لاوانە ناساندبوو. بەڕواڵەت لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بوو. لە نێوەرۆکدا ئەو لاوانەی وەک وەچەی ئینترنێت و گەیم و یاریی کۆمپیوتێری پێناسە کردبوو.

بە پێی بابەتەکە ئەوان کەمتر وەک مرۆڤی ئاسایی و زیاتر وەک مرۆڤێکی بێ ڕۆح و وەک ڕۆبۆت بەشداریی لە سەرهەڵدانەکاندا دەکەن و شەهیدبوونیشیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەروەک کوژرانی کاراکتەرێکی ناو گەیم و یاری وایە. ڕەنگە هەر ئەو بابەتە و ئەو ڕوانینە بوو کە دواتر وەک ڕوانگەی حکوومەتی لەسەر کۆی شۆڕشەکە و ئەو توێژە پێشڕەوەی خۆپێشاندانەکان لە زمان کاربەدەستانی ڕێژیمەوە خۆی نواند. یان ڕەنگە بابەتەکە هەر لە بنەڕەتدا لەلایەن دەزگای پڕوپاگاندای کۆماری ئیسلامییەوە نووسرابوو بۆ ئەوەی خۆپێشاندەران لە مرۆڤی ئاسایی و لە خەڵک هەڵاوێرێ و لە ئاکامدا سەرهەڵدان و شۆڕشەکە بە کارێکی منداڵانە، "ماجەراجوویانە" و بێئامانج لە قەڵەم بدا.

سروشتی سەرهەڵدان و شۆڕشەکان وایە کە لاوان دینامۆی سەرەکیی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونن. لە ئاکامیشدا زیاترین

خوێن و قوربانی پێشکەش دەکەن. ئەوەش لە سروشتی لاوان خۆیاندایە. تایبەتمەندیی مرۆڤ وایە کە تا تەمەنی زیاتر هەڵدەکشێ، خۆپارێزتر دەبێ و هاوکات هێز و وزەی لاوانەش، بە هەڵکشانی تەمەن کز و کزتر دەبێتەوە. ئەوەش پێوەندی بە سەردەمی ئینترنێت یان گەیم و یاریی کۆمپیوتێرەوە نییە. پێشتریش وا بووە و دواتریش هەر وا دەبێ و شۆڕشی ژیناش لەوە بەدەر نییە.

ئەم وەچەیەی کە ئێستا لە شەقامەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشەنگایەتیی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان دەکا وەچەی لە دایکبووی دەیەکانی حەفتا و هەشتای هەتاوییە کە تەمەنیان لە نێوان پازدە بۆ بیست و پێنج ساڵدایە و لە باری کۆمەڵناسییەوە بە وەچەی Z یش بە ناوبانگە. حاشاهەڵنەگرە کە ئەوان وەچەی سەردەمی پەرەگرتنی کۆمپیوتێر و گەیم و ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، لێ ئەو ئامرازانە نەک هەر ئەو لاوانەیان نەکردووە بە مرۆڤی بێڕۆح و ڕۆبۆت بەڵکوو لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی و لە دووریشەوە ئەوە دەردەخا کە بەپێچەوانە ئەوانە ئەوانیان کردووە بە وەچەیەکی زۆر تێگەیشتوو و لە وادەی خۆیان پێگەیشتووتریش. بە داخەوە بارە ئەمنیەتییەکە ئەوەندە قورسە کە مرۆڤ لە دوورەوە نازانێ کێ لەو خۆپێشاندانانەدا بەشدارە و پێکهاتەکەیان چۆناوچۆنە بەڵام هەر ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئیمکانەیان پێکهێناوە کە دوای شەهیدبوونی هەر خۆپێشاندەرێک، سەرەتایەک لە بیرکردنەوەی، ئاستی زانیاری و چۆنیەتیی ژیانی بزانین. بۆ وێنە شەهید پەیمان منبەری تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەردا لەدایک بووە و لە کاتی پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی باشووری کوردستانیشدا جارێک دەستبەسەر کرا، پێش ئەوەی کە ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر لە خۆپێشاندانەکانی سنەدا شەهید بێ،

لە ژێر تیتری "ئەوە دەبێ بە باشترین شەممەی مێژوو" لە ستۆریی ئینستاگرامەکەیدا ئاوای نووسی:

ناڕەزایەتی دەردەبڕین
مان دەگرین
تەنانەت وەک خۆیان دەڵێن
تێکدەدەین
ئاژاوە دەگێڕین
کەسێ کە بێتە سەر ڕێمان
بەرەنگاری دەبینەوە
با بریندار بین
با شەهید بین
شەقامەکانی شاریان لێ دەکەین بە دۆزەخ

تا گەیشتن بە سەربەستیی یەکجارەکیی خەڵکەکەم
بنەماڵەکەم و شارەکەم
بەردەوام دەبم.

هێندێکیان پێش ئەوەی شەهید بن، هەستی خۆیانمان بە شێعری شاعیرێک لە ئەکاونتەکانیاندا بۆ بە جێ دەهێڵن.

کۆپلەیەک لە شێعری "تا نیوەی ڕێگە هاتووین"ی عەبدوڵڵا پەشێو، دوا ستۆریی شەهید زەکەریا سولەیمانی تەمەن ١٦ ساڵ پێش شەهید بوونی بوو:

تا نیوەی ڕێگە هاتووین
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!
شەهید شاهۆ خزری بە بەیتێک شێعری "لە بەندیخانە"ی قانعەوە بەرەو پێشوازی مەرگ چوو:
"گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەر دانواندن کاری نامەردانەیە"

دیارە هەموو ئەوانەی کە بەشدارن یان شەهید دەبن ئۆگری شێعر و ئەدەبیات نین بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان بە جۆرێک هەستی پاکیان لە ئەکاونتەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. شەهید سمکۆ مەولوودی دوا جار سروودی "بە تەنیا جێم مەهێڵن"ی هونەرمەند "عەلی عابدی" گوتەوە کە سروودی کاتی ناشتن و یادی چلەی ژینا بوو. شەهید فەرجاد دەروێشی بە جامانە و جلی پێشمەرگانەوە وێنەی بەجێ هێشت.

شایەتیدانی بنەماڵەی شەهید لەنێو ئەم دۆخە ئەمنیەتییەدا کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە، ڕێگایەکە کە دوای شەهیدبوونیان، بتوانین سەرەتایەک لە ڕوانین و بیرکردنەوەی شەهیدەکان بزانین. باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا لە چلەی مەرگی کوڕەکەیدا گێڕایەوە؛ ئەو هەم زۆرانباز بوو و هەم حافزی قورئان. پێم گوت؛ مەچووە نێو ئەم ئالۆزییە. خۆ من کەسم نییە، تۆ لە جێگای باوک و برامی. پێی گوتم؛ باوکە! ئەمە چ قسەیەکە تۆ ئەیژی؟ مەهساش هەر یەک دانە بوو. ئەگەر خوێنێک نەڕژێ، شۆڕشێکیش ڕێک ناخرێ!

بنەماڵە زۆر جار سەرچاوەی هزر و بیری ڕۆڵەکانیانن. ئەوە تەنیا باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا نەبوو کە لە چلەی مەرگی ئازیزترین کەسیدا شۆڕشگێڕانە هاتە سەر گۆڕی ڕۆڵە شەهیدەکەی. تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە سەقز بنەماڵەی شەهید فەرەیدوون مەحموودی، لە دیواندەرە بنەماڵەی شەهید فوئادی قەدیمی، لە قەسری شیرین بنەماڵەی شەهید ئەفشینی ئاشام، لە سنە بنەماڵەی شەهید سارینا ساعێدی و لە شائاباد بنەماڵەی شەهید سەعید محەممەدی شۆڕشگێڕانەترین بۆنەیان لە کاتی ناشتن یان لە چلەی شەهیدەکانی ئەم شۆڕشەدا پێکهێنا و بۆنەکەیان کرد بە مەیدانێکی دیکەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی. بنەماڵەی شەهید پەیمان مینبەری لە سنە بە سروودی ئەی ڕەقیب تەرمی ئازیزی ڕۆڵەکەیان ناشت. لە مەهاباد سەرجەم شەهیدەکان بە سروودی ئەی ڕەقیب نێژران و بە سروودی ئەی شەهیدان ماڵاواییان لێ کرا. لە سەر داوای بنەماڵەی شەهید کوبرا شێخە، سروودی "شەهید" لە بڵیندگۆی مزگەوتی سەعدیی مەهابادەوە بڵاو کرایەوە. هاوسەری شەهید فریشتە ئەحمەدی بە شانازییەکی گەورەی زانی کە ئیدی ناویان چووە ڕیزی بنەماڵەی شەهیدانەوە و ماڵی باوکی شەهید فریشتەش لافیتەیەکی گەورەیان بە هەیوانی ماڵەکەیانەوە هەڵواسی و شەهیدبوونی کچەکەیان لە خەڵکی سەردەشت و سەرجەم گەلەکەی پیرۆز کرد.

بەڵام لە نێو ئەو شەهیدانەدا، ناو، ژیان و شەهیدبوونی لاوێکی مێرمنداڵ زۆر سەرنجی ڕاکێشا؛ شەهید کۆمار دەرئۆفتادە. ناوی کۆمار بە تەنیاش جێگای سەرنج و تێفکرین بوو کە باوکی کۆمار لە کاتی ناشتنەکەیدا زۆر زوو وەڵامی پرسیاری نەکراوی خەڵکی دایەوە؛ "کوڕەکەم لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لە دایک بوو، بۆیە ناوم لێنا کۆمار". کاک حەسەن دەرئۆفتادە لە خۆشەویستیی کۆماری کوردستاندا ناوی لە کوڕەکەی نا. کۆماریش وەک کۆماری کوردستان تەمەنی کەم و زۆر زوو شەهید بوو. بەڵام ئەویش لە دوای خۆی کۆمەڵێک یادگاریی وردیلە و شیرینی بۆ بە جێ هێشتین. لە ئالبۆمی وێنەکانیدا، کوڕێکی جوانی کورد و پڕ لە هەستی کوردانە دەبینرێ. وێنەیەکی پێمان دەڵێ کۆمار هێشتا دە ساڵانەیە کە لە گوندی قاسملوو، لە نیزیک ماڵی باوکی قاسملووی ڕێبەر، بە جلی کوردییەوە ڕاوەستاوە. وێنەکانی دیکەشی بە جلی کوردییەوە دەربڕی شوێنەواری ئەو ناوەن کە بنەماڵەکەی بۆیان هەڵبژاردووە و ئەو هەستەن کە مام و ئامۆزاکانی لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتییەوە پێیان داوە و دایکی کە دواجار لە ڤیدیۆیەکیدا ئاڵا و جامانە بە سەر گۆڕی نەمامە شەهیدەکەیدا دەکێشێ.

کۆمار لەو تەمەنە کەمەدا خۆی فێری نووسینی کوردییەکی پاراو بە بنزاراوەیەکی دوورتریش کردووە. ستۆرییەکانیشی هەڵگری ئەو هەستە پاکەن.

**وەرگێڕاوی شێعرێکی "نەزار قەببانی" کە ڕەنگە لە فارسییەوە وەریگێڕابێ لە یەکێک لە ستۆرییەکانیدا سەرنج ڕادەکێشێ:**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هاوشێوەی**
**چاوەکانی سەرنجڕاکێشی تۆ**
**دروست کردووە**
**بە پەرۆش**
**خەمبار**
**ماندوو**
**و جوان**

**لە ستۆرییەکی دیکەیدا ڕەنگە بە ئیلهام لەو شێعرەی نزار، ئازار و نەهامەتییەکانی مرۆڤێکی کورد کە بەردەوام لە گەڵ مەرگ بەرەوڕوویە ڕەنگی داوەتەوە. لەوێدا مەرگی بە پێشمەرگایەتی، بە دیلی، لە خۆپێشاندان، لە کاتی کۆچ و لە کۆڵبەریدا وێکرا وێنا کراون و هەستی شۆڕشگێڕانە، ئازادیخوازانە و کوردانەی خۆی تێدا دەربڕیوە:**

**ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین**
**هێندێکمان لە جەنگ(دا) ئەکوژرێین**
**هێندێکمان لە بەندیخانە**
**هێندێکمان لە شەقام ئەمرین**
**هێندێکمان لە دەریا(دا) نوقم ئەبین**
**تەنانەت کەژە بەرزەکانیش**
**تۆڵەی تەنیاییان لە ئێمە ئەکەنەوە**
**چون ئێمە کارمان مردنە**

**ئەو نموونانەی کە لەم بابەتەدا باسیان کرا تەنیا مشتێ لە خەرمانی دەوڵەمەندی ئەو لاوە کەم تەمەنانەن کە بە ئازایی و زانابییەوە پێشەنگایەتیی ئەو شۆڕشە دەکەن و لە پێناویدا خوێن دەدەن و قوربانی دەبن. ئەوان نەک هەر لە ناو کۆمپیوتێر و گەیم و یاریی کۆمپیوتێریدا نوقم نەبوون و نەک هەر شۆڕشەکەیان بە گەیم و یاری نازانن بەڵکو ڕێگای خەباتی خۆیان زۆر بە زانایی هەڵبژاردووە و زۆر بە ئازاییەوە بەرەو شەقام و ئەگەری بە هێزی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ مەرگ دەچن. بۆیەشە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، ئەوە نیزیک بە پەنجا شەو و پەنجا ڕۆژە کە بەگژ یەکێک لە فێڵبازترین، بێ بەزەییترین و بێ حەیاترین دیکتاتۆرەکانی سەردەمدا چوونەتەوە و کۆڵیان نەداوە و شەقامیان چۆڵ نەکردووە. ئەو یادگارانەی ئەوان بۆمانیان بە جێ هێشتووە پێمان دەڵێن کە بۆ لاوانی ئێران ئازادی و بۆ لاوانی کورد ئازادی و مافی نەتەوایەتی لە سەرەوەی هەموو ئەو خواستانەن کە بۆی تێدەکۆشن.**

هەر بەو جۆرەی کۆماری مێرمندالْ لە یەکێک لە دوا ستۆرییەکانیدا وەک مامۆستایەکی ئەم شۆڕشە بۆمانی نووسی:

"لە هەموو شت زیاتر، ئازادیتان خۆش بوێ."

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# شوکولاتێک بە تامی ژەقنەمووت



ڕۆژی١٠ی سەرماوەز ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕەئیسجومهوری دڵخوازی عەلی خامنەیی سەردانی شاری سنەی کرد. سەردانەکە لە ڕواڵەتدا بە بیانووی کردنەوەی پرۆژەیەکی گەیاندنی ئاو بۆ ماڵان بوو، بەڵام پرۆژەیەک کە هێشتا نیوەچڵە و تەنیا لە سەدا پازدەی کارەکانی تەواو بووە، ئەو گومانەی بە هێزتر کرد کە مەبەستی ئەو سەردانە ئەوە بوو کە وا نیشان بدرێ کوردستان وەک کانگای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، لە دۆخێکی ئاساییدایە و ناڕەزایەتی تێدا کۆتایی هاتووە.

ئەو ڕۆژەی کە ژینا نێژرا و ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان بەم بۆنەوە لە شاری سەقز درێژەی کێشا، سنە یەکەم شاری کوردستان و ئێران بوو کە هاوکات هاتە سەر شەقام و بە دروشمی "سەقز بە تەنیا نییە، سنە پشتیوانییە"، ناڕەزایەتیی خۆی لە جینایەتی کوژرانی ژینا نیشان دا. ئەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانە بە درێژایی سێ مانگی ڕابردوو کەم و زۆر لەو شارەدا بەردەوام بووە و دەکرێ بڵێین لە ئاستی هەموو ئێراندا زیاترین و ماوەدارترین خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی تێدا بەڕێوە چووە. خوێندکارانی زانستگاکانی ئەو شارە پێشەنگی سەرهەڵدانی زانستگا و زانکۆکانی ئێران بوون و دووکانداران و بازاڕییانی بەردەوام پایەیەکی گرینگی مانگرتنەکان بوون. لەم سۆنگەیەشەوە چەندین شەهیدی پێشکەش بەم سەرهەڵدانە کردووە، دەیان کەسی لێ بریندار بووە و سەدان کەسیشی لێ دەستبەسەر کراوە. هەموو ئەوانەش وایان کرد کە ئەم شارە بە ناوەندێکی گرینگی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا بناسرێ. هەر بەو پێیەش بۆ ڕێژیم گرینگ بوو کە وا نیشان بدا

کانگای سەرهەڵدان ئارامە و هیچ ناڕەزایەتییەکی تێدا نەماوە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سنە، بە عادەتی سەردانی سەرکۆمارەکان، ژمارەیەک لە بەرپرسانی دەوڵەتی، هێزە چەکدارەکان، کۆنەجاشەکان و ژن و منداڵەکانیان بۆ ڕەئیسی کۆ کردەوە تا باسی ئاساییبوونی دۆخی کوردستانیان بۆ بکا. بەڵام ئەمجارە پێشبینیی کەمیی حەشیمەتی بەشداریان کردبوو و بۆیەش هۆڵێکی بچووکتریان بۆ کۆبوونەوەکە دیاری کرد. بەو حاڵەش، بۆ پڕکردنەوەی هۆڵەکە، ناچار بوون لە کارمەندانی شارەداریی شارەکە کەڵک وەرگرن. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، ئەو ڕێژەیە بۆ شارێکی میلیۆنیی وەک سنە دڵۆپێک لە دەریا بوو و بە هیچ لایەکدا سەرکەوتنی سەردانی سەرکۆماری پێ نیشان نەدەدرا. بۆیەش دوای قسەکانی، کاربەدەستانی شارەکە پێشی سەرکۆمار کەوتن و بە شەقامێکی شاردا پەلکێشیان کرد تا وا نیشان بدرێ دۆخی شار ئاساییە، ناڕەزایەتیی تێدا نییە و دووکان و بازاڕەکانی ڕەوتی ئاسایی خۆیان تێپەڕ دەکەن. چونکە سەردانەکەش تا ڕادەیەک کتوپڕ بوو، ناڕەزایەتییەکی ئەوتۆی بۆ ڕێک نەخرابوو. لەو گەڕانەدا ڕەئیسی بە سەر دووکانێکی شوکولات فرۆشیدا کەوت کە کابرای شوکولات فرۆش بەهەڵکەوت لە بەر دەرگای دووکانەکەی ڕاوەستابوو. بە دیتنی سەرکۆمار و ئەو هەموو دەستە و دایرەیە، شوکولات فرۆش تووشی پەشۆکان بوو و دەست و پێی خۆی ون کرد. بۆ تاوێک هەڵوێستی ئەو ماوەیەی خۆی و هاوپیشەکانی لەبیر چۆوە کە لە ماوەدای دوو مانگدا نیزیک بە پازدە ڕۆژ دووکانیان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ژینا داخستبوو. بە خەدەی میوانگریی کوردان، لوێچێک شوکولاتی بۆ سەرۆک کۆمار ڕاداشت و ئەویش وەک بڵێی دەسکەوتێکی گرینگی دەستەبەر کردبێ و بەو شوکولاتە گوێچی خۆی گرتبێ، بە بزەیەکەوە دەنکێکی لێ هەڵگرت و درێژەی بە ڕێگای خۆی دا. هەر بەو دەستوورە سەری بە دووکانێکی دیکەشدا کرد کە خاوەن دووکان خەریکی کاری ئاسایی خۆی بوو. ئەوەی لە هەر دوو دووکانیشدا سەرنجی بینەر و مێدیاکانی ڕادەکێشا پشتتێکردن، حیساببۆنەکردن و بایکۆتکردنی خاتوونانی کورد لە سەرکۆماری ئێران بوو. بەڵام هەڵوێستی لێبڕاوانەی خانمان نەبوون بە هۆی ئەوە کە شوکولاتەکەی فەیزوڵڵا دڵی برینداری کوردان، بریندارتر نەکا.

خاڵێکی هەرە گرینگ کە لە سەرهەڵدانی ژینادا کە بە درێژایی سێ مانگی ڕابردوو بەردەوام و بە زەقی خۆی نواند، نیشاندانی ئاستی بەرزی یەکگرتوویی گەلی کورد و دژایەتیی چڕی خۆپیشاندەران لەگەڵ دیاردەی جاشایەتی و نۆکەرایەتی بۆ ڕێژیمی داگیرکەرە. ئەوە هەتا ئێستا هەم لە دروشمەکاندا و هەمیش لە کردەوەدا بەهەراوی ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام شوکولاتەکەی فەیزوڵڵا پێچەوانەی ئەوەی نیشان دەدا و مێدیاکانی دەسەڵاتیش زۆر بەخەستی خەریک بوون ڕێکلام بە شوکولات بەخشینی دووکاندارێکی کورد لە شارێکی کوردستان بە سەرکۆماری جمهوری ئیسلامی بکەن کە زیاترین بەرخۆدانی دژ بە داگیرکەر تێدا هاتووەتە ئاراوە.

بەدرێژایی سێ مانگ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و دروشمدان، لەلایەن خەڵکی خۆپیشاندەرەوە تا ئێستاش هیچ حیسابێک بۆ

ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرۆککۆمار نەکراوە. وەک بڵێی خۆپێشاندەران ئەو بە هیچ دانانێن یان هەتا عەلی خامنەیی وەک ڕەهبەر لەوێ بێ، سەرۆککۆمار بە ڕەسمیی ناناسن. نە دروشمی لە دژی دەدەن و نە داوایەکی لێ دەکەن. بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە خەڵک لە بیری نەبێ ڕەئیسی هەم بۆخۆی مێژوویەکی ڕەشی لە کوشتاری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ وێنە وەک لێژنەی لەداردانی بەندکراوان لە ساڵی ٦٧ هەیە و هەم بە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتێک هات بۆ کوردستان کە هەتا ئەوکاتە نیزیک بە سەد و بیست لاوی کورد و سەدان لاوی ئێرانی لە ڕەوتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا کوشتووە. ئەوە جگە لە مێژووی پڕ لە کوشتاری ئەو ڕێژیمە بەدرێژایی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی بە سەر ئێران و کوردستاندا. هەر بۆیەش زارشیرینکردنی نەیدەتوانی بکەوێتە خانەی خووی میوانگریی تاکی کوردەوە. میدیاکانی کۆماری ئیسلامییش ئەوەیان لەو هەلومەرجەدا پێ سەیر بوو بۆیە ڕیکلامێکی زۆریان بە پێشوازیی دووکانداڕێکی کورد و بە شوکولاتەکەوە کرد. پەیتاپەیتا وەک نیشانەیەک لە ئاسایی‌بوونی دۆخی سنە و وەک خۆشەویستیی کوردێکی دووکانداری کوردستانی بۆ سەرکۆماری ئێران نیشانی بینەرانیان دەدا. تا ئاستێک کە کۆی سەردانەکە کەوتە ژێر سێبەری ئەم ڕووداوەوە.

کوردستان وەک ژێنگەی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، دووکاندارانی کوردستان لە پێشەوەی ئەم سەرهەڵدانە و سنە وەک کانگای هەرە سەرەکیی شۆڕشەکە و خاوەنی درێژترین ماوەی بەرخۆدان و پێشکەش کردنی چەندان شەهید، ئەو چاوەڕوانییەی لێ نەدەکرا کە تێیدا بە شیرینی و شوکولات پێشوازی لە بکوژی ڕۆڵەکانی بکرێ. هەربۆیەش ئەم پێشوازییە پێ‌ناخۆش‌بوونی هەمووانی لێ کەوتەوە. ئەم پێ‌ناخۆشبوونەش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگی دایەوە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کرا؛ هەبوون پێیان وا بوو بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراو بووە و هەشبوون وەک هەڵەی تاک و پەرچەکرداری کتوپڕی دووکاندار چاویان لە ڕووداوەکە دەکرد. بەڵام هەمووان لە سەر هەڵەبوونی پێشوازییەکە و هۆی زیانگەیاندن بە ڕەوتی شۆڕشی ژینا لەو هەلومەرجەدا کۆک بوون.

بە خۆشییەوە پێ‌ناخۆشبوونەکان زۆریان نەخایاند. فەیزوڵڵای شوکولات فرۆش لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێ‌ناخۆشبوونی خەڵکی بە گوێ گەیشتەوە و زۆر زوو وەخۆ هاتەوە. زانی کە بەم شوکولاتە بێ‌نرخە، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ و مەبەستی بووبێ دڵی خەڵکی بریندار بریندار کردووە. بۆ قەرەبووی ئەو هەڵەیەش، ڤیدیۆیەکی کورتی بڵاو کردەوە و لە کاتێکدا سوێندی بە قورئانەکەی بەر دەستی دەخوارد، ئاشکرای کرد کە ڕووداوەکە مەبەستدار نەبووە و کتوپڕ بووە. بەتایبەتیش ئەوەی بۆ مشتەرییەکانی گێڕاوەتەوە؛ لە پڕ کە چاوی کردۆتەوە، سەرکۆماری وڵاتێک وێڕای خەڵکێکی یەکجار زۆر ئەوە لە بەر دەرگایەتی و نەیزانیوە چ بکا! لە سەر ئەم هەڵەیە داوای لێبوردنی لە گەلی کورد یان بە وتەی خۆی لە "خەڵکی کوردەواری" کرد. بەوەش جارێکی دیکە بە بیر هەمووانی هێنایەوە کە کورد هەرچەندی میوانگر بێ و هەرچەندی لەگەڵ میوانان سەر و ڕووی خۆش بێ، خوێنی ڕۆڵەکانی خۆی لەبیر ناچێ و لە بکوژی ڕۆڵەکانی خۆی خۆش نابێ. هاوکات جارێکی دیکە یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەلی کوردی لە حاند بێگانە و دوژمندا پێشانی هەموان دایەوە. داوای

لێبووردنەکە زۆر زیاتر لە شوکولات بەخشینەکە دەنگی دایەوە. شۆڕشگێڕان داوای لێبووردنەکەیان پەژراند و بەگەرمی پێشوازییان لێ کرد. خەڵکی ئێران سەبارەت بەو پاشگەزبوونەوەیە سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕی و دەستخۆشییان بۆ نارد. هاوکات سەرۆککۆمار تووشی ناهومێدی هات و دەسکەوتی سەفەرەکەی لێ بۆوە بە بڵقی سەر ئاو. تا ئاستێک کە نەیتوانی وەک ڕووداوێکی نەبیستراو و نەدیتراو دایبنێ و چەند ڕۆژ دواتر لە ڕێورەسمی حکوومەتیی ڕۆژی خوێندکار لە زانستگای تاراندا، تووڕەیی خۆی لە داوای لێبوردنی شوکولات فرۆش دەربڕی و نیشانی دا کە بەو پەژیوان بوونەوەیە، شوکولاتەکەی فەیزوڵڵا لە دەمیدا بووە بە ژەقنەمووت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٧ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی بەفرانباری ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## "ژن، ژیان، ئازادی" لە بەرنامە و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا




ئەم ساڵ لە کاتێکدا بەرەو یادی دووی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەچین کە ئەوە ماوەی پتر لە چوار مانگە شۆڕشێکی گشتگیر و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەموو بەشەکانی ئێرانی تەنیوەتەوە. شۆڕشێک کە دژبە کوژرانی کچێکی کورد لەلایەن چەکبەدەستانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە. چەخماخەی شۆڕشەکە ئەو کاتە لێ درا کە بە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی کورد، لە کاتی ناشتنی تەرمی "ژینا"، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز ئامادە بوون و دژبە دەسەڵاتی داگیرکەر و بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژنی کورد و شوناسی نەتەوەیی کورد، دروشمیان دا. دواجاریش هەر لەو کۆبوونەوە و لە دروشمەکانی ئەو خۆپێشاندانەوە، بانگی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرانسەری ئێران و جیهانی گرتەوە و بوو بە دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ژینا.

دروشمەکە سەرەتا بە کرچی و لە شێوەی ژن - ژینا و ژن- ژینا - ئازادیدا گوترایەوە، بەڵام لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکەدا بیچمی گرت و بە شێوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لەنێو جەماوەرەوە زایەڵەی دایەوە. ڕۆژی دواتر خوێندکارانی زانکۆی تاران کە یەکەم شوێن بوو لە ئاستی سەراسەریی ئێراندا بانگی ناڕەزایەتییان بۆ خەڵکی کوردستان ئەستاندەوە، دروشمەکەیان بۆ سەر زمانی فارسی گۆڕی و وەک دروشمی سەرەکیی خۆپێشاندانەکەیان، گوتیانەوە. بەو جۆرە "ژن ژیان ئازادی" بوو بە دروشمی سەرەکیی ئەو سەرهەڵدانە ئازادیخواز و شوناسخوازانەیەی کە لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئایدۆلۆژی،

ئابووری، پێوەندییەکانی دەرەوە و هێنانە سەر هێڵی بیروڕای گشتیی جیهانیدا، تەنگی بە ک. ئیسلامی هەڵچنیوە.

**لە باری واتاییەوە، دروشمی "ژن ژیان ئازادی" دەکرێ لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ؛**

- لە ڕوانینێکی سەرەتاییانەدا وا دەنوێنێ کە ژن وەک دایک سەرچاوەی ژیان و خوڵقانی مرۆڤە و لەو گۆشە نیگایەشەوە داکۆکی لە ئازادیی ژن دەکا.

- هەر لە ڕاستای بە ژنانە دیتنی کۆی دروشمەکەدا دەکرێ وەک دروشمێکی یەکسانیخوازانە کە لە ڕاستای دابینکردنی ژیان و ئازادی بۆ ژندایە، سەیر بکرێ و هەر دوو چەمکی ژیان و ئازادی تێیدا تەنیا بۆ ژن بگەڕێندرێتەوە.

- وێڕای ئەوانە دەکرێ سێ چەمکی ژن، ژیان و ئازادی لە دروشمەکەدا بە جیاواز لێک بدرێنەوە و دروشمەکە بە شێوەی گشتگیرتر هەڵبسەنگێندرێ. بەو واتایە سەرهەڵدانێک کە دژ بە کوشتنی ژن دەستی پێ کردووە، لە پێناو دابینکردنی مافی ژیان و ئازادی بۆ هەموو کۆمەڵگە تێدەکۆشێ و دژبە دەسەڵاتێک دەوەستێتەوە کە ئازادیی لە مرۆڤەکان و لە سەرووی هەموان لە ژن داگیر کردووە و مرۆڤەکان بەسانایی دەکوژێ و ژینا ئاسا ژیانیان لێ دەستێنێ. دیارە چەمکی ژیان لێرەدا دەتوانێ ئاماژە بە مافی بژیو و گوزەرانیش بێ لەو وڵاتەدا کە دەسەڵاتی دیکتاتۆر خەڵکەکەی لە پێناو ئایدۆلۆژیا چەوتەکەیدا لە تەنگانە ناوە و بژیو و ژیانی لێ ئاستەم کردووە.

ئەم سێ لێکدانەوەیە پێبەپێی بەرینبوونەوە و پەرەگرتنی خۆپێشاندانەکان، ڕەنگە لە بیر و هزری خۆپێشاندەران و چاوەدێرانیشدا جۆرێک ڕەوتی گەشەکردنی دروشمەکە پێشان بدا، بەڵام لەم بابەتەدا زیاتر بە ئاراستەی خەباتی یەکسانیخوازیی ژن لە کۆمەڵگەدا چاوی لێ دەکرێ. چونکە لە یەکەم کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیشدا کە دژبە کوشتنی ژنێکی کورد هاتە ئاراوە، خوڵقان و گوتنەوەی ئەو دروشمە زیاتر لە هەر هۆکارێک بۆ باوەڕی خەڵکەکە بە ماف و ئازادییەکانی ژن دەگەڕێتەوە. ئەم باوەڕەش سروشتییە بە شەوێک لەدایک نەبووە و ڕەگی لە فەرهەنگی خەڵکەکە و لە دەیان ساڵ خەباتی بەردەوامی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئازادی و لەوانەش بۆ ئازادیی ژنی کورددایە.

پێش ئەوەی خەباتی مۆدێرنی ئازادیخوازانەی کورد دەست پێ بکا و خەبات بۆ یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا ببێ بە یەکێک لە بنەما نەگۆڕەکانی ئەم خەباتە، ژنی کورد بە تایبەت لە دەڤەری سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، لە هێندێک بواردا خاوەنی ماف و تا ڕادەیەک یەکسانی لەگەڵ پیاو لە کۆمەڵگەی سەرەتایی کوردستاندا بوو. ئەم بۆچوونە هەم بە وردبوونەوە لەو بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆریانەدا دەردەکەوێ کە هەڵقوڵاوی باوەڕە لەمێژینەکانی کۆمەڵگەن و هەمیش لەو داب

و نەریتانەدا کە لە کۆمەڵگەدا ڕەگیان داکوتاوە. بۆ وێنە لە زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەیتە ئۆستوورەییەکاندا کە کۆنترین باوەڕەکانی کورد تێیایاندا ڕەنگی داوەتەوە، دوو قارەمانی سەرەکی هەیە کە کەسایەتیی یەک لەو دوو قارەمانە ژنە. ئەو یەکسانییە لەسەر ناوی بەیتەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە؛ وەک خەج و سیامەند، مەم و زین، شێخ فەرخ و خاتوو ئەستێ. تا ئاستێک کە لە بەیتی لاس و خەزاڵدا تای تەرازووی یەکسانییەکە بە لای قارەمانی ژندا قورسایی دەکا و دەسەڵاتە سەرەکییەکە لەنێو چیرۆکەکەدا بە ژن دراوە. لەنێو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەشدا، بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە ژیانی کوردەواری لە سەرەتاوە پتر کۆچەری و گوندنشینی بووە، دەبینین ژنان بێ شەرم و ڕووگرتن و خۆپەنادان، شان بە شانی پیاوان لە کار و بەرهەمهێناندا بەشدارن کە هەر ئەوە جۆرێک لە ماف و یەکسانی پێ دەبەخشین. ڕەنگە هەر ئەو هاوبەشییە لە بەرهەمهێناندا بوو کە لە کۆمەڵێک کایە و یاریدا کچ و کوڕ وێکڕا بەشدارن و بە گەورەیی لە گەڕی ڕەشبەڵەکیشدا شان بە شانی یەک هەڵدەپەڕن. تەنانەت ژن دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە بۆخۆی هەڵبژێرێ کە لە دەستی کام پیاودا هەڵپەڕێ. ئەو کاتەش کە کچ و کوڕ بەهۆی دەستەنگی یان بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان نەتوانن بەئاسایی زەماوەند بکەن و ژیانی هاوبەش پێک بێنن، ئەوە هەڵگرتن و ڕەدوو کەوتن لە ڕوانگەی کۆمەڵگەدا کردەوەیەکی هێندە قەباحەت نەبوو.

بەڵام لەگەڵ پەرەگرتنی شارستانییەت و ژیانی شارنشینی، ئازادییەکان لە ژنان ئاستەنگ کرانەوە. نە شارەکان ئەوەندە پێشکەوتوو بوون تا پیشەسازییان تێدا بەهێز بێ و کار بۆ ژن هەبێ و نە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری برەوی هەبوو تا بتوانن لە بەرهەمهێناندا بەشدار بێ. بۆیەش لە چەرخەی بەرهەمهێناندا نەما و ئەوەش بوو بە هۆ کە وەک کاڵا و کارکەر لە ماڵەوە سەیر بکرێ و بە کردەوە بە بەشێک لە سامانی پیاو حیساب بکرێ. بەو جۆرە ژن ناچار کرا لەنێو ماڵ و لە "حەرەمی" پیاودا بمێنێتەوە و کە چوو بۆ دەرەوەش، بە پۆشینی پەچە و ڕووبەند، ئەو کۆت و بەندە بە دەوری خۆیدا بپارێزێ. لە وەها دۆخێکدا کە دۆخی دیلییە، خەبات بۆ ئازادی دەست پێ دەکا. لەو گۆشە ڕوانینەوە شیمانەی ئەوە سەر هەڵدەدا کە خەبات بۆ ئازادیی ژن و یەکسانیی کۆمەڵگە یەکەم جار لە شارە گەشەنەسەندووەکانەوە دەستی پێ کردووە.

شاری مەهاباد لە سەردەمی لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکرات و دواتر کۆماری کوردستاندا شارێکی گەشەنەسەندوو بوو. ژنانی ئەو شارە و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نە ئازادییەکانی ژنانی لادێیان هەبوو، نە لە شارێکی پیشەسازیدا دەژیان کە بتوانن لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ بن و نە کۆمەڵگەی پیاوسالار بەو ئاستە لە ڕووناکبیری گەیشتبوو کە دەرفەتیان پێ بدا کە وەبەر خوێندن بنێرێن و چاویان بکرێتەوە. لە وەها دۆخێکدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئازادیخوازانە لەو هەرێمە هاتە ئاراوە کە ئەگەرچی تەواوی ڕێکخەرانی پیاو بوون بەڵام هەر لە سەرەتاوە خۆیان لە پرسی ژن و ئازادی بۆ ژن نەبوارد. بەڵام ئەو ئازادیخوازییە لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەکیەک و بە پێی بەرنامەی ڕوون و ڕێک نەبوو بەڵکوو لە مەودای تێکۆشانە سیاسییەکەدا گەشەی کرد و قووڵبوونەوەی بەرچاوی بە خۆیەوە

دیت.

دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف بە قۆناغی یەکەمی ئەو بزووتنەوە سیاسی و ئازادیخوازانەیە دادەنرێ. لە ڕوانگەی کۆمەڵەی ژێکافدا نیشتمان ژنە کە وەک دایکێکی دیل سەیری دەکرێ و ئەندامی کۆمەڵە دەبێ هەوڵ بدا لەو دیلییە ڕزگاری بکا. ڕەنگە ئەو ڕوانینە لە "تاخوداگای" داهێنەرانی کۆمەڵەدا کە زۆربەیان لاوانی ڕووناکبیری شار بوون، لە هەمان دیاردەی دیلیی دایک یان ژن لە ژێر چارشێو یان چوارچێوەی ماڵ، کەوتبێتەوە. ئەم بیرە لە ناو کۆمەڵەدا زاڵ بوو. پێشاندانی ئەو ڕوانینە لە شانۆنامەی دایکی نیشتماندا یەک لە بەرچاوترین کارەکانی کۆمەڵە بوو. لەو شانۆنامەیەدا دایکی نیشتمان دیل بوو و لاوان دەبوو ڕزگاری بکەن. ئەو ڕوانینە لە هزر و بیری ئەندامانیدا ڕەنگی دەدایەوە.

هەژار وەک یەک لە وەفادارترین ئەندامانی کۆمەڵە، لە شێعری هەژار و نیشتماندا دەڵێ:

"دوێشەو زۆر بە سۆز کاتی بەربەیان
هاتە گویم ناڵە و زایەڵەی گریان
بە سەد مەرارەت لە بنیانم کرد
دیتم وا دایکی نیشتمانی کورد
دەگری و دەناڵێ وەک هەوری بەهار
ڕەشی پۆشیوە لە سەر تا بە خوار"

گەڕانەوە بۆ ژیانی ساکاری لادێ و چوونەوە سەر داب و نەریتەکانی کوردەواری، ڕوانگەیەکی دیکەیە کە تێکۆشەرانی کۆمەڵە پێیان وایە لەو ڕێگایەوە ئازادی بۆ ژن دەگەڕێندرێتەوە. ئەوە بۆ وێنە لە بەشێک لە شێعرەکانی ئەو سەردەمەی هێمندا ڕەنگی داوەتەوە کە دەکرێ وەک ڕەنگدانەوەی بیری ژێکاف لە شێعرەکانی ئەو سەردەمی شاعیر لێی بڕوانین؛

"کچە کوردێکی نەشمیل و لەباری
بەوەی نییە ماوەیەکە چوویە شاری
ئەگەر پێتخۆشە هەروا بتپەرستم
نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری"

یان؛

"کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن

کیژی ئازادە ئەوی ژینی بەنووکی گاسنە"

هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی ژن بۆ نێو کۆڕی خەبات و شان بە شانی پیاو ڕوانگەیەکی ترە کە ڕووناکبیرانی کۆمەڵە وەک ڕێگای دەستەبەر کرنی ئازادی بۆ ژن دەستنیشانیان کردووە. بۆچوونێک کە دواتر و بە پەرەگرتنی خەباتی چەکداری لە حیزبەکانی کوردستاندا بەهێزتر بوو.

هێمن لە "وتوویژی کچ و کوڕ"دا دەڵێ:

"بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت
دێدە گیان بدە یاریی برای خۆت
لەگوێن ژاندارک هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان"

گەرچی هەمووی ئەو شێوە ڕوانین و ڕێگا پێشنیاریانە بۆ ڕزگاریی ژن تا کۆتایی تەمەنی کۆمار و دواتریش لە بەرەو نەکەوتن، بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بۆ چۆنیەتیی چارەسەریی پرسی ژن هاتە ئاراوە و لە هەوڵی ئازاد کردنەوە بۆ تێکۆشان لە پێناو یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا گۆڕدرا. حیزب لە مەرامنامەی خۆیدا کە چەند مانگ بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوی کردەوە، دەستەبەرکردنی ئەو مافەی وەک ئەرکی خۆی دیاری کرد و ڕایگەیاند؛ "لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتیدا پێویستە ژن مافی یەکسانی هەبێ لەگەڵ پیاودا" (مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان- بەشی ٤ مادەی ٢١)

حیزب هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا هەوڵی دا بەو بڕیارەی خۆی وەفادار بێ. لە جێژنی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، ژنانیش بەشدار بوون. دوو ژن وتاریان خوێندەوە و بانگەوازیان لە ژنانی کورد کرد تا وەک پیاوەکان خۆیان پێ بگەیەنن و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی وڵات بدەن. گەرچی نە بەشدارییان و نە ڕادەی وتارخوێنە ژنەکان لە قەدەر نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگە نەبوو، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی سوننەتیی ئەوکاتی کوردستان، لەنێو نەریتی ڕاگیرانی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا و ڕێژەی کەمی ژنانی خوێندەوار لەو کۆمەڵگەیەدا، هەنگاوێکی گرینگ بوو. "خەدیجە مەجدی" یەک لە ئاخێوەرانی ئەو میتینگە بوو کە ڕوو لە ژنان گوتی؛ ئێستا خوشکانی بەڕێزم وەرن چاو لە پیاوەکان بکەین و دەستمان بخەینە نێو دەستی یەکترەوە. چونکە دەبینم کە دایکی نیشتمان چاوەڕوانە کچەکانیشی دەست بە تێکۆشان و خوێندن بکەن تا ئێمەش بگەینە ئاستی براکانمان. دنیا پێویستی بەوە هەیە کە کچان و کوڕان وەک خوشک و برا بۆ ئازادیی دایکی

نیشتمان، دەست بدەنە دەستی یەکتر".

**لە ژێر سێبەری باوەڕەی یەکسانیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کۆماری کوردستان لە سێ بواردا هەوڵی دا ئەو ئامانجە دەستەبەر بکا کە لە مەرامنامەکەیدا بەڵێنی دابوو:**

**یەکەم**: دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان

**دووهەم**: بەشداریپێکردنی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە

**سێهەم**: خوێندەوارکردنی کچان تا ئاستی بەتۆبزی پێخوێندنیان

ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ کۆمار بە دامەزرانی "یەکێتی یایانی کوردستان" یان "حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان" هەنگاوی بەکردەوەی خۆی لە بواری دەستەبەرکردنی ماف و هێنانی ژنان بۆ ناو کۆڕی خەبات هاویشت. مینا قازی خانمی یەکەم و هاوسەری پێشەوای کوردستان سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەی بەئەستۆ گرت. ئەو ڕێکخراوەش لە یەکەم هەوڵەکانیدا، داوای لە ژنانی کارلەدەستهاتوو کرد کە بۆ بوارەکانی ژمێریاری، سندووقداری، سکرتێر و خەزێنەداری داوای کار پێشکەش بکەن. ئەوەش وەک هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ خانمان لە ڕاستای سەربەخۆیی ئابووریی ئەواندا چاوی لێ دەکرێ. ئەمە هەروەها لە وتارێکی یای مینا قازیشدا ئاماژەی پێ کراوە کە دەڵێ "ئێمە نابێ هەر وا چاومان لە دەستی مێردەکانمان بێ تا پووڵ و جل و زێڕمان بدەنێ". ڕێکخراوەکە لە ڕاستای روونکردنەوەی ژناندا دەستی کرد بە سازکردنی کۆبوونەوەی زانیاریبەخشین و وەڕێخستنی پۆلەکانی خوێندن بۆ ژنانی گەورەساڵ کە زۆربەیان ئەندامەکانی خۆی بوون.

هەنگاوی دیکەی کۆمار بۆ پێگەیاندنی ژنان، خوێندەوارکردنی کچان، شانبەشانی کوڕان بوو. لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتووە: "لەسەر ئەمری پێشەوای موعەززەم و قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێت کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا، دەبێ بنێرێتە مەدرەسە. ئەڵبەتە هەرکەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ."

بە پێی ئەو ئاگادارییە، کچان نەک هەر وەک کوڕان دەبەر خوێندن دەنرێن بەڵکوو پێخوێندن بەتۆبزییە و "هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ"، "بە توندترین" شێوە سزا دەدرێ.

ئەو بڕیارە تەنیا بۆ شاری مەهاباد نەبوو. هەوڵ درا هەموو ئەو شارانە بگرێتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوون. لە



سەرچاوە Serchawe

ژمارە ٢٤ی ڕۆژنامەی کوردستاندا ڕاپۆرتی کردنەوەی یەکەمین خوێندنگەی کچان لە شاری شنۆ هاتووە. حەسەن کازمی بەڕێوەبەری فوتابخانەکە ڕایگەیاندووە کە "پێویستە هەموو خەڵکی شار سپاسی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بکەن بۆ ئەم خزمەتە گەورەیە و بەخۆشی و مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە".

بێگومان ئەوانە هەموو ئەو خولیا و ئاواتە مرۆڤانە، نەتەوەیی و نیشتمانیانە نەبوون کە لە بەرنامەی حیزب و لە هزری ڕێبەرانیدا بوو. بۆ وێنە کاتێ ڕۆژنامەنووسێک لە پێشەوا دەپرسێ کە "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بە ژنان، ئایا ئێوەش ئەم کارەتان کردووە؟" پێشەوا ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی ئەرێنی لە قەڵەم دەدا و مەخابنیی خۆی ناشارێتەوە کە ئەوان نەیانتوانیوە "ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێنن". بەڵام تەمەنی کۆمار لەوە زۆر کورتتر بوو کە بتوانێ قەرەبووی دەیان و سەدان ساڵ نەهامەتیی کورد و ژنی کورد بکاتەوە بەڵام بۆ هەر بوارێک توانی بناخەیەک بۆ دواڕۆژی کوردستان دابنێ کە دانانی بناخەی باوەڕ بە ژیان و ئازادی بۆ ژنی کورد یەک لە هەرە گرینگەکان بوو. ئەوەی کە سێ چارەگە سەدە دواتر بۆ داکۆکی لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ ژن و دژ بە ئەستاندنی ئازادی و ژیان لە ژنێکی کورد لە چوارچێوەی دروشمی ژن – ژیان – ئازادیدا زایەڵەی دایەوە. باوەڕێک کە زۆر پێشتر لە بەرنامەی حیزبی دامەزرێنەری کۆماردا بە ڕوونی ڕاگەیەندرا، لە بەرنامە و کاری کۆماردا بە کردەوە کاری بۆ کرا، لە وتەی ڕێبەرانیدا و لە وتاری نووسەران و وتاردەرانیدا داکۆکی لێ کرا و لە شێعری شاعیرانیدا ڕەنگی دایەوە.

**باوەڕێک کە هێمن، شاعیری نەتەوەیی کۆمار لە "یادگاری شیرن"دا بە لێبڕاوی ڕایگەیاند:**

**"با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ**
**تاکوو "ژن" "ئازاد" نەبێ، سەرچاوەکەی "ژین" لیخنە"**

***

## ژێدەر:


- ئەسکەندەری، ئەحمەد چەند سەرنجێک لەسەر پێگەی ژن لە کۆماری کوردستان و هەڵوێستی سیاسەتمەداران.
- موجاب، شەهرزاد، ژن و ناسیونالیزم لە کۆمارە کوردیەکەی ١٩٤٦دا، وەرگێڕانی محەممەد حەمەساڵح تۆفیق
- هەژار، ئاڵەکۆک
- هێمن، تاریک و ڕوون


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو جۆرەی گەل دەیهەوێ




بەدەر لەوە کە لە ئێران ڕۆژانە چەندە خەڵک لەسەر شەقامن، چ دروشمێک دەڵێنەوە یان تا چەند دەکەونە بەر هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگەی ئێران لە حاڵی شۆڕش و گۆڕانکاریی قووڵ و بنەڕەتیدایە. ئەوە بابەتێکە زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لەسەری کۆکن. لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا خەڵکی ئێران بە هەموو لایەکیان پێشان دا کە ئەم ڕێژیمە چیدی لەنێو خەڵکی ئێراندا جێگای نەماوە.

ڕوون نییە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە چەندە دەکێشێ و چ قۆناغگەلێک تێپەڕ دەکا. ڕێژیمێک کە وەک ئۆختاپووس پەلی بۆ زۆر شوێن هاویشتووە و چل ساڵە خۆی بۆ نەڕووخان تەیار دەکا، سروشتییە بەئاسانی دەست لە دەسەڵات بەرنادا. لەم چل و چەند ساڵەدا ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینی و بەو پووڵە زۆرەی ساڵانە لە فرۆشی نەوتی ئێران دەستی دەکەوێ، هەم لەباری چەکوچۆڵ و ئامرازەکانی سەرکوت خۆی یەکجار بەهێز کردووە و هەم پەلی بۆ زۆر شوێنیان هاویشتووە و لە زۆر وڵاتان چنگی گیر کردووە. بەڵام بە هەموو ئەو هەڵسووکەوتانەی بەرامبەر بە خەڵک و لە شێوەی ئیدارەکردنی وڵاتدا دەردەکەوێ، ڕوونە کە ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە لە هەمووان زیاتر دەزانن کە ئیدی جێگایان لەنێو خەڵکدا نەماوە. جا ئەوە کە چەند مانگ یان چەند ساڵی دیکە دەتوانن خۆ ڕابگرن و بمێننەوە، لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ڕۆیشتن و ڕووخانی مسۆگەرە.

لەم نێوەدا ئەوەی کەڵکەڵەی خەڵک بە تایبەت نەتەوە و ڕەگەز و ئایینە هەرە ستەملێکراوەکانە، ئەوەیە کە بە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە کێ جێی دەگرێتەوە و داهاتووی مافەکانی ئەوان لە ڕێژیمی داهاتوودا چۆن دەبێ؟ لەم نێوەشدا بە پێی ماوەی خەبات و ڕادەی قوربانیدان، خەم و نیگەرانییەکانی گەلی کورد لە سەرەوەی نیگەرانییەکانی زۆربەی گەلان و ستەملێکراوەکانی دیکەیە. نەتەوەیەک کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، لەسەر ماف و ئازادییەکانی خۆی درێژەی بەو خەباتە دا کە تا ئەودەم زیاتر لە نیو سەدە بوو دژ بە ڕێژیمی تازەڕووخاو لەئارادا بوو. لەسەر بنەمای ئەم پێشینەی خەباتە، کورد لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، زیاترین حزووری لەسەر شەقامەکان هەبووە، زیاترین مانگرتنی گشتی بەڕێوە بردووە و زیاترین تێچووی گیانی و دارایی پێشکەش بەو سەرهەڵدانە کردووە. لە دەرەوەی وڵاتیش کوردان بە شێوەی بەردەوام لە زۆربەی پێتەخت و شارە گرینگەکانی جیهان بە دەیان جار خۆپێشاندان و کۆبوونەوەیان دژ بە ڕێژیم و بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی نێوخۆ ڕێک خستووە و لەهەر خۆپێشاندان و گردبوونەوەیەکی ئێرانییەکاندا بە بەرچاوترین شێوە و زیاترین ڕێژە ئاڵا و هێما نەتەوەییەکانیان شەکاندووەتەوە.

لەگەڵ درێژەکێشانی شۆڕش و چالاکیی گەل لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و لەگەڵ ئەو هەموو فیداکاری و گیانبازییە، ئەوەی کە دەبێ بەرهەمی ئەو ڕەنج و قوربانیدانە بە دروستترین و باشترین شێوە، بە قازانجی پێشخستنی چارەسەری پرسی ئەم نەتەوەیە بچنێتەوە، حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن. بەشی زۆری ئەو چالاکی و فیداکارییانەی خەڵک لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا کردیان، لەسەر بانگەواز و بە پێی ڕێنماییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بوو. ئەوان لەسەر بانگەوازی ناوەند، هاتنەسەر شەقام، دووکان و بازاڕیان داخست، بریندار بوون، بێڕێزییان پێ کرا و خوێنیان دا. ڕەنگە زۆریان هەر بۆیان گرینگ نەبێ کە ناوەند هەموو حیزبەکانی کوردستانی دەخۆ نەگرتووە. ئەوەی بۆ ئەوان گرینگ بووە و گرینگە یەکگرتوویی نێوماڵی کوردە. هەمان یەکگرتوویی کە ئەوان لەسەر شەقام و بازاڕ و لە چلەی شەهیدەکاندا نواندیان، ئێستا چاوەڕوانن حیزبەکانی ناوەند و دەرەوەی ناوەندیش بە هەمان یەکگرتووییەوە دەست بە چنینەوەی بەرهەمی خەبات بکەن. چاوەڕوانن ئەگەر بەرەیەکی ئێرانی دێتە ئاراوە، حیزبەکان بە یەکەوە بڕیار لەسەر پەیوەست بوون و نەبوون بدەن. نایانهەوێ کەسێک یان لایەنێک خۆی لە ناوەند و لە حیزبەکانی دیکە و سەرەنجام لە نەتەوەکەی و خواستەکانی هەڵبڕێ و لەگەڵ ئەملایەن و ئەولایەن سات و سەودا بە خوێن و قوربانیدانی ئەوانەوە بکا. بە تایبەت ڕێککەوتن لەسەر نێوەرۆکێکی لاواز لەگەڵ هێزێک کە هیچ باوەڕی بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نییە و لەم بارەوە مێژوویەکی ڕەشی لەخۆی تۆمار کردووە.

"کورد تا دەوڵەتی نەبێ بەشی هەر کوشتن ئەبێ" دروشمێک نەبوو کە بەشدارانی ناشتنی ژینا تەنیا لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانەدا بە زەینیاندا هاتبێ و پێشتر بیریان لێ نەکردبێتەوە. ئەمە کەمترین خواستێکە کە گەل هەیەتی. ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵاتیش خاوەن دەوڵەت و ئیدارەی خۆی بێ و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بێ.



سەرچاوە
Serchawe

پرسێکی دیکە کە گرینگیی زۆری هەیە، پێشگرتن لە کۆبوونەوەی دووبارەی دەسەڵات لە ناوەند و دوورکەوتنەوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ژیاندنەوە و بەهێزکردنی ئەو ڕەوت و لایەنانەیە کە گەرەکیانە درێژە بە سووڕانەوەی دەوری بەتاڵی شا بە شێخ و شێخ بە شا بدەن. ئەوە بە تایبەت ڕووی لە سەڵتەنەت تەڵەبەکانە کە ڕەوتی هەرە سەرەکیی ناوەندگەرایی و سەمبولی شۆڤێنیزمی ئێرانین و کارنامەیەکی ڕەشیان لە سەرکوتی کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا هەیە. هەر جۆرە نیزیکبوونەوە و ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەو ڕەوتە، مەشرووعییەتدان بە گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرە کە لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە لە گۆڕەپانی سیاسی دەرکرا و لە ڕاستیدا ژیاندنەوەی دیکتاتۆرێکی مردوویە بۆ جێگای دیکتاتۆرێک کە لەسەرەمەرگدایە. هەمان هەڵە کە شێرکۆ بێکەسی نەمر دوو دەیە لەوەپێش بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستانی گوت؛

من خۆم بووم خۆم
سێدارە هەڵوەشاوەکەم
سەر لە نوێ دروست کردەوە و
بە شانی خۆم هێنامەوە
بەر دەم بەغدا
من، خۆم بووم خۆم
ماری سڕبووی ئەم عێراقەم
سەر لە نوێ گەرم کردەوە
تا پێوەم با

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## لە پەراوێزی پەیامی هاوخەمی بۆ عاشوورای حوسێنی


Mustafa Hijri
@MustafaHijri
ئەورۆ ٦ی مانگی گەلاوێژی ١٤٠٢ی کۆچی
بەرانبەرە لەگەڵ ١٠ی مانگی محەڕەم ڕۆژی
شەهید بوونی ئیمام حوسێن.
پەیڕەوانی ئایینی شیعە هەموو ساڵێک لەو
ڕۆژەدا بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ماتەمینی،
یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە.
بەم بۆنەوە لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی
کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی خۆمان
پێشکەش بە هەموو پەیڕەوانی ئایینی شیعە، بە
تایبەت هاونیشتمانانی کوردی شیعەمان لە ئێران
دەکەین.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئایین هێشتا یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکانی هێز بۆ بەرهەڤکردن و هاندانی کۆمەڵگەیە. هەر ئێستا چەندان دەسەڵات لە سەر بنەمای مەزهەب خەریکن وڵات و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و هاوکات ماف و ئازادییەکانی خەڵکی پێ سەرکوت دەکەن. بۆیەش نەدیتن و بازدان بەسەر ئەو بابەتە گرینگەدا بۆ هەر حیزبێکی سیاسی - نەتەوەیی خەسارهەڵگرە.

خەڵکی کوردستان بە سەر ئایین و ئایینزای جیاوازدا دابەش بوون. هەر لە ئایینزاکانی شیعە و سوننەوە تا ئایینی یارسان و ئێزدی و جوولەکە و مەسیحی و... . سروشتییە ڕازیکردنی پێڕەوانی ئەو هەموو ئایینانە بۆ هەر حیزبێکی نەتەوەیی کارێکی چەتوونە. بەتایبەت کە دەبینین ئایینەکان هەمیشە لەگەڵ یەک تەبا نین. جاری وایە یەکتر بە کافر و خوانەناس و دژ بە بەهاکانی خۆیان تاوانبار دەکەن و بەو پێیەش بە خوێنی سەری یەکتر تینوو دەبن.

حیزبی دێموکرات ئەگەرچی حیزبێکی سیکۆلارە و بەردەوام جەخت لەسەر جیایی دین لە سیاسەت و حکوومەتدا دەکا، بەڵام هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، ئایین دەوری خۆی لەو حیزبەدا گێڕاوە. قورئان یەک لەو پیرۆزییانە بوو کە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دەبوو سوێندی وەفاداریی پێ بخۆن. پێشەوای حیزبی دێموکرات و سەرکۆماری کوردستان مەلا و قازیی شەرع

بوو. مەلا و مزگەوت و حوجرەکان لە سەرەتاوە دەوری گرینگ و بەردەوامیان لە دامەزران، بووژانەوە و پەرەگرتنی حیزب و خەباتەکەیدا گێڕا. دواتریش کە حیزب ڕادیۆی دامەزراند، ڕۆژانە بەرنامەکانی بە "چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز" دەستی پێ دەکرد. بەڵام ئەو چەند ئایەتەی قورئان لەنێو ناتەبایی ئایینەکاندا، بۆ حیزب بێ دەردیسەر نەبوو. بێجگە لە ڕەخنەی چەپ و لائیکەکان سەبارەت بە نەفسی دانانی قورئان، سەرەتا لە سۆنگەی ڕەخنەی پێڕەوانی ئایینی یارسان سەبارەت بە گوتنی دەستەواژەی "شەیتانی ڕەجیم"، حیزب ئەو بەشە لە خوێندنەوەکەی لادا. دواتریش کۆتاییهێنانی خوێندنەوەکە بە "صدق الله العظیم" و خۆ پاراستن لە دانانی "صدق الله العلی و العظیم" کە خواست و باوەڕی شیعەکانە، کەوتە سەر جوغرافیای سوننەنشینی مەیدانی تێکۆشان و، بەدەر لە خواست و دەسەڵاتی حیزبەکە، لانیکەم لە ڕوانگەی بەشە شیعەنشینەکەی کوردستان، زیاتر مۆرکی سوننەبوونی لە حیزب و خەباتەکەی دا.

ئەوە کە بۆ حیزبێکی نەتەوەیی تا کوێ دروستە خۆی لەو بابەتە ئایینیانە هەڵقوتێنێ، جێگای ڕاوەستە لەسەر کردنە، بەڵام ساڵانێکە حیزب ئەو نەریتەی بۆخۆی داناوە کە لە بۆنە ئایینییەکاندا پەیامی پیرۆزبایی بۆ پێڕەوانی ئەو ئایینانە دەنێرێ. هەر لە پەیام بە بۆنەی جێژنی سەری ساڵی مەسیحییەوە تا جێژنە گشتییەکانی ئیسلام وەک قوربان و ڕەمەزان یان جێژنەکانی ئایینی یارسان وەک جێژنی خاوەنکار. ئەگەرچی جێژنەکانی قوربان و ڕەمەزان هی سەرجەم موسوڵمانانن بەڵام بەپێی ئەو گرینگایەتییەی کە پێڕەوانی ئایینزای شیعە بۆ تازیەباریی عاشوورا و ڕۆژانی موحەڕەم هەیانە، بێدەنگە لێکردنی حیزب هەم نیشانەی هەڵاواردن و بەهێند نەگرتنی کوردانی باوەڕدار بە ئایینزای شیعە بوو و هەمیش پشتڕاستکردنەوەی ناڕاستەوخۆی تانەی سوننیگەرایی لە حیزب و خەباتەکەی و لە جوغرافیای تێکۆشانی. بۆیەش ناردنی پەیام لە ئاستی هاوخەمی لەگەڵ پێڕەوانی ئەو ئایینزایەدا،

### لە چەند ڕوانگەوە دەتوانێ گرینگ و جێی بایخ بێ:

١- حیزبی دێموکرات حیزبی نەتەوەیی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. حیزبێکی نەتەوەییش پێویستە ڕێز لە بەهاکانی کۆمەڵگەکەی خۆی بگرێ بە بەها ئایینییە جیاواز و جۆراوجۆرەکانیشەوە و بەو بەهایانەشەوە کە هی خەڵکن بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی لە تاران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کەڵکاوەژۆی کردوون.

٢- مادام ڕێبەریی حیزب ناردنی پەیام بۆ بۆنە ئایینییەکانی ئایینەکانی تری لای خۆی کردووە بە نەریت، ناکرێ بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستان و کوردانی نیشتەجێی ناوچەکانی دیکەی ئێران لەو نەریتە بێبەری بکا و بە بێدەنگەکردن لە بەرامبەر گرینگترین بۆنەی ئایینیی کوردانی شیعە، خۆی تووشی سیاسەتی هەڵاواردنی ئایینی بکا.

٣- نایەکسانیی ئایینی و زاڵکردنی ئایینێک بەسەر ئایینەکانی دیکەدا یەک لە سیاسەتە هەرە دزێوەکانی ڕێژیمی ئیسلامی

لە ئێرانە. حیزبی دێموکرات نابێ لە سۆنگەی دژایەتیی ئەو سیستمە تۆتالیتێرەدا کە ئایینزای شیعەی بەسەر ئایینەکانی دیکەدا زاڵ کردووە، تووشی هەمان سیاسەتی نایەکسانیی ئایینی ببێتەوە.

٤- لە پەنا یەکسانیی ئایینەکاندا، ئاسایشی ئایینی و ئەوە کە پێڕەوانی هەموو ئایینەکان بە مەرجی دەستدرێژی نەکردنە سەر ماف و ئازادیەکانی خەڵک و ئایینی دیکە، مافی بەڕێوەبردن و پەرەدان بە ئایینەکەی خۆیان دەبێ هەبێ، بابەتێکە کە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخوازی کۆماری ئیسلامی و لەو نێوەدا حیزبی دێموکرات پێویستە وەک جێگرەوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ بکەن و لە پێناویدا تێبکۆشن.

٥- هاوخەمیکردن لەگەڵ کوردانی شیعە، ئەرخەیانیدان بەو بەشە لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم خەڵکی سەر بە ئایینزای شیعە لە ئێرانە کە دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە بە هیچ جۆر بە مانای دژایەتی لەگەڵ ئەوان و دینەکەیان نییە.

٦- هاوخەمیکردن لەگەڵ شیعەکان ئەستاندنی چەکی شیعەگەری لە ڕێژیمێکە کە بەردەوام هەوڵ دەدا بەو چەکە هەم خۆی بپارێزێ و هەمیش ئازادیخوازان و باوەڕ و ئایینەکانی دیکەی پێ سەرکوت بکا. هەوڵدانە بۆ ئەستاندنەوەی هەموو ئەو ئامرازانەی کە ئەم ڕێژیمە پێی وایە لە پاوانی خۆیدایە و دەبێ هەروا بمێنێتەوە.

لەم نێوەدا پێویستە هەمووان بزانن کە ئایینزای شیعە بەر لەوەی دینی دەسەڵاتی دیکتاتۆری مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی بێ، ئایینی بەشێکی زۆر لە کوردانی نیشتەجێی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هاوخەمی لەگەڵ کوردانی سەر بە ئایینزای شیعە بە بۆنەی عاشوورا و محەڕەم، مینای پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی جێژنەکانی ئایینیەکانی تر، ئەرخەیانیدان بە پێڕەوانی سەرجەم ئایینەکانە کە لە کوردستانێکی ئازاددا هەموان دەتوانن بە مەرجی دەستدرێژی نەکردنە سەر ئەویدی، دین و باوەڕەکانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن، بە بێ ئەوەی دینی خۆیان بەسەر خەڵکی دیکەدا بسەپێنن یان هەوڵ بدەن حکوومەتی پێ بەڕێوە بەرن. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ئەگەر دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، زامنی ئەو پاراستن و دەستدرێژی نەکردنە دەبێ. ئەوەش زۆر جیاوازە لە پێناسە کردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە خەباتی حوسێنی، عومەری یان هەر ئایین و ئایینزایەکی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## چەمەریی شەهیدانی بۆکان



هونەر وێڕای ئەوە کە دەتوانێ پاژێکی گرینگی بەرگری و بەرخودان بێ، پشتیوان و هاندەرێکی بەهێزیشە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەیەک یان چین و توێژێکی ناڕازیی کۆمەڵگە لە حاند زوڵم و زۆر و چەوسانەوەدا. هونەر و ئەدەبی بەرگری لە بەرانبەر هێرش و داگیرکاری، سەرکوت، دیکتاتۆری، پێشێلکرانی ماف یان زەوتکرانی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەدایک دەبێ و خۆی پێشان دەدا. بەرخودانی بەبێ ئەدەب و هونەری بەرگری، بەرخودانێکی سست و بێدەنگە. هونەری بەرگری هاوکات کە قارەمانەتی و ئازایەتییەکان تۆمار دەکا و تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ بەرگری و بەرخودان هان دەدا، کەوشەن و سنوورەکانی بەرخودانیش تا دوورەدەست دەبڕێ و بە گوێی خەڵکی دیکەی دەگەیەنێ.

بۆکان هاوکات کە بە شاری ئەدەب و هونەر ناسراوە، لەو شارانەی کوردستانە کە بە درێژایی سەدساڵی ڕابردوو، هەمیشە وەک سەنگەرێکی کۆڵنەدان لە ڕیزی پێشەوەی بەرخودان و بەرەنگاریی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا ڕاوەستاوە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە هەموو بەژنە بچووک و لاوازەکەی ئەو سەردەمی، شانبەشانی مەهاباد، کانگایەکی خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی بوو. دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی خومەینی و فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستانیش، بۆکان سەرەڕای جوغرافیا نالەبارەکەی، درێژماوەترین بەرخودانی کرد و دوایین شاری کوردستان بوو کە داگیر کرایەوە. بە درێژایی چل ساڵی ڕابردووش، ئەو شارە بەردەوام گۆڕەپانی سەرهەڵدان و خۆپێشاندان بووە. لەوانە خۆپێشاندان و پاشان مانگرتنی چەند ڕۆژەی خەڵکی شار دژ بە کوژرانی چەند کەسی شارەکە بە دەستی جاشێک بە ناوی "سمایلی وەلیە ترک" لە ساڵی

١٣٧٠، خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی دژ بە کوژرانی "سومەییە فەیزوڵڵاپوور" لە ساڵی ١٣٩٨ و پێشەنگایەتی و بەشداریی هەراو لەو ناڕەزایەتییانەدا کە لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات وەک خۆی یان لەگەڵ لایەنەکانی تر بۆ مەحکوومکردنی جنایەتەکانی ڕێژیم بەرەو ڕووی خەڵکی کوردستان کراونەتەوە، تەنیا چەند نموونەی لەسەرپێبوونی بەردەوامی ئەم شارە خەباتکارەن. ئەو ڕۆحی خەبات و بەرخودانەش هەم شوێنی لەسەر هونەرمەندان و ئەدیبانی شار و دەڤەرەکە داناوە و هەمیش کەم و زۆر ئیلهامی لە هونەر و ئەدەبی بەرگری وەرگرتووە. تا ئاستێک کە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، بۆکان بە کانگایەکی دەوڵەمەندی هونەر و ئەدەبی بەرەنگاری و کوردایەتی هەژمار دەکرێ.

بە درێژایی شەش مانگ خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران لە سەرهەڵدانی ژینادا، بۆکان بەردەوام لەسەر شەقام بوو. لاوانی ئەو شارە ڕۆژ نەبوو بە شێوەی جۆراوجۆر نەفرەت و بێزاریی خۆیان بۆ دەسەڵات و سپای داگیرکەر دووپات نەکەنەوە و شەو نەبوو شەقامەکانی شار نەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. بەڵام ئەو خەبات و بەرخودانە بێ تێچوو نەبوو و بۆکان لەو ماوەیەدا لە حاند شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێران زیاترین قوربانیی دا و زیاترین لاوانی خۆی پێشکەش بە ڕێبازی ڕزگاریی کوردستان و بەرابەری و یەکسانیی ئینسانەکان کرد. لەم نێوەشدا ڕۆحی بەخشەندەیی و ئاستی دلۆڤانیی ئەو دایک و باوکانەی ڕۆڵەکانیان گیانیان لە پێناو نیشتماندا بەخت دەکرد، بۆ جیهانیان جێی سەرنج و سەرسوڕمان بوو.

ئەوانەی کە بە دەم خوێندنەوەی شێعر و گۆرانی و سروودەوە تەرمی پیرۆزی ڕۆڵەکانیان بەرەو ئارامگەی هەرمان و تاهەتایی بەڕێ دەکرد.

بە سەر زاری زۆرێک لەوانیش سروود یان شینگێڕییەکی هاوبەش دەبیسترا:

"وەتەن گیان و دڵی دایە
وەتەن دەینت لە ملمایە
سەری بێنرخ و بێ مایە
لە پێناوی وەتەن‌دایە"

ئەمە سەربەند یان یەکێک لە سەربەندەکانی ئەو گۆرانی یان سروودەیە کە باوکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە بۆکان، لە کاتی ناشتنی ڕۆڵەکانیاندا دەیانخوێند، وەک خوێندنەوەی ئەو وێرد و سروودە دەچوو کە ئیماندارێک لە کاتی پێشکەشکردنی قوربانیدا، لە پێش بارەگای خودای خۆیدا دەیخوێنێ. ئەو دایک و باوکانە لە ڕاستیدا بە دەم خوێندنەوەی ئەم سروودەوە، قوربانیی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیان دەکرد و بەم جۆرە شەهیدەکانیان

بە کوردستان و هەرمان دەسپارد.

سروودەکە هەتا ئێستا بە تێکستی جۆراوجۆری پێکهاتوو لە شێعری چەندان شاعیری بەناوبانگی کوردستان گوتراوە و دەگوترێتەوە. شاعیرانێک کە زۆربەی شێعرەکانیان دەکەونە خانەی شێعری بەرگریی نیشتمانی و بەرەنگاریی نەتەوەییەوە.

لەوانە چەند بەیت لە شێعری "ڕەوەز ورد ناکرێ"ی مامۆستا هێمن کە لە پاشەرۆکدا چاپ کراوە:

"زەوی! ئێستاش لەڕووت هەڵدێ بدەی سووڕ؟
نەڕووخای ئاسمانی پیری پشتکووڕ؟
...کە سۆمایی لە چاو باوکان بڕاوە
بەرۆکی پیرەدایکان دادڕاوە
کە کوندی شووم لە گوندی کورد دەخوێنێ
کە گەنجی کورد دەگەوزێنێ دەخوێنێ
...بەناهەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن
شەهیدی بێ سەر و بێشوێن دەنێژن
بەڵام با تێ بگا ئەو دوژمنەی پەست
ڕەوەز ورد ناکرێ هەرگیز بەداردەست
دەبێ کوند هەر بەرەو وێرانە بفڕێ
هەڵۆ لەو کێوە سەربەرزانە نەبڕێ"

یان بەشێک لە شێعری "دەسڕێژی لاوان"ی هەمان شاعیر:

"بڕۆ ڕێوی بەسیەتی چاونەزێری
پەلاماری مەبە بۆ لانی شێری
گوتویانە لە لانێ دەڕپەڕی شێر
هەمووی دوژمن بەزێنە مێ و نێری"

هەروەها چەند دووبەیتی لە شێعری شەریف حوسێنپەناهی، شاعیری بەرەنگاری کە لە دیوانی "ملوانکەی شین"دا چاپ کراوە:

"شەوی تاریکە لێم شێواوە ڕێگا
بەیانی هات و زۆری ماوە ڕێگا
ژیانی من وەکو ئەو شەو وەهایە
بە هەر لادا دەچم بەسراوە ڕێگا
گەڵاڕێزان گوڵی باخانی دا با
بەهاری دیکە دێ ئەم داخە لابا
هەناسەی باخەوانی پیرە دەیگوت
هەزاران خۆزگە ژینی من وەها با
چلەی زستانی کوێستانە کچی کێو
دەپۆشێ بەژن و باڵاکەت بە چارشێو
دەزانم من چ سیحرێکە ئەگەر بێ و
لە درزی پەردەوە دەرخا بزەی لێو
ژیانی لاویی من وێنەی گوڵێ بوو
کە هاتە باغی ژین و هەڵوەری زوو
وەکوو لاولاوی ناکامی بەهاران
خەمێکی نایە داوێنی دڵ و، چوو

بێجگە لە باوک و دایکی شەهیدان و خەڵکانی تێکۆشەر و سەوداسەری ئازادی، چەندان هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناوچەیی و ناسراو سروودەکەیان خوێندووە. سروودێک کە ئێستا ئیدی لای خەڵکی ناوچەکە و لە ئاستی کوردستاندا یەکجار ناسراو و خۆشەویستە. لە کاتی بەرەنگاربوونەوە یان لاواندنەوەی ئازیزانی شەهیدیاندا، سروودێکی سوکنایی‌هێنەرە و ئەوەندە کەوتووەتە سەر زار و دووپات کراوەتەوە کە سنووری ناوچەییەکانی بڕیوە. بەڵام ئاخۆ چ شتێک ئەم سروودەی تا ئەو ڕادەیە خۆشەویست و گشتگیر کردووە کە هێندە لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی تێکۆشەر بەرەوڕوو بێ؟

گۆرانیی وەتەن نە تاکە گۆرانی یان سروودە کە بۆ نیشتمان و وەتەن گوتراوە و نە ڕەنگە خۆشترینیشیان بێ. بەڵام دوو شت ئەو ئاواز و گۆرانییەی لە گۆرانی و سروودەکانی دیکە جیا کردۆتەوە و هەر ئەو دوانەش تایبەتمەندییەکی کەموێنەیان پێداوە. یەکەمیان لەباریی ئاوازی گۆرانییەکەیە کە بۆ شێعر و هۆنراوەی زۆرێک لە شاعیران لەبارە یان گۆرانیبێژان وەهایان خۆش کردووە و ئەوەندە بە شێعر و تێکستی جیاواز وتوویانەتەوە کە سترانبێژ بتوانێ لە گوتنەوەیدا هاوکات هەستی خەمی لەدەستدانی ئازیزان، ڕق و بێزاری لە دوژمن و داگیرکەر، لاواندنەوەی شەهیدان و خۆشەویستی بۆ خاک و وڵات و شەهید ئاوێتەی یەکتر بکا. بە واتایەکی دیکە هەوڵدان بۆ دەربڕینی هەمووی ئەوانە بە یەکەوە کە خواست و هەستی ناخی هەر تێکۆشەرێکی کوردە، وای کردووە کە سروودەکە بە شێعر و هۆنراوەی جیاواز و تێکەڵاو بگوترێ. بەڵام

لەوە گرینگتر، خاڵی دووهەمە کە لە کەسایەتیی دانەری سروود یان گۆرانیەکەدا خۆی دەبینێتەوە و داکەوتنی لە زمان ئەوەوە گۆرانییەکەی لای خەڵک زیاتر واتادار کردووە.

ئەم سروودە وەک زۆر سروود و گۆرانیی شۆڕشگێرانەی دیکە لە ناوچەکە، لە دەنگی نەمر ئیسماعیل عەبباسی (ناسراو بە سمایلاغای چەوگالی)یەوە داکەوت و گشتگیر بوو. ئەو خۆی کەسایەتییەکی قسەخۆش، خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکەی بۆکان، ئەدیب و شێعرناس، دەنگخۆش و ئاوازدانەرێکی شارەزا بوو. ئاواز و گۆرانییشی نەک بە ناوی هونەرمەند و گۆرانیبێژ یان بۆ بەزم و بۆنە بەڵکوو بۆ دەربڕینی هەستی خۆی و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری دەگوت. ئەو لە ڕاستیدا گۆرانیبێژی دڵی خۆی و گەلی خۆی بوو. دوای ئەوەی کە کوڕێکی بە ناوی قادر عەباسی لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە شەڕێکدا لە ئاوایی شاریکەند شەهید بوو، دڵی ئەو وەک دڵی باوکی هەر شەهیدێک، یەکپارچە بوو بە سۆز و ئاگر.

دوای ئەوە بوو کە سمایلاغا و گۆرانییە پڕ لە کوڵ و ماناکانی بوون بە سیمبۆل و سروودی هەموو ئەو باوک و دایکانەی ڕۆڵەکانیان لە پێناو ڕزگاریی نیشتماندا شەهید دەبێ. هەر باوکێک کە ڕۆڵەکەی شەهید بێ، خۆی لە ڕیزی ئەو کاروانە خەمبار بەڵام پڕ لە شانازییەدا دەبینێتەوە کە سمایلاغای چەوگالی چەمەرەخوێن و سروودبێژی بوو. لە کۆڕ و مەجلیسەکانیدا خەڵکانی نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێز لە دەوری کۆ دەبوونەوە و هێز و وورەی نیشتمانپەروەری، نەتەوەپارێزی و پێشمەرگەخۆشەویستییان لە خۆی و لە ئاکاری بەرز و لە گۆرانییەکانی وەردەگرت. خۆ ئەگەر ئەوەشیان بۆ نەلوابا، گۆرانی و سروودەکانی کە لە کۆڕی ماڵاندا دەگوترا و تۆمار دەکرا، بە شریت و ڤیدیۆ دەستاودەست بڵاو دەبۆوە. ئەویش گۆرانییەکانی لە شێعری نەتەوەیی و نیشتمانیی شاعیرانی کورد هەڵدێنجا و پێشکەش بە ئۆگرانی ئەم خاک و نیشتمانەی دەکرد. هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی ناوچەکە زۆر زوو ئەو گۆرانی و سروودە نیشتمانیانەیان لە دەمی ئەو دەقۆستەوە و دەیانگوتەوە. لەوانە گۆرانیی "خاسەکەو"، "کراسێکم بە بەژنی خەم بڕاوم"، "بۆ گەلم شەرتە فیداکاری هەتا مردن بکەم"، "گەڵاڕێزان" و گەلێک گۆرانیی دیکە. لە نێو ئەو گۆرانیانەشدا، گۆرانی یان سروودی "وەتەن" بوو بە سەرچڵی هەموو گۆرانییەکانی و لە زۆربەی کۆڕ و دانیشتنەکاندا داوای لێ دەکرا بیڵێتەوە. لەگەڵ ئەودا هونەرمەندان و دەنگخۆشانی دیکەش گۆرانییەکەیان هیندەی دیکە پەرە پێ دا و گەلێک جار بە بۆنە یان بێ بۆنە دەیانگوتەوە و دەیڵێنەوە. بەم جۆرە "وەتەن" بوو بە گۆرانیی خۆشەویست و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی تێکۆشەری ناوچەکە و لە کوردستاندا دەنگی دایەوە.

باوکانی شەهیدانی شۆڕشی ژیناش لە بۆکان ئەم ڕێچکەیەیان بەرنەدا و تەرمی ڕۆڵە شەهیدەکانیان بە دەم خوێندنەوەی ئەم سروودەوە دەناشت یان لە سێ ڕۆژانە و چلەیاندا بە هەمان سروود یادیان دەکردنەوە و خەمی باوکانە و شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانەی خۆیان بە گوتنەوەی ئەم سروودە لەگەڵ یەک ئاوێتە دەکرد. ئەوان لە ڕاستیدا بە خوێندنەوەی ئەم

سروودە شەهیدەکەیان پێشکەش بە کوردستان دەکرد و شانازیی بوونیان بە ئەندامی ئەو کاروانە پڕ لە شانازییە ڕادەگەیاند کە سمایلاغای باوکی شەهید قادر عەباسی پێشەنگ و سروودخوێنی بوو.

نەمر سمایلاغای چەوگالی کە وەک گوترا هونەرمەندێکی دەسترەنگین و بەسەلیقە بوو، وێڕای ئەوەی تێکستی گۆرانییەکەی لە شێعری شۆڕشگێڕانەی شاعیرانی بە ناوبانگی کورد هەڵدەبژارد، بۆ لاواندنەوەی زیاتر،

مەقامێکیشی لە شێعری شاعیرانی نەتەوەیی لەوانە "قانع" یان "ئاسۆ" نێوئاخنی گۆرانییەکە دەکرد:

"ئەگەر مردم وەتەن لاوانی تۆ خۆش
ئەگەر زاڵم نەما، دەورانی تۆ خۆش
موخەیەر بم لە بەینی تۆ و بەهەشتا
لە جەننەت دوور ئەبم سەیرانی تۆ خۆش
هەموو حۆری موبارەک بێ بە زاهید
لە بۆ من هەر کچ و غیلمانی تۆ خۆش
بە من چی سەیری باخ و قەسری لوبنان
وەتەن سەحرا و کەژ و کێوانی تۆ خۆش
ئەگەر دنیا نەما یەکسەر بەجارێ
وەتەن گەرمیان و هەم کوێستانی تۆ خۆش
ئەگەر خۆ قانعیش ئەمرۆ نەمێنێ
وەتەن، ڕەببی وەتەن خاهانی تۆ خۆش"

بەڵام وەک بڵێی هەموو ئەو شێعرە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەییانە نەیانتوانیبێ کوڵی دڵ و ڕقی پیرۆزی ئەو ئینسانە نیشتمانپەروەرە دامرکێننەوە، بۆخۆیشی چەند سەربەندی شۆڕشگێڕانەی هۆندۆتەوە و ئاوێتەی گۆرانییەکەی کردووە کە هیندەی دیکە سروودەکەیان جوان و واتادار کردووە. لە ڕاستیدا وەک چۆن گۆرانییەکە بە شێعر و هۆنراوەی جیاواز دەگوترێ،

سەربەندی هەر کام لە بەندەکانیشی سەرەڕای وێکچوونیان، جیاواز و تایبەتن:

"وەتەن گیان و دڵی دایە
وەتەن دەینت لە ملمایە

سەری بێنرخ و بێمایە
لە پێناوی وەتەن دایە
وەتەن دێوانەکەی خۆتم
وەتەن من خاکی بەرپێتم
ئەگەر بێتو قەبووڵم کەی
بە دڵ سەربازی سەر ڕێتم
جگەر سووتاوی لاوانی
بە بێ ماڵ و بە بێ جێتم
لە باغی عیشقی میللەتدا
فیداکاری نەکەم شێتم
وەتەن هۆی ژین و ژیوار
وەتەن ئامێز و دڵدار
وەتەن قەوم و کەسوکار
وەتەن بۆت دەمرم ئەمجار"

بە کورتی "وەتەن" هەم چەمەریە و هەم سروود، هەم شینە و هەم قین، هەم خۆشەویستییە و هەم ڕق. پڕە لە شین و خەم بۆ شەهیدان، دارماڵە لە ڕق و تووڕەیی لە داگیرکەر و لێوڕێژە لە سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشتمان و ئاویتەکردنی هەمووی ئەوانە لە کوڵی دڵی داخکراوی هونەرمەندێکەوەیە کە خۆی باوکی شەهیدێکی کوردستانە. سۆزێکی پاک و شۆڕشگێڕانە کە چۆڕاوەی هەستی کۆمەڵێک شاعیری نیشتمانپەروەری کوردە و لە دەنگی هونەرمەندێکی سەوداسەری ئازادییەوە لە دڵی نەتەوەیەکی مافخوراوی مافخواز نیشتووە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی رەزبەری ٢٧٢٣

# سەرەتای کۆتایی هێژمۆنیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



لە ساڵانی کۆتایی سەرکۆماریی ئۆبامادا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپێناو ڕێگری لە تەشەنەکردنی چین، گۆڕانی بەسەر سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێنا. لەم سۆنگەیەدا تا ڕادەیەکی زۆر تەنکەی بە هێزەکانی خۆی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد و قورسایی سەربازیی خۆی بەرەو ئاوەکانی ئۆقیانووسی ئارام و دەریای زەرد گواستەوە. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی یەک لە دوای یەک وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ناوچەکەی گرتەوە و لە زۆرێک لەو وڵاتانی عەرەبیدا دەسەڵاتەکانی ڕووخاند یان ئەو وڵاتانەی تووشی ئاڵۆزی و پشێوی کرد.

هەردووی ئەو ڕووداوانە دەرفەتیان بۆ کۆماری ئیسلامی پێک هێنا کە زیاتر دزە بکاتە نێو وڵاتانی ناوچەکە و لەو ڕێگایەوە هێژمۆنیی خۆی بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بسەپێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەک ئەوەندەی توانی و بواری بۆ لووا هێزەکانی سپای قودسی ڕەوانەی وڵاتانی عێراق و سووریە و لوبنان کرد و هاوکات هێز و گرووپی چەکداری سەر بە خۆی لە وڵاتانی: عێراق، سووریە، لوبنان، فەلەستین، بەحرەین، یەمەن و هتد..دا پێکهێنا یان ئەوەی کە تا ئەو کات هەیبوو، بەهێز و پڕچەکی کردن. بەدرێژایی دە ساڵی ڕابردوو ئێران لەو بۆشاییانە بە قازانجی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش کە لە خومەینی بۆی بە میرات ماوەتەوە و بە ئامانجی سڕینەوەی ئیسرائیل کە لە سەردەمی خامنەییدا پتر کەوتە نێو ڕۆژەڤی سیاسەتەکانی ئەم حکوومەتەوە، کەڵکی وەرگرت.

ترۆپکی ئەو هەوڵانەش لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣دا بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل خۆی نواند. هێرشێک کە جیهانی ڕاتڵەکاند. ڕوون نییە کە ئێران تا چەند بەشداری بڕیاری هێرش و جینایەتەکانی بەرەبەیانیی ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبر بوو، بەڵام لە دنیا ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو چەکدارانە هەم لەلایەن ئێرانەوە بار هێندرابوون و پڕچەک کرابوون و هەمیش هەڵسوکەوتیان سەبارەت بە کوشتن و دەستدرێژی و بە بارمتەگرتنی ژن و منداڵ و پیر و لاوی جوولەکە بەدەر لەو دروشمانە نەبوون کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و لەوانە عەلی خامنەیی گەلێک جار داکۆکییان لەسەر کردوە و تەنانەت زەمانیان بۆ بەدیهاتنی دیاری کردوە؛ سڕینەوەی یەکجاریی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان. ئەوەی لە ٧ی ئۆکتۆبردا هاتە ئاراوە لەڕاستیدا بەشێکی هۆکارەکە ئەو بۆشایی و هەلە لەبارە بوو کە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بۆ ئێران پێکهاتبوو. ئەمریکا ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠١٤ و بەدوای سەرهەڵدانی داعشدا، لەچوارچێوەی بڕیارێکی شووڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەڕایەوە، بەڵام ئەو گەڕانەوەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر تەراتێنی چەکدارەکانی سەر بە سپای قودس دانەنا و بەربەست نەبوو. ڕەوتێک کە دەتوانین بڵێین هەتا ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بەردەوام بوو. بەڵام لەو کاتە بە دواوە ئەمریکا و بە گشتی ڕۆژئاوا تێگەیشتن کە بوون و مانی ئیسرائیل وەک گرینگترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە مەترسیدایە. زانیان کە ئەوانەی سەرانی کۆماری ئیسلامی تا ئەوکات بە قسە دەیانگوت، تەنیا درووشم نەبوون و لە هەر کوێ بۆیان بلوێ دەیخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە. هەر بۆیەش ئەو هاوکارییە ئۆتوماتیک هەڵوەشایەوە. ڕەنگە ئێرانییەکان لە ئەمریکا و ئیسرائیلیش چاکتر هەستیان بە هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێککەوتنە نەنووسراوە کردبوو کە یەکسەر دەستیان بە درۆن و هاژەکبارانی بنکەکانی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا کرد. کردەوەگەلێک کە بە کوشتنی سێ سەربازی سپای ئەمریکا لە ئۆردۆن گەیشتە چڵەپۆپە و ئەمریکاییەکان ناچار بوون زووتر هێز ڕەوانەی ناوچەکە بکەن و خۆیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەیەکی درێژخایەن ئامادە بکەن.

لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمریکای بۆ ناوچەکە گەڕاندەوە و ناچاری کرد کە هێزەکانی لە بەرامبەر ئێراندا سان بدات، نە درۆنبارانی جار بە جار و نە کوژرانی سێ سەرباز، بەڵکو کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبر بوو. بڕیارێک کە بە کوتانی ٨٥ بنکەی سەربازیی میلیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە شەوی ٢ی فێوریەی ٢٠٢٤دا کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەو کردەوەیە پێش ئەوەی لە کوشتنی ژمارەی چەکداری کوژراو یان بنکەی ڕووخاوی هێزەکانی سەر بە ئێراندا چاو لێ بکرێ، بە ئامانجی پاراستنی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا لە ناوچەکە، سەرەتایەکە بۆ کۆتاییهێنان بە تەراتێنی هێزەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت لە هیلالی شیعەدا. لە ڕاستیدا گرینگترین پەیامی ئەو هێرشە ئەوەیە کە ئەمریکا جارێکی دیکە و ئەمجار بە ئامانجی قەمتەرکردنی ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەڕاوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

# جامانە سەروێنی یەکسانی و بەرابەریخوازی




جامانە، جامەدانە، جامەدانێ، جەمەدانە یان ئاغابانوو پارچەیەکی سپیی بە دەزووی ڕەش و هێندێکجاریش بە ڕەنگی دیکەی وەک سوور یان سەوز چندراوە. بە جۆرێک کە پارچەکە ڕەنگی ڕەش و سپی بە خۆوە دەگرێ. تا ئاستێک کە ڕادەی هەردوو ڕەنگ تێیدا یەکسان دەبن و دەبێ سەروێن و وەک پێچ، شەدە، مشکی و.. لەگەڵ کڵاو، لە دەوری سەری دەهاڵێنن و لەسەری دەبەستن.

جامانە وەک ڕەنگ تایبەت بە کورد نییە و لەنێو نەتەوەکانی دەوروبەریش بەتایبەت لەنێو عەرەبدا بەشێوە و ڕەنگی جیاواز، کەم و زۆر دەبیندرێ. دیارە لەنێو کوردیشدا نە ڕەنگەکەی و نە شێوەی بەستنەکەی وەک یەک نییە. لەهێندێک ناوچەدا بەتایبەت لە بارزان و بادینان زیاتر ڕەنگە سوورەکەی باوە لەحاڵێکدا لەناوچە سۆرانی نشینەکاندا ڕەنگە ڕەش و سپییەکەی برەوی زیاتری هەیە.

سەبارەت بە جۆری بەستن یان لەسەرنانی، وەک هەر سەروێنێکی دیکە، پیاوان لە دەوری سەری دەهاڵێنن و ژنان وەک لەچکە لەسەری دەبەستن. لەهێندێک ناوچەدا ڕیشۆڵی وێدەخەن و هێندێکجاریش لەگەڵ شەدە و مشکی تێکەڵی دەکەن.

لەباری مێژووییەوە ڕوون نییە کە جامانە لە کەیەوە لەنێو کورددا داکەوتووە. کۆنترین وێنەگەلێ کەم لەم بارەوە

بەردەستن، وێنەی زێوەری شاعیر (١٨٧٥ - ١٩٤٨) بە تەمەنی پیری و شێخ مەحموودی حەفید (١٨٧٨ - ١٩٦٥) لە نێونجی تەمەنیدایە. بەو پێیەش دەبێ جامانە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لانیکەم لە دەڤەری سلێمانی و دەوروبەردا سەرپۆشێکی باو و جێکەوتوو بووبێ.

سەبارەت بە بنەمای وشەی جامانە و لق و پۆپەکانی دوو بۆچوون هەیە؛ بۆچوونی باو پێیوایە کە جامانە هەمان جامەدانی و ئەویش لە دوو پاژی جامە بە واتای جل و دان یان دانی بەواتای شوێنی هەڵگرتنە کە لەسەر یەک واتای شوێن یان کەرەسەی هەڵگرتنی جامە و جلە. بەڵام بۆچوونێکی دیکە پێی وایە جامانە دەگەڕێتەوە سەر وشەی جەم بەواتای لێک کۆبوونەوە کە وشەیەکی کەوناری ئایینی‌یە بەو جۆرەی لە جەم و جەمخانە و جومعەدا هەیە. ئەوەش بەسەرنجدان بە لێک کۆبوونەوە و یەکتر گرتنەوەی دوو ڕەنگی ناتەبا و دژ بە یەکی ڕەش و سپی وەک نەخشی سەر ئەم پارچەیە. ئەم واتایە بەجۆرێک لە وشەی ئاغابانووشدا هەیە کە لە دوو بەشی ئاغا وەک پیاو و بانوو وەک ژن پێکهاتووە. دوو توخمی نالێک کە لە ڕاستیدا تەواوکەری یەکترن .

لە سەدەی ڕابردوودا، لەگەڵ پەرەگرتنی یەک لە دوای یەکی خەباتی چەکداری لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، جامانە زیاتر وەک سەرپۆشێکی پێشمەرگانە خۆی نواند. بە تایبەتیش کە پیاوان بەشی هەرە سەرەکیی هێزی پێشمەرگەیان پێکدەهێنا، وای کرد کە لە هزر و ڕوانینی خەڵکدا جامانە بە بەشێک لە جلی پیاوانە هەژمار بکرێ. بەڵام ئەو بۆچوونە درووست نییە و جامانە سەرپۆش و هێمای هاوبەشی نێوان ژن و پیاوی کوردە، چونکە؛

١- لە ڕابردوودا هەر دوو جنسی ژن و پیاو ئەم سەرپۆشەیان بەستووە. تایبەتیش نەبووە بەو ژن و پیاوانەی چەکیان لە شان بووە یان تەنیا ئەوانەی پێشمەرگە بوون. لەنێو خەڵکی ئاساییدا بە شێوە بەستنی جیاواز، بۆ هەر دوو ڕەگەز باو و برەوی هەبووە. پیاوان زیاتر وەک سەرپۆش لە سەریان هاڵاندووە و ژنان وەک لەچکە لە سەریان بەستووە. هاوکات هەردوو ڕەگەز لە ملیان هاڵاندووە و تەنانەت هەبووە کە وەک پشتێندیش لە کەمەریان بەستووە.

٢- لە جامانەدا ڕادەی دوو ڕەنگی سپی و ڕەش یان سپی و سوور بەرابەرن. ئەوە دەکرێ وەک هێمایەکی بەرابەریی کۆمەڵگا و بەرابەری لە نێوان دوو ڕەگەزی ژن و پیاو دا سەیر بکرێ.

٣- یەک لە ناوەکانی دیکەی جامانە، ئاغابانوویە کە لەو وشەیەشدا هەر دوو ڕەگەزی پیاو (ئاغا) و ژن (بانوو) حزووریان هەیە.

٤- وشەی جامانە دەکرێ لە جامەدانەوە نەهاتبێ کە لە بنەڕەتیشدا کەمتر بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ بەکار دێ. بەو پێیە وەک باس کرا، جامانە لە ڕەگی جەم بە واتای هێما و نیشانەی جەمبوون و لێک نیزیکبوونەوەی جیاوازیەکان و پەرت و پەرەوازەکان لەگەڵ یەکترە. جەمخانە بە واتای شوێنی کۆبوونەوە بۆ نوێژ و خوێندنی سرووده ئایینیەکان هەتا ئێستاش ناوی پیرۆزترین ماڵی پێڕەوانی ئایینی یارسانە.

٥- دانانی دوو ڕەنگی ڕەش و سپی لە پەنا یەکتر ڕەگی لە باوەڕە مێژووییەکانی کورددا هەیە. ئەم باوەڕە بۆ وێنە لە بیناسازیدا؛ (بورجا بەلەک)، لە ڕستن و چنیندا؛ (بەرماڵ و دووگورد)، لە جلوبەرگ دا؛ (گۆرەویی میرزایی، چۆغەی بەختیاری و کڵاو) و بوارگەلی دیکەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

٦- وشەی "ڕەشبەڵەک" کە بە هەڵپەڕینی هاوبەشی ژن و پیاو، دەستی یەک گرتنی کچ و کوڕ و لە پەنا یەک قەرارگرتنی ژن و پیاو لە گەڕی هەڵپەڕکێدا دەگوترێ، بە واتای لەپاڵ یەکدا بوونی دوو ڕەنگی ڕەش و سپیە. مەبەست لەو دوو ڕەنگەش یەکیان ژن و ئەویدی پیاوە. جامانەش هەڵگری ئەو پێکهاتەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

---

## حیزب وەک سەنتەر، ستراتژیی حیزب وەک سەنتێز



سەردەمی ئێستا، سەردەمی بەئاگاهاتنەوەی هەرچی زیاتری نەتەوە بندەستەکانە. سەردەمی هەوڵدانی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە ژێردەستەکان بۆ سڕینەوەی سێبەری داگیرکاری، گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و بەرابەریی ئەوانیش لەگەڵ گەلانی سەردەست لە ماف و لە بەڕێوەبەریدایە. ئەمە نەک هەر بۆ کورد بەڵکوو بۆ سەرجەم گەلانی ژێردەستەی دنیا هەر وایە. بەڵام گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارەوە چەند هەنگاو لە دەوروبەری خۆی لەپێشترە. بەجۆرێک کە ئەمڕۆ وەک شێلگیرترین و مافخوازترین نەتەوە، پێشەنگی خەباتی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانەی گەلانی سەرانسەری ئێرانە و لە ئاستی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا نەتەوەییترین پاژی کوردستانە. گەلێک کە درێژترین ماوەی خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی خۆی پێواوە بەڵام هێشتا پێیان نەگەیشتووە. لێ ئەوە نەک هەنگاوەکانی پێ شل نەکردووە بەڵکو مکوڕتری کردوە. بە جۆرێک کە ئەم گەلە چ بە حەشیمەت و چ بە جوغرافیا هیچکات هێندەی ئەمڕۆ سەبارەت بە مافەکانی خۆی لەسەر خەت نەبووە و نەهاتۆتە سەر شەقام. ئەوەش نیشانەی هەرە ئاشکرای پێگەیشتوویی نەتەوەییە. نیشانەیەک کە ساڵ لە دوای ساڵ ڕوونتر خۆی بۆ دۆست و دوژمن دەردەخا. ترۆپکی ئەم پێگەیشتوویی نەتەوەییەش سرووشتییە کە لە خواستی سەربەخۆییخوازیدا خۆی دەنوێنێ. خواستێک کە بێگومان لە دڵی هەر تاکێکی ڕزگاریخوازادایە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەگرتووتر دەبێ و پتر کۆمەڵگە دەتەنێتەوە. خواستێک کە ئەگەرچی بە ڕواڵەت لەگەڵ دروشمی ستراتژیی زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش نائێکە بەڵام ئەو حیزبە چ پێ بزانێ و چ پێ نەزانێ، چ پێی خۆش بێ و چ پێی ناخۆش بێ، دەرەنجامی خەباتی نەتەوایەتیی حیزبەکان و لەوانە زیاتر لە

هەشتا ساڵ خەباتی ئەم حیزبە بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی خۆیەتی.

سرووشتییە حیزبێکی شێلگیر لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا و لە وەها دۆخێکدا کە حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی تێدایە، ئەو بوار و بەستێنەی نییە کە وەک تاک یان گروپە بچووکەکان درووشم بەرز بکاتەوە و پێداگری لەسەر خواستێک بکا کە مەیدانی مانۆڕ و تێکۆشانی لێ بەرتەسک بکاتەوە. بەڵام خۆ ناشبێ پەرەگرتنی خواستی سەربەخۆییخوازیی نەتەوەیی خەڵکەکەی نەبینێ یان لەگەڵ خواستە نەتەوەییەکانی خۆی بە ناتەبای بزانێ و بەرهەڵستیان بێتەوە یان خەڵک ناچار بە ئێرانیبوون بکا. بە ئێرانیکردن یان بە ئێرانیهێشتنەوە لە ڕاستیدا ئەرکی هیچ حیزبێکی کوردی یان کوردستانی نییە. ئەوە دەسەڵاتەکانی ناوەند و لایەنە ناوەندگەراکانن کە دەبێ بیر لە چارەیەک بکەنەوە و هەوڵ بدەن دۆخێکی وەها بۆ نەتەوە مافخواز و زۆر لێکراوەکان بخوڵقێنن کە کوردێکی کوردستانی، بلووچێکی بلووچستانی یان عەرەبێکی ئەهوازیش ئەمڕۆ یان لە دوارۆژدا بتوانێ خۆی بە بەشێک لە جوغرافیای ئێران بزانێ.

بەرزبوونەوەی ئاستی خواستە نەتەوەییەکان ئەگەر لەلایەک دەرەنجامی بەردەوامیی ستەمی نەتەوایەتی و داننەنانی دەسەڵاتی داگیرکەر بە مافەکانی خەڵکی کوردستانە، بەشێکی زۆری بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی حیزبە نەتەوەییەکان و لەسەرووی هەمووان حیزبی دێموکراتی کوردستان بە زیاتر لە هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییە. بۆ حیزبێکی نەتەوەیی ئەوە ناتەباییە کە ئەوەی دەیان ساڵە خۆی خەباتی بۆ دەکا، ئێستا بە بەربەستی بزانێ، بەرهەڵستی بێتەوە یان پێی وابێ خەڵک دەبێ تەنیا تا ئاستی ئەوەی ئەو لە بەرنامەکەی خۆیدا پەسندی کردوە، نەتەوەیی بن و لەوە زیاتر خۆی ببێ بە عامیلی سەرکوتی زیاتری خواستە نەتەوەییەکان. حیزب بەو سیاسەتە لە ڕاستیدا بەگژ خۆیدا دەچێتەوە کە سرووشتییە زیانی زۆر گەورەی لێ دەکا.

خواستی سەربەخۆیی نەتەوەیی یان نیشتمانی بۆ حیزبێکی نەتەوەیی لە گوێن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە پێی خوێندنەوەی خۆی لە بارودۆخەکە، هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی ئێراندا مافەکانی نەتەوەکەی دابین بکا، نەک هەر نابێ وەک هەڕەشە چاوی لێ بکا بەڵکوو لە دانیشتن و دانوستانەکانیدا لەگەڵ لایەنە ناوەندگەراکان دەبێ وەک پاڵپشتێکی زۆر بەهێز کەلکی لێ وەرگرێ. هەتا خەڵک لەسەر خواستە نەتەوەییەکانیان مکوڕتر و لێبڕاوانەتر لە مەیداندا بن، ئەم حیزبەش وەک هەر حیزبێکی نەتەوەیی، لە گۆڕەپانی خەباتدا دەنگی دلێرترە. لە وەها دۆخێکدا کاتێ داگیرکەر بزانێ کە سیاسەت و بەرنامەی حیزب نەک هۆکاری "تەجزیە تەڵەبی" نییە بەڵکو کەمتر لەوەشە کە نەتەوەکەی دەیهەوێ، سرووشتییە باشتر سەری خۆی دەخوێنێتەوە و چاکتر قازانج و زیانەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ وەها حیزبێکی بەنفووز لێک دەداتەوە.

لەم نێوەدا سرووشتییە کە سەربەخۆییخوازانیش دەرک بە هەلومەرج و توانایی حیزب و ئەو بارودۆخە دەکەن کە حیزبەکان و گەلەکەیان تێیدایە. بۆیەش دەبینین بە سەدان و ڕەنگە هەزاران تاکی کوردستانی و سەربەخۆییخواز ئەندامی حیزبی دێموکراتن لەحاڵێکدا ئەم حیزبە فۆرمۆلی فیدرالیزم بۆ ئێرانی داهاتوو و بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی نەتەوەکەی پێشنیار دەکا. واتە سەربەخۆییخوازانیش ئەو خوێندنەوەیان قەبووڵە کە ئەم حیزبە لە دۆخ و توانایی خۆی و گەلەکەی هەیەتی و بۆیەش تێیدا ماونەتەوە یان تێیدا دەبن بە ئەندام. لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین سەرەڕای هێندە پەرەگرتنی خواستی سەربەخۆییخوازی لە نێو گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتدا تا ئێستا حیزبێکی سەربەخۆییخواز نەیتوانیوە لەو ئاستەدا سەربەخۆییخوازان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای داکۆکی لە ستراتژی و سیاسەتی پەسندکراوی کۆنگرەکانی خۆی بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەک نابێ بە گژ ڕەوتی سەربەخۆییخوازیدا بچێتەوە بەڵکوو دەبێ ئەوە وەک ئەنجامێکی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی خۆی ببینێ و لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا پێویستە سەربەخۆییخوازی بە ڕەسمی بناسێ و ڕێزی لێ بگرێ. نەک هەر ڕێزی لێ بگرێ بەڵکو وەک دەرفەت سەیری بکا و بیکا بە پاڵپشتی بەرنامەکانی خۆی بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان بەو جۆرەی لە بەرنامەکەیدایە. لە ڕاستیدا حیزب دەبێ خۆی وەک سەنتەرێک بۆ هەمووان و بەرنامەی سیاسی و ستراتژیی خۆی وەک سەنتێزێک لەنێوان گەلێکی مافخواز لەلایەک و دەسەڵات و لایەنی ناوەندگەرای ماف پێشێلکەردا ببینێ و مانۆڕی لەسەر بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری نەورۆزی مەشخەڵانی کوردستان



لەگوێن چەند ساڵی ڕابردوو، ئەمساڵیش نەورۆز لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گڕ و تین بەڕێوە چوو. لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا جامانەکان کەوتنەوە سەما و مەشخەڵەکان هەڵکرانەوە و کوڕان و کچان بە دەوری ئاگری نەورۆزدا هەڵپەڕین؛ بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندی، نەورۆزی ئەمساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان جیاواز و تایبەت کرد. لەوانە بەشداریی هەرچی زیاتری چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، گوڕ و تینی زیاتر لە ساڵانی پێشوو، تەنینەوەی بە زۆربەی گوند و شار و ناوچەکانی کوردستاندا و بەرینتر بوونەوەی هەرچی زیاتری بە پانتایی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت سەرانسەری ئێراندا. ئەم نەورۆزە بە تایبەت لەچاو ساڵی ڕابردوو کە بە سەرکوتی بێبەزەییانەی شۆڕشی ژینا و تا ڕادەیەک دامرکانەوەی ئەو شۆڕشە، نەورۆزێکی خەماوی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هات، هەستانەوەیەکی بەهێز بوو. هەستانەوەیەک کە پێشتر بە کۆبوونەوە و ڕێپێوانی دەیان هەزار کەسی لە سەقز بۆ ناشتنی تەرمی وەرزشوانێک و لە نەغەدە بۆ بەشداری لە ناشتنی تەرمی سێ کەژەوانی ئەو شارە خۆی دەرخستبوو.

نەورۆزی ٢٧٢٤ ئەگەرچی دوای زیاتر لە یەکساڵ بەسەر کۆتایی خۆپێشاندانەکانی بزووتنەوەی ژینادا هات بەڵام لە چەند ڕووەوە دەتوانین وک درێژەی ئەم شۆڕشە ببینین. بزووتنەوەیەک کە لە کوردستانەوە بە هەستێکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە دەستی پێ کرد بەڵام لە ئاستی ئێراندا بە درووشمە سەرەکییەکەی واتە ژن، ژیان، ئازادی ناسرا و پتر دژ بە پێشێلکارییەکانی مافی ژنان وەستایەوە. بەو ڕوانینە لە بزووتنەوەکە، سەرەڕای ئەوە کە دانی ئەو درووشمە و بە

گشتی درووشمدان لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا کەم و دەگمەن بوو، ژنان بەدوور لە حیجابی زۆرەملێ، بەهەراوی لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو بۆنانەدا بەشدار بوون و خواست و ئیرادەی نەتەوەیی و مرۆیی و یەکسانیخوازانەی خۆیانیان تێیاندا نیشان دایەوە. بەشداری لە هەڵگرتنی مەشخەڵ و کردنەوەی ئاگری نەورۆز، هەڵپەڕینیان شانبەشانی پیاوان و کێشانی گەڕی ڕەشبەڵەک، هەڵگرتنی جامانە و پۆشینی جلوبەرگی خاکی و پێشمەرگانە هێما بوون بۆ ئەوەی ژنان هێز و ورە و خواستی یەکسانیخوازانەی خۆیان بەکردەوە نیشانی دەسەڵات و کۆمەڵگە بدەن. نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاری لەڕاستیدا بوارێک بوو بۆ بەکردەوە نیشاندانی ژن لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا و بە کردەیی کردنی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لەلایەن ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کورد لە شار و گوندەکانی سەراسەری کوردستان.

بابەتێکی دیکە کە لە بەڕێوەبردنی بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا بەرچاوە، هاوکاری و هاودڵیی هەرچی زیاتری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە. لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خەڵک بە ڕێزەوە لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە و بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان لەگەڵ یەک هاوفکری دەکەن و بەرنامە دادەڕێژن. لەکاتی بەڕێوەبردنی بەرنامەکاندا بە داب و دەستوور دەچوولێننەوە و شانۆ و نمایشێکی بەکۆمەڵ و هاوئاهەنگ پێشان دەدەن و پێشکەش دەکەن. ئەوەی لەم نێوەدا سەرنجڕاکێشە یەکتر قەبووڵ کردن لەوپەڕی خۆیدایە و هەموان بەچاوی ڕێز سەیری یەکتر دەکەن. دیاردەیەکی ناشیرین کە لە بۆنە و زەماوەندە ئاساییەکاندا زۆر جار خۆی نیشان دەدا، هەڵگیرسانی شەڕ و ئاژاوەیە بەڵام لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمانەدا لە هیچ شوێنێکی کوردستانەوە هەواڵی بچووکترین کێشە و شەڕ لەئارادا نییە. خاتوونێک گێڕایەوە کە پیاوەکان ئەوەندە بە چاوی ڕێزەوە سەیری ژنان دەکەن کە هەمووانت لێ دەبێ بە برا و خۆت بە خوشکی گشتیان دەزانی. یەکدڵی و یەکگرتوویی نەتەوەیی نەک هەر لە چوارچێوەی شار و گوندەکاندا بەڵکو لە ئاستی سەراسەری کوردستانیشدا بەرچاوە. زۆربەی ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمانە تایبەتمەندیی وەک یەکیان هەیە و ئیلهام لە یەکتر وەردەگرن. هەڵچنینی وەک یەکی چیلەی ئاگر، داب و دەستووری وەک یەک بۆ داگیرساندنی ئاگرەکە و تەنانەت پۆشینی جلی هاوشێوە حیکایەتی هاودڵی و هاوپێوەندییەکی نەتەوەیی قووڵ لە سەرانسەری کوردستاندا دەگێڕێتەوە.

لەباری جوغرافیاییەوە کورد لە ئێراندا ڕەنگە هیچکات ئاوا یەکتریان نەخوێندبێتەوە و بۆ یەکتر نەهاتبنە سەر خەت. لە باری ئوستانییەوە نیشانیان دا کە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنووری چوار پارێزگای ورمێ و سنە و کرماشان و ئیلامدا قەتیس نییە. کوردەکان لە خوزستان و هەمەدان و زۆر شوێنی دیکەی دەرەوەی ئەو چوار پارێزگایە بە ئاگری نەورۆز جێژنە پیرۆزەیان نووسی و چوارچێوە جوغرافیاییە ڕاستەقینەکەیان بە ئاگری نەورۆز درەوشاندەوە. نەک هەر لەو چوارچێوە جوغرافیاییەدا بەڵکو کوردەکان لە خۆراسان، لە شیراز، لە تاران و زۆر شوێنی دیکەش بۆنەی هاوشێوەیان وەڕێخست، گەڕی داوەتیان لێ گرت و کوردایەتیی خۆیان نیشان دا. بۆ یەکەم جار لە لوڕستانەوە تا

ماکۆ و لە ئەسەدابادەوە هەتا پاوە، کورد خاوەنایەتیی خۆی بەسەر نەورۆز و بەسەر ئەم جوغرافیایەدا سەلماندەوە. ئاگر، هەڵپەڕکێ، جامانە و جلی خاکی هێما و سەمبولی هاوبەش بوون بۆ پێناسەی نەورۆزی ئەمساڵی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری ئێراندا. ئەوان بەو هێمایانە لە ڕاستیدا جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان سەرلەنوێ کێشایەوە و پانتایی سنوورەکانی کۆماری نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاریی کوردستانیان بۆ هەمووان دەستنیشان کرد.

بابەتێکی دیکەی نەورۆزی ئەمساڵ ڕاوەستانی کوردان لەبەرامبەر زێدەخوازیی شۆڤێنیزمی پانتورکیزم بوو. لەم چەند دەیەی دواییدا پانتورکیزم بە پشتیوانیی دەسەڵاتی مەزهەبیی تاران لە هەموو لایەکەوە هوروژمی هێناوە و لە زۆر شوێنی کوردستاندا هەڕەشە لە بوون و مانی کورد دەکا. نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاریی کوردستان ئەو دەرفەتەی بە کورد دایەوە کە بەربەستێک بۆ ئەو زێدەخوازییە دابنێ و بە هەموو دنیا ڕابگەیەنێ کە بێدەنگیی کورد لە زۆر شوێنی پارێزگای ورمێ و هەمەدان و شوێنەکانی دیکەش نەک بە واتای نەبوون یان بەجێهێشتنی زێدی هەزاران ساڵەی خۆی بەڵکوو دەرەنجامی سەرکوتی سیستماتیکی ئەم نەتەوەیە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەند و دانی ئامرازەکانی سەرکوت بەو ڕەوتە شۆڤێنی و چاوبرسییەیە. سیاسەتێک کە بە داخەوە گەلێک ساڵە دژی کورد پێڕەو دەکرێ. لەم نەورۆزەدا کوردان لە ورمێ و ماکۆ و میاندواو و زۆر شوێنی دیکە بە هەڵکردنی ئاگر و بە سەمای جامانە و بە گەڕی ڕەشبەڵەک کوردستانی بوونی زێد و نیشتمانی خۆیان نەخشاندەوە.

سێکۆلاریزم دیاردەیەکی دیکەی ئەم جێژن و بۆنە نەورۆزییەکانی کوردستانە. لەکاتێکدا بە هاتنی مانگی ڕەمەزان ڕێژیم هەموو ساڵێ هەوڵ دەدا هێژمۆنی و دەسەڵاتی مەزهەبیی خۆی زیاتر بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ، خەڵکی کوردستان بە شیعە و سوننی و یارسانەوە پێمل بەو ئایین و دین سەپاندنە نەبوون و جێژن و شایی و هەڵپەڕینی خۆیان بە دوور لە بێڕێزی بە هیچ ئایین و ئایینزایەک بەڕێوە برد.

ناسێنەی هەرە بەرچاوی بۆنەکانی نەورۆزی مەشخەڵانی کوردستان بەستنی جامانە و پۆشینی جلوبەرگی خاکی وەک هێمای پێشمەرگانە و سەمبولی بەرخۆدانە کە ئەمساڵ بە چڕی خۆی نواند. بە جۆرێک کە بینەر بە دیتنیان زۆر جار خۆی لەنێو گەڕی شایی و هەڵپەڕکێی پێشمەرگەدا هەست پێ دەکرد. بەوەش خەڵکی کوردستان هەوڵیان دا خۆیان وەک بەشێک لە خەباتی کۆڵنەدەرانەی کوردستان نیشان بدەن و ڕێز لە خەباتی شاخ و لە تێکۆشانی پێشمەرگانە بگرن. وێڕای ڕێز لە خەباتی پێشمەرگە هەوڵیان دا نەورۆز و بۆنەکانی نەورۆز بکەن بە مەرهەمێک بۆ سارێژکردنەوەی برینی ئەو بنەماڵانەی ئازیزێکیان لە پێناو ڕزگاریی نیشتماندا لەدەست داوە. لە بۆنەکاندا ئەرکی پێشەنگایەتی بۆ داگیرساندنی ئاگری نەورۆز بە بنەماڵەی شەهید سپێردرا. بەم جۆرە ڕێزیان لە خەبات و تێکۆشانی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان گرت،



سەرچاوە
Serchawe

ڕێبازەکەیان بەرز نرخاندن و خۆیان بە بەشێک لەو ڕێبازە نیشان دا. ترۆپکی ئەم ڕێزگرتنەش لە ڕۆژانی ٩ و ١٠ی خاکەلێوەدا هاتە ئاراوە دوای ئەوەی چالاکانی سیاسیی کورد داوایان کرد بۆ مەحکوومکردنەوەی ئیعدامی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان نێودێر کراوە، بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ڕابگرن. خەڵک بە بە دەم بانگەوازەکەوە هات و ڕێوڕەسمەکان بۆ دوای ئەو دوو ڕۆژە ڕاگیران. وەستانی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بە تایبەت لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا هیندەی سەمای جامانە و پۆشینی جلی خاکی و هەڵکردنی مەشخەڵانی نەورۆز واتادار و هەڵقوڵاوی ئەوپەڕی تێگەیشتوویی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. لەم دوو ڕۆژەدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بە دۆست و دوژمنی سەلماند کە بۆنەکانی نەورۆز بۆ ئەوان کردەوەیەکی نەریتی، لاسایی یان تەنیا بۆ خۆشی و هەڵپەڕین نین بەڵکو ئەوە هەستانەوەی سەرلەنوێی بزووتنەوەیەکی سەرکوتکراوە و و بڕگەیەک لە تێکۆشانی نەتەوەیی نەتەوەیەکی زۆرلێکراوە کە ساڵ لە دوای ساڵ پتر باڵا دەکا و کورد زیاتر لەسەر دابینبوونی مافەکانی پێداگرتر دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ژنانی کورد شێلگیر لە خۆشەلماندندا



لەنێو تاریکی و لە دڵی شەودا، ژنێکی لەچکە بەسەر لە پەنا درەختێکی گڕگرتوودا فرمێسک دەڕێژێ و بانگەواز دەکا. بانگەواز بۆ بەهاناوە چوون و ڕزگارکردنی پاژێک لە لێڕەوارەکانی کوردستان کە خەریکە دەسووتێ و دەبێ بە قەرەبرووت. ئەو تەنیا ژنی بەشدار لە هەڵمەتی خۆبەخشانەی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە نییە. ئەوان کۆمەڵێک لە کچان و ژنانی جوانڕۆن کە ئەگەرچی سەر بە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و تا ڕادەیەک داخراون، بەڵام توانیویانە زنجیرەکانی بنەماڵە، کۆمەڵگە و دەسەڵاتی داسەپاو لە دەست و پێی خۆیان داماڵن و شانبەشانی باوک و برای ژینگەپارێز، بە هانای نیشتمانەوە بچن. ئەم دیمەنە، ڤیدیۆیەکی چەند ساڵ لەوە پێش بیر دەخاتەوە کە دایکێک لە بۆکان ئەوەی لە دەستی هاتبوو بۆ هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ بوومەلەرزەلێدراوانی ئەم ناوچەیەی هێنابوو کە ئێستا لێڕەوارەکانی لە سووتاندان. دایکێک کە هۆن هۆن فرمێسکی بۆ بەختی ڕەشی کوردان هەڵدەوەراند و بانگەوازی بەهاناوە چوونی دەدا...

ئەمانە تەنیا دوو نموونە لە بەشداریی بەرچاو و واتاداری ژنانی کوردن بۆ پارێزگاری لە گەل و لە نیشتمان کە لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام لە پەرە ئەستاندندایە. ئەوان لە ڕاستیدا ڕۆڵی پەرستار بۆ نیشتمانی دایک دەگێڕن کە هەر ڕۆژەی لەلایەکەوە زام هەڵدەگرێ. ئەمانە نیشانەکانی گوڵکردنی ئەو هەستە نەتەوەییەیە کە دەیان ساڵە تێکۆشەرانی کورد بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگانە، بە شێعر و نووسین، بە گوتار و شێوەگەلی تر هەوڵی بۆ دەدەن تا کۆمەڵگەکەیان

وشیار بکەنەوە و تێبگەیەنن. نیشانەکانی قۆناغی گوێزرانەوەی هەست بە نەست و سۆز بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەدا. بەو واتایە کە ماکۆ برینی ئیلام تیمار دەکا و سنە هەوڵی هێورکردنەوەی ئەو برک و ژانە دەدا کە بەر مەهاباد کەوتوە. لەم نێوەدا بەڵام ژنانی کورد ئەرکی قورستریشیان لە کۆڵ ناوە. هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان وەک ژن و هاوکات هەوڵدان بۆ خۆ سەلماندن و دوا نەکەوتن لە پیاوان لە خەباتی نەتەوایەتیدا. ئەوان نیشان دەدەن کە نایانهەوێ چیدی لە ماڵدا لە ژووری پشتەوە دانیشن، لە خەباتدا ڕۆڵی نانکەر و پشتی جەبهەیان پێ بدرێ، لە حیزبدا وەک دیکۆر و جوانکاری بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پیاو بەکار ببردرێن یان لە ڕێکخراوێکی ژنانەدا کۆ بکرێنەوە. گەرەکیانە نیشان بدەن کە لەو خەباتەدا دەتوانن ئەکتەر و ڕێبەری کۆمەڵگە بن و لە ڕیزی پێشەوەدا ڕۆڵ بگێڕن. گەرەکیانە بیسەلمێنن کە لە ئاست بەرزبوونەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردستان لەم چارەگە سەدەیەی سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، بەپێچەوانەی سەدەی بیستەم، لە پیاوان دوا نەکەوتوون. تەنانەت ڕۆڵی هاندەر و پێشەنگ و ڕێبەریش دەگێڕن. ئیدی ژنان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا نایانهەوێ چیدی سەیرکەر یان تەنیا یارمەتیدەر بن بەڵکو گەرەکیانە خۆیان ئەکتەر و تەنانەت پێشەنگیش بن. ڕۆڵێک کە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان دەستەبەریان کردوە. شۆڕشی ژینا دیارترین دەرکەوتەی ئەو هاتنە مەیدانەی ژنانی کوردستان بوو.

لە ڕاستیدا ئەوەی یەکەمجار دروشمی ژن ژیان ئازادیی لە گۆڕستانی قەڵایچیی سەقزەوە بەرز کردەوە و بە گوێی تاران و سەرانسەری جیهانی گەیاند، ژنانی تێکۆشەری کورد خۆیان بوون. گەرچی حاشا لەوە ناکرێ کە پیاوانی تێکۆشەر و یەکسانیخوازیش لەو پەرەگرتنەدا یارمەتیدەر بوون و زۆر زوو درووشمەکەیان بۆ ئەستاندنەوە بەڵام ئەوە تەنیا داهێنانی ژنان لەو خەباتەدا نەبوو. لە درێژەی ئەم سەرهەڵدانە بەرینەدا ئەوان ئەگەرچی ڕەنگە بە ڕێژە کەمتر لە پیاوان بووبن بەڵام گەلێک جار ڕۆڵی پێشەنگ و پێشڕەویان گێڕا. ئەم پێشەنگایەتییەش نەک هەر تەنیا بۆ بابەتی مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان وەک ژن بەڵکو زۆر زوو پەلی بۆ داکۆکی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هاویشت و لە زۆر بواردا ڕچەشکێن بن. بۆ وێنە یەکەم جار ئاڵای کوردستان لەلایەن کچێکی خۆپێشاندەر لە سنە هەڵدرا، کچان بۆ یەکەم جار لە بڵێندگۆی مزگەوتێکی مەهابادەوە بانگەوازی پەیوەستبوون بە خەبات و خۆپێشاندانەکانیان دا. درووشمی ژن، ژیان، ئازادی ئەگەر بۆ یەکەمجار لە زمان ژنانی سەقز و لەکاتی ناشتنی ژینادا کەوتە سەر زاران، لەلایەن کچانی قوتابخانەکانی مەهابادەوە ئاوێتەی پرسی بەگژداچوونەوەی خیانەت بە نەتەوە و نیشتمان کرا و لەگەڵ درووشمی "جاش بەسسە ..." متوربە کرا. درووشمی "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" پێش هەمووان لەلایەن کچانی خوێندکاری پیرانشار بەرز کرایەوە و لەوێوە بوو بە یەکێک لە درووشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان. ڕێگای ئەو ڕێبەرەی کە دەیگوت: "هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر بەشدار بن، بزووتنەوەکەش بەو ڕادەیە سەرکەوتووترە".



سەرچاوە
Serchawe

تابلۆیەکی دیکەی شێوەی دەرکەوتن و خۆنیشاندانی ژنان لە بەشداری و بەڕێوەبردنی پرسە نەتەوەییەکان، لە بۆنەکانی نەورۆزدا خۆی نیشان دەدا. لەو جێگایانەدا کە ژنان شانبەشانی پیاوان لە ئیلامەوە تا ماکۆ، لە هەموو بەشەکانی ڕێوڕەسمەکان بەشداری و ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەیە. بەڵام لێرەدا دیاردەیەکی دیکەش خۆی دەنوێنێ؛ ئەویش پۆشینی جلوبەرگی پیاوانە و لە ڕاستیدا پێشمەرگانەیە لەو بۆنانەدا لەلایەن ژنانەوە. شێوەیەکی دیکەی ئەم دیاردەیە هەروەها بەشداریی بەرچاوی ژنان لە گروپە وەرزشییەکان بە تایبەت لە کەژەوانیدا بەدی دەکرێ وەک وەرزشێک کە لەگەڵ ڕۆحی نەتەوەیی کورد تەبایە و هاوکات پێویستی بە توانایی و بەردەوامیی زۆر هەیە. ئەمانە لە ڕاستیدا هەوڵدانی ژنانی تێکۆشەرە بۆ هەرچی زیاتر خۆسەلماندن و سەقامگیرکردنی جێگە و پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگە و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا.

کۆمەڵگەی کوردستان هەتا ئێستاش کۆمەڵگەیەکی نەریتییە. هێشتا باوەڕ بە ماف و ئازادییەکانی ژن لە کۆمەڵگەدا جێگیر نەبووە. نەک هەر لای خەڵکی ئاسایی، تەنانەت لای زۆرێک لە شۆڕشگێڕانیش ئەو باوەڕە بە تەواوی نەگووراوە. لە خەبات و تێکۆشاندا هێشتا زۆر پیاوی کورد ژن بە هاوشانی خۆی نازانێ. تەنانەت بەشێک لە ژنانیش نەکەوتوونەتە سەر ئەو ڕاستییە کە لە هەوڵ و تێکۆشاندا هیچیان لە پیاو کەمتر نییە. سەرەڕای کۆمەڵگەی نەریتی، ئەوان لەگەڵ ڕێژیمێکی دژە ژن بەناوی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوون کە هێندەی دیکە ژیان و ئازادی لە ژن ئەستاندووە و بووە بە پاڵپشتی ئەو بەشە لە کۆمەڵگە کە دژە ژنە. لە وەها دۆخێکدایە کە وەچەی تازەتری ژنانی کورد شێلگیرانە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییدان و لەو ئەرکەدا هەوڵ دەدەن لە هیچ بوارێکدا لە پیاوان بەدوا نەکەون. نەک هەر بەدوا نەکەون بەڵکوو هەوڵ دەدەن نیشان بدەن و زۆر جار نیشانیان داوە کە دەتوانن پێشەنگ و ڕێبەرێکی زۆر باشی خەباتەکە بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد




**دیارییەک بۆ جێژنی حەفتاونۆ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

لەبەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، حەفتاونۆهەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کتێبی "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد" چاپ و بڵاو کرایەوە.

کتێبەکە وەک لە پێناسەیدا هاتوە؛ خوێندنەوەی شێعرەکانی شاعیری ناسراو و بە ناو و دەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سوارەی ئیلخانیزادە لەژێر تیشکی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لەلایەن نووسەر و هاوکاری "کوردستان" ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەدتاهیر قاسمی نووسراوە و خاتوو شەهلا دەباغی، ژنە چالاکی دیاری نێو خەباتی سیاسی و ئەدەبیی کوردی ڕۆژهەڵات پێیدا چۆتەوە و وەشانخانەی "٤٩ کتێب" چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

سوارە ئیلخانیزادە ئەگەرچی لە بواری نووسینی چیرۆک و بابەتی ئەدەبیشدا گەلێک بەرهەمی بەنرخی لێ بەجێ ماوە، بەڵام ئەو زیاتر وەک شاعیر و یەک لە بناخەدانەرانی شێعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی شێعرەکانی زۆر نین بەڵام "خەوە بەردینە" وەک دیوانی شێعرەکانی کەلێنێکی گرینگی لە مێژووی شێعری کوردی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ کردۆتەوە. ئەو شێعرانەی کە بە بڕوای نووسەری "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد" نیزیک بە



سەرچاوە
Serchawe

تەواویان لەژێر تیشکی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نووسراون و تریفەی تێکۆشانی ئەم حیزبە تا ساڵانی کۆتایی تەمەنی شاعیریش هەروا دەفتەری شێعری ئەویان ڕووناک کردۆتەوە.

پڕانیی شێعرەکانی سوارە بە هۆی بارودۆخی پۆلیسیی سەردەم و دوای ئەوەی شاعیر لە زیندانی حەمەڕەزا شا ڕزگار بوو، لەسەر ڕێبازی ئەدەبیی سەمبۆلیک و بەو پێیەش لە ڕەمز و ڕازدا نووسران. ئەوەش وای کرد کە هەتا ئەم دواییانەش هەموو پەیامەکانی شێعری سوارە بۆ وەچەکانی دوای خۆی بەتەواوی ڕوون و ئاشکرا نەبن. لێکۆڵەر لە ئیعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەددا، هەوڵی داوە بە ناساندنی سەمبۆلەکان و شکاندنی کۆدی وشەکان مەبەست و هەڵوێستی شاعیر لە ساڵ و سەردەمە جیاوازەکاندا بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە و لەم ڕێگایەوە خوێنەری کورد لەگەڵ بیر و هەڵوێستەکانی سوارە ئاشنا بکا.

ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد بە پێشەکییەک لەلایەن نووسەرەوە دەست پێ دەکا کە تێیدا باس لە سەرەتای ئاشنایی خۆی لەگەڵ شێعری سوارە و هۆکار و مەبەستەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە و چۆنییەتیی دەسپێک و بە ئاکام گەیشتنی کراوە. پاشان کورتە مێژوویەکی سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە دەیەی چلی هەتاوی (شەستی زایینی) لەخۆ گرتوە کە زۆربەی هەرە زۆری شێعرەکانی سوارەش هەر لەو دەیەیەدا و لەژێر تیشکی تێکۆشانی ئەو سەردەمی حیزبی دێموکراتدا نووسراون. لەم بەشەدا نووسەر باسی لە تێکۆشان و جموجۆڵە سیاسی و ئەدەبییەکان لە هەردوو بەری دیوی گەرمێن و هەروەها لە زانستگای تاراندا کردوە کە سەنگەرێکی دیکەی خەباتی کوردایەتی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بوو. بە دوای ئەوانەدا نووسەر باسی لە جیهانبینیی سوارە و ڕوانگەی ئەو بۆ کوردایەتی بە گەڕانەوە بۆ نێوەرۆکی بەرهەمەکانی کردوە و لەم بەشەدا بەتایبەتی لە شێعری "بیرەوەریی دووی ڕێبەندان" دواوە. پاشان یەک بە یەک شێعرە بەناوبانگەکانی سوارەی بە پێی مێژوو و بۆنەی نووسینیان هەر لە شێعری "بانگەوازی پەنجەرە" تا "خێڵی درۆ" و سەرەنجام "خەوە بەردینە" و "تۆ دەریامی" لێکداوەتەوە و بە سەرنجدان بە نێوەرۆک و پەیامی ئەو شێعرانە، ڕوونی کردۆتەوە کە هەر کامیان پێوەندی بە کێهە ڕووداوی سیاسی و کام تێکۆشان و جموجۆڵی حیزبەوە هەیە. هاوکات لە ڕێگای ئەم شێعرانەوە پێوەندیی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تاران کە سوارەش یەک لەوان بوو، شی کردۆتەوە.

هەڵبژاردنی ناوی "ئیعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد" وەک ناوی کتێبەکە، لە دێڕێک شێعری بەناوبانگی "خەوە بەردینە" وەرگیراوە کە بە بەرزترین شێعری سوارە هەژمار دەکرێ. نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکە و لە لێکدانەوەی شێعری خەوە بەردینەشدا ڕوونی کردۆتەوە کە خەوە بەردینە حەماسەی دامەزران و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ڕستەی

هەڵبژێردراو بۆ ناوی کتێبەکەش ئاماژە بە دەور و ڕۆڵی پێغەمبەرانەی پێشەوا قازی محەممەد لە دامەزران و دانانی ڕێوشوێنی خەباتی ئەو حیزبە و ڕەوتی تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکا.

"

کوردستان" بەبۆنەی چاپی ئەو کتێبە بەنرخە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە تاهیر قاسمی، ئەندامی دەستەی نووسەرانی خۆی دەکا و هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

## چەخماخەی بزووتنەوەیەک، لە ئایچیی سەقزەوە هەتا ئەوپەڕی دنیا



هەموو شتێک لەو ئێوارە گەرمەی ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی لە ئێزگەی میترۆی حەقانیی شاری تارانەوە دەستی پێ کرد. ئەوکاتەی مەئموورەکانی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی کچێکی کوردی غەریب لەو شارەیان دەستبەسەر کرد و لەتەک ئەو کچانەی بە تۆمەتی بەدحیجابی دەستبەسەر کرابوون، لە ماشێنە وەنەکەیان خزاندن. مەئموورەکان بێبەزەییانە بەرەوڕووی نارەزایەتیی کچە دەستبەسەرەکان دەبوونەوە. لەم نێوەشدا کچە کوردەکە وەک هەر کوردێکی بندەستی ڕێژیمی تاران، توندتر و بێبەزەییانەتر دەکەوتە بەر ئازار و ئەزیەتەوە. بە جۆرێک کە کاتێ لە هۆڵی "وەزرا" کۆیان کردنەوە، لاقی عەرزی نەدەگرت. بەو حاڵەش جەزرەبە و ئازاری ئەو و کچەکانی دیکە هەروا بەردەوام بوو. کچە دەستبەسەرکراوەکان چەند جار مەئموورەکانیان لە دۆخی نالەباری ئەو کچە غەریبە ئاگادار کردەوە، بەڵام گوێیان پێ نەدرا. تا سەرەنجام کچە کوردەکە کەوتە سەر عەرز و لە هۆش چوو. بە بێهۆشی بردیانە نەخۆشخانەی کەسرا لە نیزیک گرتنگەکە و لەوێ بوو کە خەڵک لەڕێی دوکتور و پەرستارەکانی نەخۆشخانەوە لە شوناس و دۆخی نالەباری "مەهسا ئەمینی" ئاگادار کرانەوە.

بەرەبەرە زاندرا کە ئەو ناوی "ژینا" و خەڵکی شاری سەقزی کوردستانە و لە نەخۆشخانە بێهۆش و لە کۆمادایە. سەرەنجام دوای دوو شەو مانەوە لە نەخۆشخانە، گیانی لەبەردا نەما و ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان هەواڵی مەرگی ژینا - مەهسا ئەمینی ڕاگەیەندرا. ئەم هەواڵە وەک بۆمب بە هەموو ئێران و جیهاندا تەقیەوە، بەڵام زیاتر لە هەموو شوێنێک کوردستانی تووڕە



سەرچاوە
Serchawe

و لەسەر پێ ڕاگرت. لە تارانیش پەرستارەکان دژ بەو جینایەتە وەستانەوە و لەگەڵ ژمارەیەک لە یەکسانیخوازان و چالاکانی مافی مرۆڤ لە نەخۆشخانەی کەسرا کۆبوونەوەی نارەزایەتییان وەڕێ خست. ڤیدیۆی نارەزایەتییەکەیان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە دنیادا بڵاو بۆوە. هێزە سەرکوتکەرەکان زۆر زوو دەستیان بە سەرکوتی نارازییان کرد و بڵاوەیان پێ کردن. بنەماڵەی ژینا کە دوای گەیشتنی هەواڵی گیران و کۆمای کچەکەیان خۆیان گەیاندبووە تاران، سەرەنجام ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان توانیان تەرمی کچەکەیان وەربگرنەوە و بۆ ناشتن و تەسلیم بەخاککردنی، بەرەو زێدەکەی، کوردستان و شاری سەقز وەڕێ کەوتن. تەرمی ژینا ئێوارەی ئەو ڕۆژە بە فرۆکە تا تەورێز هێندرا و لەوێوە جەختیان لە بنەماڵەکەی کرد کە بەپەلە بیبەنەوە بۆ سەقز و هەر بەو شەوە بینێژن. بۆ ئەو مەبەستەش وێڕای گوشار و هەڕەشە، دەست بە داوێنی زۆر لە بەرپرسانی حکوومەتی و کەسایەتییەکانی ناوچە بوون؛ بەڵام باوک و بنەماڵەی ژینا تەسلیمی ئەو داوایە نەبوون.

بەیانیی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، لە کاتێکدا هەزاران کەس لە خەڵکی تێکۆشەری سەقز لە گۆڕستانی ئایچیی ئەو شارە کۆ ببوونەوە، تەرمی ژینا بە خوێندنەوەی سروودی "ئەیڕەقیب" بە خاکی کوردستان ئەسپێردرا و کێلەکەی بە خەتێکی خۆش و، بە ڕستەی "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز"، نیشان کرا. خەڵکی توورە و نارازی لە کۆڕی ناشتنی ژینا، تووڕەیی خۆیان بە دانی دروشمگەلی وەک "ژن ژیان ئازادی"، "داگیرکەری ئێرانی قاتڵی ژینامانی"، "هەتا کوردێک بمێنێ کوردستانیش ئەمێنێ" و "مەرگ بۆ جاش و مەرگ بۆ خۆفرۆش" تووڕەیی و بێزاریی خۆیان لە چوار دەیە جنایەت و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەربڕی. دواجاریش بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی شەهیدان" ماڵاوایان لە ژینا کرد. بەڵام ئەو ماڵاواییە نەک کۆتایی بەڵکوو سەرەتایەک بوو بۆ ڕاپەڕین و سەرهەڵدانێکی جەماوەری کە لە مێژووی ئێران و لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا کەم وێنە بوو. سەرهەڵدانێک کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و سەرانسەری ئێرانی گرتەوە، زیاترین حەشیمەت لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران تێیدا بەشدار بوون و بۆ ماوەی شەش مانگ بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوام بوو.

خەڵکی نارازی دوای بڵاوەکردنیان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ژینا، بۆ ماڵەکانیان نەگەڕانەوە و لە شەقامەکانی شاردا درێژەیان بە نارەزایەتی و درووشمدانی خۆیان دا. خۆپێشاندان زۆر زوو لەگەڵ هێرش و دژکردەوەی توندی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم بەرەوروو بوو. ژمارەیەکی زۆر لە خۆپێشاندەران و خەڵکی نارازی بریندار بوون، بەڵام ئەوە خەڵکی وەزاڵەهاتووی نەترساند و لەسەر بەرەنگاربوونەوە مکوڕتری کردن. خۆپێشاندان و نارەزایەتیی خەڵکی سەقز زۆر زوو لەلایەن خەڵکی سنەوە بە درووشمی "سەقز بەتەنیا نییە، سنە پشتیوانیە" پشتیوانی کرا و سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە بۆ مەحکوومکردنی جیناتەتی کۆماری ئیسلامی ڕژانە سەر شەقامەکان.

هاوکات لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانانە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی جینایەتی نوێی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە خەڵکی ناڕازی، مانگرتنی گشتیی لە کوردستان ڕاگەیاند. ڕۆژی ٢٧ی خەرمانان سەرجەم کوردستان شێلگیرانە بەدەم بانگەوازەکەوە هات و شەقامەکانی سەرانسەری شارەکانی کوردستان، تەنانەت ئەو شارانەش کە شاری پێکەوەژیانی کورد و نەتەوەکانی دیکەن، چۆڵ و بازاڕەکان بە تەواوی داخران. بەم جۆرە بازاڕ و کاسبکارانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تەقلی بزووتنەوەی ژینا بوون. ئەوە دەنگدانەوەی زۆر بەرینی لە ئاستی ئێران و جیهاندا لێ کەوتەوە. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە خەڵکی کوردستان لە ماڵەکانیان هاتنە دەر و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان بەرەبەرە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەر لە ئاودانانی ئیلامەوە و تا ماکۆی ورمێی گرتەوە. بەرچاوترینی ئەو ناڕەزایەتییانەش لە دیواندەرە و دێولان بوو. لاوانی ئەو شارانە بە تووڕەیی زۆرەوە ناڕەزایەتیی سەقز و سنەیان درێژە پێدا کە هێزەکانی ڕێژیم بە ئاگر و ئاسن وڵامی خەڵکی ئەو شارەیان دایەوە. یەکەمین شەهیدانی سەرهەڵدانی ژینا لەو ڕۆژەدا شەهید بوون.

خوێندکارانی زانستگای تاران کە لەلایەن خوێندکارە کوردەکانەوە پێشەنگایەتی دەکران، یەکەمین خۆپێشاندانیان بۆ پشتیوانی لەو ناڕەزایەتییانەی کوردستان وەڕێ خست و بۆ یەکەمین جاریش ئەوان بوون کە درووشمی "ژن ژیان ئازادی"یان لە زمان بەشداران و خۆپێشاندەرانی ڕێوڕەسمی ناشتنی ژینا بۆ تاران و بۆ سەر زمانی فارسی و بۆ سەرانسەری ئێران و جیهان گواستەوە. بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانکۆ هەر لە سەرەتای ئەو ناڕەزایەتییانەوە لەگەڵ خوێندکارەکان بوون. بە دوای ئەوەدا خۆپێشاندان بە هەمان درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" شارە گەورەکانی وەک مەشهەد، تەورێز، ئیسفەهان، قەزوێن، کەرەج، ئەراک، نەوشەهر، قۆم، خورماوا، ئەردەبێل، ڕەشت، هەمەدان و چەندان شاری دیکەشی گرتەوە و بەرەبەرە بۆ شار و ناوچە کەمتر ناسراوەکان بە تایبەت بۆ ئەو پارێزگایانەی هی نەتەوە بندەست و ستەملێکراوەکانە، گواسترایەوە. دیارترینی ئەو ناوچانە لە دەرەوەی کوردستان گێلان، سێمیرۆمی ئیسفەهان و ئێزەی خۆزستان بوو.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتییانە، خۆپێشاندانەکان بۆ مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە و پشتیوانی لە خەڵکی نێوخۆ، دەرەوەی وڵاتیشی گرتەوە. ڕۆژی ٩ی ڕەزبەر لە سەد پایتەختی وڵاتانی دنیا خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی بەرین وەڕێ خرا کە ترۆپکی ئەوانە ئاکسیۆنەکەی ڕۆژی ٣٠ی ڕەزبەر لە شاری بێرلین بوو کە دەیان هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد و دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درووشمیان دا. لەگەڵ ئەوەدا شەپۆلی ناڕەزایەتی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پتر باری نێونەتەوەیی و جیهانی بەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیانە دا و بە هەموو دنیادا دەنگی دایەوە. بەجۆرێک کە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتێر هاشتەگی "مەهسا" وەک ناوە فارسی و فەرمییەکەی ژینا ڕێکۆردی جیهانی تۆمار کرد.

لە زۆربەی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکاندا ژنان بە برینی قژ، بە سووتاندنی لەچکەکانیان یان بە دانی درووشم لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەنگاریدا بوون و دەیان ژن بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکەرەکان یان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی ئەواندا گیانیان لێ ئەستێندرا. مینوو مەجیدی لە کرماشان یەکەمین ژن بوو کە لە ئاستی کوردستان و لەو خۆپێشاندانانەدا گیانی بەخت کرد. خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان زۆربەی هەرە زۆری زانستگاکانی ئێرانیشی گرتەوە و زۆر بە بەرینی بۆ قوتابخانە و دەبیرستانەکانیش پەلی هاویشت. تەنیا لە مانگی خەرماناندا نیزیک بە سەد شاری ئێران تێکەڵ بەو نارەزایەتیانە بوون و بێجگە لە کوردستان، ١٧ کەس لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم گیانیان لێ ئەستێندرا. لەم نێوەدا کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە هەروا لە پێشەوەی خۆپێشاندانەکاندا بوو و بۆ بەرەوپێشچوونی شۆرش قوربانیی دەدا. شارەکانی سنە، مەهاباد، شنۆ، بۆکان، جوانرۆ، سەردەشت، دێولان، دیواندەرە، سەقز، کرماشان، ئاودانان، مەریوان، ورمێ، بانە ئیلام، ئاودانان، گێلانی رۆژئاوا، قوروە، بیجار، کامیاران، سەلاسی باوەجانی، تیکاب و قەسری شیرین یەک لە دوای یەک و بۆ پشتیوانی لە شارەکانی تر دەهاتنە سەر شەقام و درووشمی نەتەوەیی و دژ بە رێژیمی کۆماری ئیسلامییان دەگوتەوە. بەجۆرێک کە لەو قۆناغەی سەرەتای بزووتنەوەکەدا ٢٥ خۆپێشاندەری کورد شەهید، نیزیک بە هەزار کەس بریندار و زیاتر لە دوو سەد کەسیش دەستبەسەر کران.

لەم نێوەدا رێژیم بۆ ئەوەی سەرنجەکان بەرەو دەرەوەی سنوور هەڵدێرێ و هاوکات خەڵکی ئێران لە مەترسیی خواستەکانی کورد بترسێنێ و یەکسان بە دابەشبوونی وڵاتی پیشان بدا، رۆژی ٦ی رەزبەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی رۆژهەڵات و بنەماڵەکانیانی لە باشووری کوردستانی دایە بەر رەهێڵەی هاژەک و درۆن. لە ئاکامی ئەو جینایەتەدا دەیان کەس لە ژن و منداڵ و پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم جینایەتە جارێکی دیکە مانگرتنی گشتیی راگەیاند و خەڵکی کوردستانیش بە بەرینیی جاری پێشوو بەپیر بانگەوازەکەوە هاتن. بە دوای ئەوەدا و لە رۆژانی دواتردا خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان بەجۆشتر لە پێشوو درێژەیان کێشا.

درووشمەکانی خۆپێشاندان بەردەوام رادیکاڵتر دەبوون و زیاتر روویان لە عەلی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی دەکرد. بە جۆرێک کە درووشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر و مەرگ بۆ خامنەیی ئەوەندە گوترابوونەوە کە ببوون بە وێردی سەر زاری ورد و درشتی خەڵکی ئێران. لە هەر جێگایەک وێنە و بنێری خامنەیی هەڵواسرابا، دەسووتێندرا و لە هەر کوێ کۆتەڵی قاسم سولەیمانی داندرابا، دەرووخێندرا. هاوکات لە هەموو شارەکان دیاردەی نووسینی درووشم لەسەر دیوارەکان بەشێوەیەکی بەرین پەرەی ئەستاندبوو. خەڵکی وەزاڵەهاتوو رۆژانە لەسەر شەقامەکان خۆپێشاندانیان دەکرد و شەوانە بنکە و بارەگاکانی رێژیمیان دەدایە بەر هێرش. لە کوردستان لە چەندین شاری وەک شنۆ، مەهاباد و بۆکان دەست بەسەر چەند ناوەندێکی دەسەڵاتدا گیرا. لە بەرانبەردا رێژیمیش لە زەبروزەنگ و کوشتاری خەڵک دەستی نەدەپاراست. دەزگا

داپلۆسینەرەکان هێڵی ئینترنێتی خەڵکیان بە تەواوی خاو کردەوە. ئینستاگرام و زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بەست. بە باتووم لە گیانی خەڵک بەر بوون، بە تفەنگی ساچمە سەدان کەسیان بریندار کرد، بیناییان لە خەڵکێکی زۆر ئەستاند. لە کوردستان بۆ وێنە لە شارەکانی جوانڕۆ، سنە و مەهاباد بە چەکی گەرم و تەنانەت بە بیکەیسی و دۆشکە بەرەورووی خۆپێشاندەران بوونەوە. بە جۆرێک کە سەدان کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆ کوشت و بریندار کرد.

لە ئێران مەلاکان وەک هێمایەکی دەسەڵات، لە هەر کوێ خۆیان دەرخستبا، لەلایەن خەڵکەوە دەکەوتنە بەر هێرش و کونەمشکیان لێ دەبوو بە قەیسەری؛ بەڵام مامۆستایانی ئایینیی کوردستان بە ئامادەبوونیان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی شەهیدەکان و تەنانەت بە بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکاندا، زۆر زوو خۆیان لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان ڕێکخست و ڕیزی خۆیان لە مەلاکانی حکوومەتی ئێران جیا کردەوە. ئەوان هەم بە تاک و هەم بە کۆمەڵ ئەرکی نەتەوەیی خۆیان گرتە بەر و پشتیوانییان لە خەڵکی ڕاپەڕیو و داواکانیان ڕاگەیاند. هاوکات بڵیندگۆی مزگەوتەکان بوو بە مینبەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی بزووتنەوە و گەیاندنی دەنگی نارەزایەتیی خەڵک.

هەر لەم دۆخەدا بوو کە جینایەتێکی دیکە ئەمجار لە بلووچستان هاتە ئاراوە. ڕۆژی هەینی ٨ی ڕەزبەر، لە پەراوێزی نوێژی هەینیدا، خەڵکی ناڕازیی بلووچ خۆپێشاندانێکیان بۆ بەردەم فەرماندارییی زاهیدان وەڕێ خست. بەڵام خۆپێشاندانی هێمنانەی بلووچەکان بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی کوردستان و ئێران و دژ بە دەستدرێژیی فەرماندەیەکی هێزی ئینتیزامیی ڕێژیم بۆ سەر کیژۆڵەیەکی بلووچ، لەگەڵ دژکردەوەی توندی چەکدارەکانی ڕێژیم بەرەوروو بۆوە. لە ئەنجامی تەقە و دەسرێژی ئەو هێزانەدا دەیان کەس لە خەڵکی بێتاوانی شاری زاهیدان کەوتنە بەر گوللەی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لەنێو کوژراوەکاندا ژمارەیەک لە مێرمنداڵان و تازەلاوانیش دەبیندران و ئەو ڕۆژە بە هەینیی خوێناوی یان هەینیی ڕەشی زاهیدان لە مێژوودا تۆمار کرا. بلووچەکان دژ بەو جینایەت و کۆمەڵکوژییە هاتنە سەر شەقام و دەستیان دایە خۆپێشاندان. لەو کاتە بە دواوە، نارەزایەتییەکانی ڕۆژانی هەینیی زاهیدان بە ڕێبەریی مەولەوی عەبدولحەمید ئیمام جومعەی ئەو شارە تا ساڵێک دواتریش درێژەیان کێشا.

لە سەرەتای حەفتەی سێهەمی خۆپێشاندانەکاندا نارەزایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرینتر تاران و شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانی گرتەوە. نارەزایەتییەکان بە تایبەت لە زانستگاکانەوە دەستیان پێ کرد کە لە مانگرتندا بوون. هەژدە ڕۆژ دوای مەرگی ژینا، عەلی خامنەیی دوای ونبوون و بێدەنگییەکی درێژخایەن، لەنێو هێزە چەکدارەکاندا دەرکەوت و دژ بە خۆپێشاندەران قسەی کرد و داوای تەمبێکردنیانی کرد کە ئەوە نارەزایەتییەکانی زیاتر کرد. ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر بەشێکی بەرچاو لە بازاڕیانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران تێکەڵ بە نارەزایەتییەکان بوون و دووکان و بازاڕیان داخست. ئەوەش لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لە ئاستی سەراسەریدا هەنگاوێکی دەگمەن و کەموێنە بوو.



سەرچاوە
Serchawe

خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان لە شار و ناوچەیەک زیاتر و لە شار و ناوچەیەکی دیکە کەمتر بەڵام هەر وا بەردەوام و لە پەرەگرتندا بوو کە مەرگی ژینا چل ڕۆژی پڕ کردەوە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بۆ ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەر مانگرتنی گشتی ڕاگەیاند کە بە هەشتەمین مانگرتنی گشتی لەو ماوەیەدا هەژمار دەکرا و لەگەڵ پێشوازیی بەرینی خەڵک بەرەوڕوو بوو. لە سەقز لەکاتێکدا کە جۆرێک حکوومەتی نیزامی هاتبووە ئاراوە و ڕاگەیەندرابوو کە هەموو ڕێگاکانی بەرەو گۆڕستانی ئایچی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە گیراون، بە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بە بۆنەی چلەی مەرگی ژینا کۆ بوونەوە و درووشمی دژ بە ڕێژیم و یەکسانیی کۆمەڵگە و مافی کوردیان بەرز کردەوە. ئەوەش بە گەورەترین کۆبوونەوە و خۆپێشاندان لەو ماوەیەدا دادەنرا. ڕێژیم لەبەرانبەر ئەو حەشیمەتە بەرینەدا دۆش داما و بەکردەوە نەیتوانی بەرهەڵستی خەڵک بێ. ئەو کۆبوونەوەیە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان و لەوە بە دوا بێجگە لە کۆبوونەوەی بەرینی نارەزایەتی و خۆپێشاندان بۆ ناشتنی شەهیدەکان، چلەی شەهیدبوونیشیان بوو بە بۆنەیەکی دیکە بۆ جۆشدانەوەی هەرچی زیاتری ڕاپەڕین. هەر لە چلەی ژینادا خوێندکارانی زۆربەی زانستگاکانی ئێران کۆبوونەوەی بەرینی نارەزایەتییان پێک هێنا و کرێکارانی چەندان ناوچەی پیشەییش مانیان گرت.

ئێوارەی ڕۆژی چلەی ژینا خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئێران دیسان هاتنەوە سەر شەقام و خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان سەرلەنوێ جۆش درانەوە. هاوکات ڕێژیم بە توندی دەستی بە سەرکوتی خۆپێشاندەران کرد. بە جۆرێک کە لە چوار ڕۆژی داهاتوودا لە کوردستان ١٦ کەس شەهید و سەدان کەسیش بریندار بوون. قورسایی شەهید و بریندارەکان لە شارەکانی سنە، مەهاباد، قەسری شیرین. دێولان و بانە بوون. هەر لە درێژەی ئەو خۆپێشاندان و سەرکوتانەدا بوو کە ڕۆژی یەکشەممە ٨ی خەزەڵوەر تازە لاوێکی کەم تەمەن بەناوی کۆمار دەرئۆفتادە لە شاری پیرانشار شەهید بوو. لە کاتی ناشتنی تەرمی کۆماردا، حەسەن دەرئۆفتادە باوکی کۆمار بە دڵی بە خەم و بە چاوی بە گریانەوە، بەڵام وەک شانازییەکی بنەماڵەیی مەرگی کۆرپەکەی پێشکەش بە کوردستان کرد. ئەمەش وەرچەرخانێکی گرینگی لە سەرهەڵدانی ژینادا هێنایە ئاراوە و ئەمجار بنەماڵەکانی شەهیدانی ژینا لە هەموو شار و ناوچەکان بە شانازییەوە خاوەندارەتییان لە مەرگی کۆرپەکانیان دەکرد. هاوکات خەڵک و بەشدارانیش بە درووشمی ""دایە مەگری بۆ ڕۆڵە - شەرت بێ بستێنین تۆڵە" پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو بنەماڵانە ڕادەگەیاند.

ڕۆژی ١٦ی خەزەڵوەر بەبۆنەیساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ١٣٩٨، چالاکان و لایەنە سیاسییەکان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مانگرتنی گشتی و کۆبوونەوەی نارەزایەتییان ڕاگەیاند. خەڵک لە شاری تاران و چەندین شاری دیکەی ئێران و کوردستان پێشوازییان لە بانگەوازەکە کرد. ئەوەش گوڕ و تینی تازەی بە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان دایەوە. ئەم هەنگاوە لە ڕۆژی ٣ی سەرماوەزیشدا بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ بەسەر مەرگی ژینا و دەسپێکی خۆپێشاندانەکان دووپات کرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe

خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی بزووتنەوەی ژینا تا بەرەبەری نەورۆزی ١٤٠٢ی هەتاوی، بۆ ماوەی شەش مانگ بەجۆش و خرۆشەوە لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا بەردەوام بوو. لەو بزووتنەوەیەدا سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەر لە ژنانەوە تا قوتابیان، خوێندکاران، بازاڕیان، مامۆستایانی زانکۆ، مامۆستایانی قوتابخانە، مامۆستایانی ئایینی، کرێکاران، وەرزشکاران، هونەرمەندان، بەندکراوان، نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکان بەشدارییان تێدا کرد و تێچوویان بۆ دا. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەرهەڵدان کاردانەوەی بەرینی لێ کەوتەوە و کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکە تەریک کردەوە. لەوانە پشتیوانی کەسایەتی و لایەنە جۆراوجۆرە جیهانییەکان، ناونانی چەندین شەقام و گۆڕەپانی گرینگ لە شار و پایتەختەکانی جیهان بە ناوی ژینا، هەوڵەکان بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لە پارلمانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، پەسندکرانی یاسای مەهسا لە کۆنگرەی ئەمریکا بۆ سزادانی زیاتری کۆماری ئیسلامی و پشتیوانیی لێبڕاوانەی پارلمانی ئۆرووپا لە بزووتنەوەی ژینا کە بەخشینی خەڵاتی ساخارۆڤ بە بنەماڵەی ژینای لێ کەوتەوە. دوایین کاردانەوەی ئەو بزووتنەوە سەراسەرییە لە خۆپێشاندانی میلیۆنیی ژنانی هیند لە مانگی گەلاوێژی ڕابردوودا بوو کە تێیدا درووشمی "ژن ژیان ئازادی"یان بە زمانی کوردی بەرز کردەوە.

سەرەڕای بەرینبوونەوەی بزووتنەوەی ژینا بە سەرانسەری ئێران و جیهانیشدا بەڵام دانیشتووانی کەڵانشارەکان لەنێوخۆی ئێران بە شێوەی چاوەڕوانکراو و بە هەراوی بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە بزووتنەوەکەدا نەکرد. ئەوەش یەک لە هۆکارەکانی سەر نەکەوتنی شۆڕش بوو. وێڕای ئەوە سەرکوتی زۆر و بێبەزەییانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەلایەک و نەبوونی هێز و ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز بۆ ڕێبەریی خەڵک و وەک جێگرەوەی ڕێژیم، ئاسۆیەکی روونیان لەو خۆپێشاندان و قوربانیدانانە پێشانی خەڵکی خۆپێشاندەر نەدا و بەرەبەرە ئەژنۆی خەڵکیان لە درێژەدان بە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان لەو شێوەیەی کە هەبوو شل کردەوە. لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی خەباتکار بەردەوام بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی نێوخۆ کۆبوونەوەی نارەزایەتی و خۆپێشاندانیان وەڕێ دەخست بەڵام نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی بەهێز، هەوڵی سەڵتەنەتخوازەکان بۆ دەستداگرتن بەسەر خۆپێشاندانەکان کە بەداخەوە هێندێک کەس و لایەنیشیان کێشایە نێو پرۆژە و پیلانەکەی خۆیانەوە، شەقامیان زیاتر دڵسارد و ناهومێد کرد و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوون بە بەشێک لە هێزی سەرکوت و هۆی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی ژینا لەو شکڵ و شێوانەی کە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا بەردەوام بوو. بەڵام دامرکانەوەی خۆپێشاندانەکان کۆتایی بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی نەبوو. سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوەکە بە هەمان نەفەسی ئەو شەش مانگە بەردەوام نەبوو، ترسێکی وەهای خستۆتە دڵی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کە لە هەموو کەس و لایەنێک باشتر دەزانن کە کۆتایی نەهاتووە و ژیلەموی ژێر خۆڵەمێشە. بۆ ئەوەی پێش لە بڵێسە سەندنەوەی بگرن لەو کاتەوە بەردەوام لە دوو ئەهرۆمی سەرکوتی بە ئاشکرا و پاشەکشەی بە خشکەیی کەڵک وەردەگرێ. لەلایەک بە گرتن و ئیعدامی تێکۆشەران گەرەکییەتی خەڵک بترسێنێ و لەلایەکی دیکە لە ئاستی هەرە بەرزدا یاری بە لابردن و هێنانی مۆرەکانی خۆی دەکا تا خەڵکیان پێ سەرقاڵ و سەرگەرم بکا. بەو حاڵەش کۆمەڵگە وەک



سەرچاوە
Serchawe

ڕووبارێک بەردەوام خەریکە ڕێگای نوێ و شێوازی نوێ بۆ خەبات بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیم و گەیشتن بەو ئامانجانە دەدۆزێتەوە کە لە درووشمی ژن ژیان ئازادیدا بەرجەستە کراون.

بەشداری بۆ هەرچی زیاتر بە نەتەوەییکردنی بۆنەکانی نەورۆز، بەشداریی بەرین لە پێشوازی یان بەڕێکردنی قارەمانانی بوارە جۆراوجۆرەکان، ملنەدانی ژنان بە حیجابی زۆرملێ، خۆڕاگری و بەگژداچوونەوەی تێکۆشەران بە تایبەت ژنانی تێکۆشەری نێو زیندانەکان، ڕۆڵی گرینگی بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوە لە زیندووڕاگرتنی یاد و ڕێبازی ڕۆڵە شەهیدەکانیان، خۆپێشاندان و نارەزایەتیی بەردەوامی مامۆستایانی قوتابخانە، کرێکاران، پەرستاران، خانەنشینان، مامۆستایانی ئایینی، هونەرمەندان، خوێندکاران و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتی و تێکۆشانی حیزبە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و مافی مرۆییەکان لە دەرەوەی وڵات بۆ گەیاندنی هەرچی زیاتری پەیام و خواستەکانی ئەو بزووتنەوەیە نیشانەکانی ئاشکرای لەسەرپێبوونی بزووتنەوەیەکن کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی لە گۆڕستانی ئایچیی سەقزەوە چەخماخەی لێ درا و تا ئەوپەڕی دنیای تەنیوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئاتەش



### (بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند کاک برایمی قادری)

شایەر بە گشتی پیاوێکی پێچ قیتی، کەواوپاتۆڵ شەقی، پشتێند قەدی، کەوش بەرقی، سمێڵ ڕەشی، ڕدێن شەش تیخە کە دەسحێبێکی دەنک مامناوەندی نە زۆر درێژی لە دەست دایە و لە نێوەڕاستی گەڕی هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکدا ڕاوەستاوە، بەندان ڕێکدەخا، قامک لە بناگوێیان دەنێ و گۆرانییان دەڵێ. زۆر جار بە هەوای گۆرانییەکەی لەو سەری داوەتەوە بەرەو ئەوسەر لە هاتوچۆدایە و هەر کوڕێک تازە دۆی هاتبێتە دەستی، لێی نیزیک دەبێتەوە، بە بەندان پێیدا هەڵدەڵێ، دڵی خۆشتر دەکا و شاباشی لێ وەردەگرێ.

سەبارەت بە وشەی شایەر بۆچوونێک پێی وایە گۆڕدراوی وشەی شاعیرە و بیروڕای زاڵیش ئەوەیە لە تێکەڵاویی دوو وشەی "شایی گێڕ" پێکهاتووە. شایەران بە گشتی دەوری گرینگیان لە پەرەدان بە فەرهەنگ و هونەر و زمان و بەزم و خۆشیی خەڵکدا گێڕاوە. ئەوان لە زۆر بارەوە مۆدێل و سەرچڵی کۆمەڵگەکەی خۆیان بوون؛ لە شێوەی پۆشینی جلوبەرگ، لە خوڵقاندن و بەکارهێنانی وشە و زمانی ڕەسەنی کوردی، لە پەرەدان بە ئاواز و گۆرانیی نەتەوەیی، لە باسکردن و بڵاوکردنەوەی شتە تازەکان، لە پاراستنی داب و نەریت و فەرهەنگ و لە ڕازاندنەوەی جێژن و خۆشیی خەڵک و زۆر بواری



سەرچاوە Serchawe

دیکەشدا بۆ خەڵک سەرتۆپ و نموونە بوون.

لە سەردەمێکدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و ئەوانە پەیدا نەببوون، شایەران مێدیای بەهێز و زیندووی کۆمەڵگەی خۆیان بوون. وتەیان دەبیسترا و قسەیان برەوی هەبوو. ئەو زەمانەی کە گواستنەوە و هاتوچۆ وەک ئەمڕۆ نەبوو، ئەوان بە هۆی گەڕانی زۆر بە شار و گوند و ناوچەکانی کوردستاندا، لە خەڵکی ئاسایی زۆر زیاتریان دەزانی، شارەزایی زیاتریان لەسەر شوێن و خەڵک و زاراوە جۆراوجۆرەکان هەبوو و پردێکی گرینگی پێوەندیی نێوان شار و ناوچەکانی کوردستان بوون. هەواڵی نیزیکیان بۆ دوور و ڕووداوەکانی دووریان بۆ نیزیک دەهێناوە. بەوەش بێگومان دەورێکی گرینگیان لە هاوپێوەندیی نەتەوەییدا گێڕاوە.

لە بەند و گۆرانیدا باسی ڕووداو و دیاردە و کەسایەتییە بەناوبانگەکانیان دەکرد و بە خەڵکیان دەناساندن. ناو و ناوبانگی کەسانی ئازا و بەتوانا و ناوبەدەرەوەیان بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەکردەوە. ئەگەر ناوی کەسێکیان بە باش هێنابا و پێیاندا هەڵگوتبا، وێڕای دڵخۆشکردنی کەسەکە، دەبوو بە هۆی ناوبانگ دەرکردن و لە ڕاستیدا جۆرێک ڕێکلام و بانگەشە بۆ ئەو کەسە بوو. لەحاڵێکدا هیچ دامەزراوە و دەزگایەک لەپشت هونەر و هونەرمەندانەوە نەبوو، وەک چۆن بە داخەوە ئێستاش هەر نییە، ئەوان کە خۆیان بۆ هونەرەکەیان تەرخان کردبوو، ناچار بوون لە ڕێگای هونەرەکەشیانەوە بژین و وێڕای خزمەت بە خەڵک و بە هونەرەکەیان، نانێکیشی لێ پەیدا بکەن. بەم جۆرە دیاردەی پێداهەڵگوتن و شاباشدان و شاباشوەرگرتن پەیدا بوو.

موکریان لە دێرزەمانەوە ناوچەیەکی بە پیت و بەرەکەت بووە. زەویی هەراو و چەندان چۆم و ڕووباری گەورە و، کانی و ئاوی زۆر هۆکار بوون بۆ ئەوەی کشتوکاڵ لەو دەڤەرە زیاتر پەرە بستێنێ. بەتایبەت ڕەعەمەلهێنانی گەنم هەر لە دێرزەمانەوە لەو هەرێمەدا ڕەمێنی زۆر بووە کە ئەوە هۆکارێکی گرینگی پەرەگرتنی جۆرێک شارستانییەتی مێژوویی لەو ناوچەیە بووە. تا ئاستێک کە باسی گەنمی مانناییی لە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە تەنانەت لە تەوراتیشدا هاتووە. ئەوانە وایان کردوە کە لەو ناوچەیە دێی قەوغا و کەسی دەستڕۆیشتوو پەیدا بن و خەڵکە ئاساییەکەش وەک دەڵێن دەستیان گەیشتۆتە دەمی خۆیان. بەو جۆرە خەڵک توانیویانە لە مەجلیساندا خزمەت بە هونەرمەندان بکەن و لە شایی و زەماوەنداندا شاباش بە شایەران بدەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینین ئەو ناوچەیە لە هونەری هەڵپەڕکێ، لە موزیکی فۆلکلۆر و لە گۆرانیی داوەت و شاییدا ناوچەیەکی یەکجار دەوڵەمەندە. هەر لە سەدەی بیستەمدا ناوی دەیان هونەرمەندی گەورە و دەنگخۆش لەو هەرێمە بەر گوێ دەکەوێ کە بە داخەوە زۆربەیان ئاسەواریان لێ نەماوە بەڵام هونەرمەندانی وەک کاک برایمی قادری چۆڕاوەی ئەو هەموو هونەرمەندە مەزنانەن.

هونەرمەندانی شایی‌گێڕ بە گشتی پیاوان و ژنانی لەبز شیرین، قسەخۆش، بۆشناخ و بە دەستوور بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە ڕازێنەرەوەی مەجلیس و گەڕی داوەت و هەڵپەڕکێ بوون بەڵام لە خۆشی و ناخۆشی، لە شایی و شیندا هاودەم و لەگەڵ خەڵکەکەیان بوون. لە گۆرانی و بەندەکانیاندا زۆر جار بە گڕ دیاردە دزێوەکاندا دەچوونەوە. زۆر دیاردەی باو بەڵام زیانبار، یان بابەتی هەستیار ئەگەر باسکردنیان لە کۆمەڵگەدا تابۆش با، شایەران دەیانتوانی بە شێوەیەکی هونەرمەندانە لە چوارچێوەی بەند و گۆرانیی خۆیاندا تانەیان لێ بدەن یان باسیان بکەن و کەسیش یەخەیان نەگرێ و ڕەخنەیان لێ نەگرێ. ئەوان لەو ڕێگایەوە دەبوون بە دەنگی چەوساوەی خەڵک. بە دەنگی ئەوانەی دەنگیان بە گوێی کەس نەدەگەیی.

لەم نێوەدا دوو توێژ ملۆزم و دژبەری شایەران و بە گشتی هونەرمەندانی نەتەوەیی بوون؛ یەکەم مەلای دەمارگرژی ئایینی و دووهەم خوێندەواری مەیلەو ئاسیمیلەی دەست فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست. یەکەمیان هەموو نرخ و بەها نەتەوەییەکان بە تەرازووی ئایین هەڵدەسەنگێنێ و دووهەمیان بە کیلە و ڕەبەی داگیرکەری دەپێوێ. ئەمانە هەوڵیان دەدا شایەران و هونەرمەندان لە کۆمەڵگەکەی خۆیاندا بێ‌نرخ و سووک بکەن، تانە و توانجیان لێ بدەن و خەڵک هان بدەن تا گاڵتەیان پێ بکەن. بەڵام شایەران کە لە ناخی کۆمەڵگەی خۆیانەوە هەڵدەقوڵان، لەگەڵ خەڵکی خۆیان بوون. تەنانەت لە کاتی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە نەتەوەییەکاندا، ئەوان لە کۆمەڵگەکەی خۆیان دانەدەبڕان. بە سەنگ و توانای خۆیان، بە جەستە یان لە ڕێی هونەرەکەیانەوە بەشدارییان لە شۆڕشدا دەکرد. هونەرمەندانی وەک عەلی خەندان، ڕەسووڵی نادری، برایمی قادری، عەینەدین مەریوانی و زۆر هونەرمەندی دیکە بەشێک لە دوا ئاڵقەی ئەو قافڵە دەوڵەمەندە بوون کە دەزانین لە سەرەتای بەرگریی خەڵکی کوردستان بە دژی جیهادی خومەینی‌دا، هونەرەکەیان نایە خزمەت ئەو خەبات و بەرخودانە نەتەوەییەوە. لەم نێوەدا کاک برایمی قادری ڕەنگە لە هەموویان زیاتری بەر کەوتبێ. ئەو بۆخۆی لە کۆڕی خەباتدا بەشدار و پێشمەرگە بوو، قارەمانێکی شەڕی داشکستان بوو، لەشەڕدا برینی قورسی هەڵگرت، کوڕێکی شەهید بوو، کوڕێکی پێشمەرگە و یەکیشی ئەندامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات بوو کە دوای ئاشکرابوون پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بوو. وێڕای ئەوە کاک برایم بە هونەرەکەشی ڕازێنەرەوەی ڕەزمی خەبات و کۆڕی تێکۆشان بوو. لە نەخۆشخانەی حیزبدا ئێواران پێشمەرگە بریندار و کەم‌ئەندامەکانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە، گۆرانیی بۆ دەگوتن، شایی دەخستە نێو دڵیانەوە و لەو ڕێگایەوە وورەی پێ دەدان.

کاک برایم ساڵی ٢٠١٠ بۆ جاری دووهەم سەردانی دەرەوەی وڵاتی کرد و تەشریفی هاتە فەنلاندیش. من بەهۆی کوڕەکانی کاک میرۆ و کاک ئەمیر کە هاوڕێی حیزبیمانن، بەختی ئەوەم هەبوو لە نیزیکەوە بە خزمەتی بگەم و دیمانەیەکیشم بۆ کوردکاناڵ لەگەڵیدا ئامادە کرد کە هیوادارم لە ئەرشیڤدا مابێ. پیاوێکی ڕێکوپێک، بەڕێز و خۆش‌مەشرەف بوو. کە خۆم پێ ناساند و گوتم خەڵکی ئاوایی "پیروەلی باغ"م، تاوێک ڕاوەستا، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە حەسرەتەوە گوتی؛

"ڕەنگە شێست ساڵ لەوە پێش لەو پیروەلیباغەی تۆوە دەستم پێ کرد، حاجی محێدین ڕەفیقم بوو و بۆ شاییەکەی لێی گێڕابوومەوە و چووم." زۆر بە تەسەلی ئەو بیرەوەرییەی لەبیر مابوو و بۆی گێڕاینەوە. کاک برایم کە دوای ساڵانێک پێشمەرگایەتی و بریندارى گەڕایەوە بۆ مەهاباد، وەک چۆن بە هەڵسوکەوت و هونەرەکەی لە پاراستنی فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەیدا بەردەوام بوو، بە هزر و فکریش هەروا وەفاداری حیزبەکەی و ڕێبازی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی مابۆوە. شانازی بە ڕۆژانی پێشمەرگایەتی خۆی و کوڕەکانیەوە دەکرد. دەیگوت؛ "گەورەترین ئیمتیازی ژیانم کە سەوادی خوێندن و نووسینە لە ژێر سێبەری گەورەی حیزبی دێموکراتدا دەستەبەرم کردوە و ئەوە گەورەترین شانازییە بۆ من". دەیگوت؛ "سەرەڕای ئەو هەموو ساڵە، هەمیشە دڵم لەوێیە و لەکاتی گۆرانی گوتنیشدا کە ئەو ڕۆژانەم وەبیر دێتەوە و دەڵێم "ئاتەش"، مەبەستم هەیە و دەشزانم خەڵک لە مەبەستم دەگەن".

"**ئاتەش**" وشەی باوی سەر زاری کاک برایم بوو لەو کاتەدا کە کۆڕی مۆسیقا گەرم دەبوو یان وەک وشەی هاندان بۆ گەرمکردن و ڕێکخستنی کۆڕی موزیک بەکاری دەبرد. ئەم ڕەمز وشەیە هاوکات باری ڕەزمیی بە بەزم دەدا و لە زەین و بیری بیسەردا بیرهێنەرەوەی هێرش و پەلاماری پێشمەرگە بۆ سەر هێزی داگیرکەر بوو. ئەوەش هەوڵێک بوو لەلایەن هونەرمەندەوە بۆ ئەوەی لەژێر زەبروزەنگی دەسەڵاتی داگیرکەریشدا بە هونەرەکەی خەبات و بەرخۆدان وەبیر گەلەکەی بێنێتەوە .

کاک برایمی قادری سەرەنجام ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٤ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی دواتر لەنێو ئاپۆرای بەرینی خەڵکی کوردستان، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هونەردۆستان، لەحاڵێکدا کوڕان و کچانی نیشتمان بە جامانە و جلوبەرگی نەتەوەییەوە هاتبوون تا بەرەو مەنزڵگەی تاهەتایی بەڕێی بکەن، لە گۆڕستانی هونەرمەندانی شاری مەهاباد بەخاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

یاد و ناو و تێکۆشانی فەرهەنگی و سیاسیی کاک برایمی قادری بە دڵنیاییەوە بۆ هەتاهەتایە لە هزر و یادی گەلەکەیدا بە گەورەیی و نەمری دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی**: **ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٣٧٢٤ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ تاهیر قاسمی بۆ نووسین و ئامادەکردنی  وتارو نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

